نیگایەك بۆ

# فەلسەفەی ئەخلاق

نیگایەك بۆ

# فەلسەفەی ئەخلاق

نووسینی: موسعەب ئەدهەم

# نیگایەك بۆ فەلسەفەی ئەخلاق

لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری زەهاوی
بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی ژمارە (٨٥)

• نووسینی: موسعەب ئەدهەم
• بابەت: وتار و لێکۆڵینەوە
• دیزاین: ڕەوشت محەمەد
• چاپ: یەکەم ـ ٢٠١٩ ـ ناوەندی ڕێنوێن.

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارە (٢٥٥٥)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە.

سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی
www.zahawi.org
ناونیشان: عێراق ـ سلێمانی ـ شەقامی سالم
تەلاری جەمالی حاجی عەلی – نزیک پردی خەسرەوخاڵ
07702422171

## پێشکەشە

بەو مرۆڤانەی ئەخلاقییانە بیردەکەنەوە و ئەخلاقییانە دەژین.

# ناوەرۆك


پێشەكی .......................................................... ٩

ئەخلاق و فەلسەفەی ئەخلاق ..........................................١٣

جوگرافیای هەرێمی ئەخلاق ..........................................٦٢

ئەخلاقناسی و ئایینناسی ..........................................٨٢

ئەخلاق وەك فریادڕەس ..........................................٩٦

سەرچاوەكان: ..........................................١٠٨

# پێشەکی

مرۆڤ و مرۆڤایەتی لە سەردەمی نوێدا، بە گووتەی بیرمەندێك پێویستی و نیـازی بە ئەخلاق وەك حاڵی نەخۆشێکە لە نیوەشەودا زۆر پێویستی بە پزیشك هەیـە، لـە لایەکەوە زۆر نەخۆشە و پێویسـتی بـە چارەسـەرە و لـە لایـەکی تریشـەوە دەسـت ڕاگەیشتنی بە پزیشك لە هەموو کاتێکی تر سەختر و کـەمترە. بۆیـەش مرۆڤایـەتی زیاتر لە هەموو کات پێویسـتی بـە ئـەخلاق و ژیـانی ئەخلاقییانـە هەیـە، بـەجۆرێك خەریکە مرۆڤەکان بەهۆی داهێنـان و بەزانـدنی سـنوورەکانەوە، بەدەسـتی خۆیـان تووشـی گـەورەترین مەترسـی دەبنـەوە تـاکو ئـەو ڕادەیـەی جڵـەویان لـە دەسـتی خۆیاندا نەمێنێت و، ئیدی گەورەترین کارەسات ڕووبەڕووی ببێتەوە.

ئەخلاق ئەو بابەت و کایە گرنگ و مەزنەیە کە گەر نەڵێین تەنها، ئەوا یەکێکە لە مەزنترین و فریادڕەسترینی ئەو کایانەی کە هەمووان بەگشتی لەگەڵیدان و خاڵی هاوبەشی زێڕین و ماناداری هەموو مرۆڤە خاوەن بەها و ئەخلاق دۆستەکانە بۆ ڕزگاربوونی مرۆڤایەتی لەو قەیرانە قوڵەی تێی کەوتووە. هەربۆیە بێ هۆ نییە ئایینە ئاسمانی و زەمینییەکانیش جەخت لەسەر بابەتە باڵا و ئەخلاقییەکان دەکەنەوە و گەلێ تیۆریای ئەخلاقی بەدرێژایی مێژوو هاتوونەتە مەیدان و بوونەتە فریادڕەس و ڕزگاکەر.

ئەرکی ڕۆشنبیران بەگشتی و ڕۆشنبیری کوردییشە جارێکی دی و سەرلەنوێ، لا بـەلای بابـەتێکی مـەزنی وەکـو ئـەخلاق، بـە مانـا قوڵەکـەی بکەنـەوە لـەم دەریـا

بێســـنوورەدا و گەوهـــەر و ڕێســا ئالّتوونییـــەکانی بناســـێننەوە و پێشکەشـــی کۆمەڵگەکەمانی بکەن، کە وەکو هەر کۆمەڵگەیەکی دیکـەی دونیـا، وەك ئۆکسـجین پێویستی پێیـان هەیـە و بـە لاوازبـوون، یـاخود نـەمانی ئـەو گەوهەرانـە، کـە بـەها باڵاکانی ژیـانی تـاك و کۆمەڵگـەی هـەر گـەل و نەتەوەیـەکن، ئـەوا ئـەو کۆمەڵگـە و نەتەوەیە بەرەو لێواری لەناوچوون و تیاچوون دەڕوات.

بابەتـــەکانی نێـــو ئـــەم کتێبـــە لـــە مـــاوەی جیـــاوازدا نووســـراون، کۆنترینیـــان لێکۆڵینەوەیەکی تا ڕادەیەك کورت و گشتگیرە لەمەڕ چەمکی ئەخلاق و فەلسەفەی ئەخلاق، بەڵام بابەتەکانی دیکە زیاتر جەختیان لەسەر چـەمکێك، یـان جوگرافیـای ئەخلاق بەگشتی و ڕۆڵ و پێگەکەی بەتایبەت لە سـەردەمی ئێسـتاماندا کردۆتـەوە، هەروەها ڕێگەی چارەسەر و جۆری ڕوانینی ئێمە بۆ دونیا و ئاسمان و ئایین و مـرۆڤ و تـەکنۆلۆژیا... هتـد دەخاتـە ڕوو، ڕۆشـنبیری کوردیمـان لـەم ڕووەوە بەداخـەوە هەژارە و کاری زیـاتری دەوێـت و ئـەو کەمـە کتێبـە نووسـراو و وەرگێـڕدراوەی کـە هەن، ئەشێ ناوی تەنها لەدەرگادان و بە واڵاکردنی پەنجەرەیەکیان دابنێین، لەمـەڕ چەمکێکی مـەزن و گـەورەی وەکـو ئـەخلاق، کـە هـەم بەدرێـژایی مێـژووی ئـایین و هـــەمیش فەلســـەفە چـــەندین کتێـــب و بـــاس و تیۆریـــای جیـــاواز و جۆراوجۆریـــان خستۆتەڕوو، هەروەها ئەو جیهانە مەزنەیان پیشـان داوە و چـەندین فەیلەسـوفیش تەمەنی خۆیان لەم پێناوەدا داناوە، سەدان قوتابخانەی ئەخلاق و دەیـان چـەمك و کایـەی ئـەخلاقییان ناسـاندووە و کاریـان لەســەر کـردوون و لـە چارەســەرکردن و یارمـــەتی مرۆڤـــەکانیان داوە تـــاکو ســـنووری خۆیـــان بـــزانن و لـــە ســـەر ڕێـــڕەوی ڕاســـتەقینەی خۆیـــان بـــن و ژیاندۆســـتی و ژیـــانی ئەخلاقییانـــەیان پیشـــانداون و دەستگرۆی مرۆڤەکان بوون.

بەو ئومێدەی لەم بابەتە گەرم و گوڕ و مەزنەدا کار بکرێت و تیۆریا و قوتابخانـە ئەخلاقییەکان بناسرێن و ببنە پێوەر و تـەرازووی ژیـانی تاکەکەسـی و کۆمەڵایـەتی

کۆمەڵگەی کوردیمان و چارەسەر و تیماری برینەکانمان بەم دەرمانە ڕۆحی و مەعنەوی و مەعریفییە بکەین، هەم لەسەر ئاستی تاك و هەمیش لەسەر ئاستی کۆمەڵگە. سوپاسی خودا پاشان تۆی خوێنەریش دەکەم کە بە هاندانە هەمیشەییەکانت پشتیوان و هاندەرن، لە هەڵە و ناتەواوی و کرچ و کاڵیش ببورە، چونکە ئەوەی کرابێت ئەنجامانداوە، نەك لەوە زیاتر.

پێویستە سوپاسی بەڕێزان (د. سەباح بەرزنجی) و (د. حوسێن محەمەد) بکەم کە یەکەمیان هاندەر و پاڵپشتی بەردەوام و دووەمیان هۆکاری سەرەکی لەدایکبوونی ئەم بەرهەمەی بەندە بوون، هەروەها سوپاسی (سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری) دەکەم، پاش تاوتوێکردنی، لەنێو لاپەڕە پەرش و شاراوەکانەوە، بەرگی چاپیان بە بەردا کرد و چاپیان کرد.

٨/ ٤/ ٢٠١٩ ـ سلێمانی

# ئەخلاق و فەلسەفەی ئەخلاق

[ وَإِنَّكَ لَعَلى خُلُقٍ عَظِيمٍ ] **القلم: ٤**

---------------

**دوو شت منیان سەرسام کردووە، ئاسمانێکی پڕ ئەستێرە و ویژدانی مرۆڤ.**
**فەیلەسوفی ئەڵمانی "کانت"**

**بەرایی:**

بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، مرۆڤەکان لە هەموو سەردەمەکاندا، پێویستیان بە ئەخلاق هەبووە، ئەگەر لە ڕابردوودا یەکێك لە پێداویستییە بەڵگە نەویستەکانی مرۆڤەکان بووبێت، ئەوا لە سەردەمی نوێدا بەدڵنیاییەوە ئەم پێویستبوونە گەلێگ زیاترە، لەبەرئەوەی لە سەردەمەکانی پێشوودا تاڕادەیەك بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی نوێدا، ژیان سادەتر بووە و وەکو ئەم سەردەمە ئاڵۆز نەبووە، بەڵام ڕۆژگاری ئەمڕۆی مرۆڤایەتی بە چەندین هەوراز و نشێو و ئەزموونی سەختدا تێدەپەڕێت.

دەتوانین تەکنۆلۆژیا و زانست بە دیارترین سیفەتی جوێکەرەوەی سەردەمی نوێ لەگەڵ سەردەمەکانی پێشوو دابنێین، هەربۆیە ئەوە بیرکردنەوەی سادەیە

وابزانین كه مرۆڤەكانی سەردەمی نوێ هەمان بیركردنەوە و ڕوانینیان بۆ ژیان و دەوروبەر هەیە لە هەموو سەردەمەكاندا، هەرگیز بەو جۆرە نییە. پاش هەردوو جەنگی جیهانی یەكەم و دووەم و هاتنی تەكنۆلۆژیا، هەر لە چەكە نوێ و كاولكەرەكان و دۆزینەوەی چەندین داهێنراوی دیكە "وەك فڕۆكە و ئۆتۆمبیل و كۆمپیوتەر و مۆبایل...هتد"، گۆڕانكاریی گەورە بەسەر ژیان و بیركردنەوەی مرۆڤەكاندا هاتووە، گەلێك لە هۆكارەكان بوونەتە ئامانج، بە پێچەوانەشەوە مرۆڤ كە یەكێكە لە گەورەترین بوونەوەر و دروستكراوە ڕێزلێگیراوەكان، لەجیاتی ئامانج و پاراستنی و ڕێزگرتنی، كراوە بە هۆكار و ڕۆژانە بە بەرچاوی خۆمانەوە شاهیدی لەناوچوون و مردنی چەندەها كەس دەبین، كە شتە دەستكردەكانی خودی خۆمان لەنێویان دەبەن و بەبێ ئەوەش بەلای گەلێك لە مرۆڤەكانەوە جێگای گرنگی پێدان بێت، كە بەڕاستی ئەمەش یەكێكە لە گەورەترین كارەساتەكانی سەردەمی نوێ، لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤی ئەم سەردەمە دەستی گەیشتۆتە هەسارەكانی دەرەوەی خۆی، ئەمە لەكاتێكدا ئەگەر چەند سەد ساڵێك ئەم شتانەی كە داهێنراون، بە باسكردنیش جێگەی باوەڕی خەڵكی نەدەبوون، كەچی تووشی چەندین جۆری كارەسات و نەخۆشی و كێشە دەبێتەوە، بەتایبەت كێشە دەروونییەكان، بەبێ ئەوەی توانای چارەسەركردنی گرفتەكانی هەبێت و زۆربەیان بێ چارەسەر ماونەتەوە. هەربۆیە ئەگەر ئەخلاق و ژیانی ئەخلاقییانە بۆ سەردەمەكانی پێش ئێمە گرنگ بوو بێت، ئەوا بۆ ئێمەی سەردەمی نوێ، پێویستتر و گرنگی زیاترە.

سەردەمی نوێ سەردەمی گەورەبوون و ناسینی زیاتری دونیای دەرەوە و بچووكبوونەوەی دونیای مەزنی مرۆڤەكانە، لاوازبوونی جیهانی مەعنەوییەت و بەهێزبوونی جیهانی مادیگەرییە، هاتنە ناوەوەی زێدەتری هۆكارەكانی مژمۆڵ بوونی مرۆڤ و چۆڵبوونی كایە ڕۆحی و دەروونییەكانە لە مەیدانەكەدا تاڕادەی سڕینەوەی هەندێك لەو كایە گرنگانە لە ژیانی هەندێ لە مرۆڤەكانی مۆدێرنە.

لەڕاستیدا هیچ سەردەمێك هێندەی سەردەمی نوێ، مرۆڤەکان لە خۆیان دوورنەکەوتوونەتەوە، وەك مرۆڤناس و کۆمەڵناسی بەناوبانگ (د. عەلی شەریعەتی) دەڵێت: (هیچ کاتێك مرۆڤ هێندەی ئەم سەردەمە بەرامبەر بە دەرەوەی خۆی بەئاگا نەبووە، لەهەمانکاتیشدا بەو هێندەیەش بەرامبەر بە ناسینی خۆی بێتوانا و لاواز نەبووە)، بۆیە تەنانەت زانستی نوێ، مرۆڤەکانی بێئاگاکردووە و ئاگایان لە خودی خۆیان نەماوە و هەنگاوێکی بۆ ئاسوودەبوون و ناسینی خۆیان نەهاویشتووە.

نائومێدی و بێ هیوایی و ڕەشبینی و گومان و بێئاگابوون لە خود لە جیاکەرەوە و تایبەتمەندییەکانی مرۆڤی مۆدێرنەن، ڕێژەی زۆری خۆکوشتن بە بەراورد بە سەردەمەکانی تر و بەکارهێنانی ماددەی بێهۆشکەر و سڕکەرو...هتد، دەرەنجامی ئەو نائومێدی و ڕەشبینییەی مرۆڤن بەرامبەر بە خۆی و دەوروبەری. لەکاتێکدا سەردەمی پێش مۆدێرنە، ئومێد و گەشبینی و خودئاگایی سیفەتەکانی مرۆڤ پێکدەهێنن، ڕەنگە تەنها نووسینی سەدان کتێب و بەرهەمهێنانی دەقە جوان و بەرزەکان شایەدی ئەمە بن. ئەمەو بێجگە لەو هەموو جوانبینین و هاوڕێیەتییەی لەگەڵ خۆیان و سروشتدا هەیانبوو. ئاخر لەم سەردەمەدا مرۆڤ نەك هەر دژی ژینگە و دەوروبەریەتی، ئەو هەموو کاولکارییەی کە ڕوودەدات و (خەریکە ژینگەش کاردانەوەی خۆی دەنوێنێ بەرامبەر بە مرۆڤ)، ئەمەش گوتەی فەیلەسوفە مەعنەوییەتگەرا و مەزنەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوایە، بگرە دژی خودی خۆیەتی و خەریکی لەناوبردنی هاوڕەگەز و هاوجۆرەکانی خۆیەتی.

لێرەوە چەمکە مرۆیی و مەعنەویی و ڕۆحییەکان مانا وەردەگرنەوە، کە نەك هەر پێویستی ئەمڕۆی مرۆڤایەتین، بەڵکو تاکە ڕزگارکەری مرۆڤن لەو قەیرانە ڕۆحی و دەروونییانەی سەراپای دونیایان داگیرکردووە و جیهانی مرۆڤەکانی بەرەو بچووکبوونەوە و وێرانبوونی تەواو دەبات، هەروەها پاش ئەو پێشکەوتنە زۆرانەی

کە دەرکەوتن و عەقڵ جێگای هەموو شتەکانی گرتەوە، ئیدی بە تەواوی دەرکەوت کە زانست و تەکنۆلۆژیا نەك هەر توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی نییە، بەڵکو خوڵقێنەری گەلێك لە گرفتەکانە. بۆیە بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی هەمیشە کۆمەڵێك لە مرۆڤەکان "پێغەمبەران و عاریفان و فەیلەسوفەکان"، دەرکیان کردووە دەبێت بۆشاییەکانی ڕۆحی مرۆڤ بە چەمکە مەعنەوی و ڕۆحییەکان پڕ بکرێنەوە، گەرنا بە هیچ شتێکی دیکە پڕ نابنەوە و ئەمانەش ئەو شتانەن کە شتە بنەڕەتیەکانی بوونی ئێمەن و مرۆڤ ناتوانێت بەرامبەریان خۆی بێئاگا بکات و کاری سەرەکی هەموو ئایینەکان و ئایینی ئیسلامیش پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ڕۆحی و مەعنەوییەیە و چارەسەرکردنی گرفت و کێشە دەروونییەکانە و دروستکردنی مرۆڤی تەواوە بەمانا فراوانەکەی، مرۆڤێك کە بزانێت بۆچی دەژی و ئامانج لە بەدیهاتنی چییە و چ ئەرکێکی لە ئەستۆدایە؟ هەروەها ئاوەدانکردنەوەی زەوی و بەجێهێنانی ئەرکی جێنشین بوونی.

لەمەوە دەردەکەوێت چەمکی ئەخلاق هەمیشە یەکێك بووە لەو کایانەی کە گرنگی تایبەتی خۆی هەبووە لە هەموو سەردەم و کاتەکاندا و جێگای قسەکردنی زانایان و بیرمەندان بووە، ئەمەش وایکردووە بەسەدەها کتێب و پەڕاوی گەورە و قەبە لەسەر ئەم کایە گرنگە بنوسرێت، بێ هۆ نییە گەورەترین کتێبی نووسراوەکان لە سەردەمی کۆن و نوێشدا لەسەر ئەم چەمکەن، بۆیە چەندین بۆچوون و بیردۆز و تیۆری تایبەت بەم چەمکە لەلایەن بیرمەند و فەیلەسوفانی فەلسەفەی ئەخلاق و زانستی ئەخلاقەوە هاتوونەتە کایەوە، چەندین زاناش لە قوتابخانە ئەخلاقییەکاندا کاریان کردووە.

## ئەخلاق چییە؟

ئەخلاق پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە، واتە لە دەرەوەی مرۆڤ کارێك یاخود کردارێك بوونی نییە کە بڕیاری ئەخلاقی بەسەردا جێبەجێ بکرێت. وەك (ئیمامی غەزالی) دەفەرموێت: کردار و ئادابە دەرەکییەکان ناونیشانی ئاداب و کردارە ناوەکییەکانن و جوڵەکانی ئەندامەکانی لەش بەرهەمی بیرن و کردارەکانیش بەرهەمی ئەخلاقن، بۆیە پێش ئەوەی باسی ئەم چەمکە بکەین پێویستە کەمێك باس لە "مرۆڤ" بکەین و حەقیقەتی مرۆڤ بزانین.

## مرۆڤ چییە؟ لە چی پێکهاتووە؟

ئەگەر مرۆڤ گەورەترین دروستکراو بێت و بە عەقڵ و بیرکردنەوەی و دەرك کردن لە بوونەوەرانی دیکە جیا بێتەوە، لەگەڵ هەموو ئەو نهێنی و شاراوەییەی لە ناخ و دەروون و پێکهاتەی ئاڵۆزی مرۆڤدا هەیە، مرۆڤ زانینە بە گوتەی "مەولانای ڕۆمی"، مرۆڤ هەمان ئەو زانستەیە، گیانی ئێمە جگە لە خەبەر هیچی دی نییە، لەبەر ئەوە تاکو بەخەبەر بێت، مرۆڤتر و گیاندارتر دەبێت.

جـــان نباشد جـــز خبر در آزمون
هر کی را افزون خبر، جانش فزون
جـان ما از جــــان حیوان بیشتر
از چە زان رووکـــە فزون دارد خبر

واتە: "گیان شتێکی دی نییە جگە لە هەواڵ و زانین، هەرکەس هەواڵ و زانینی زیاتر بوو گیانی زیاترە، گیانی ئێمەی مرۆڤ لە گیانی ئاژەڵ زیاترە، لەو ڕووەوە کە هەواڵ و زانینی زیاترە". لە شوێنێکی دیکەدا دەڵێت:

ای بـــــرادر تو اندیشەای
مابقی استخوان و ریشەای

"واتە: ئەی هاوڕێ و دۆست تۆ هەموو پێکهاتەت بیرکردنەوە و ئەندێشەیە، ئەوەی کە دەمێنێتەوە ئێسك و پروسکە".

"ئەلیکسس کارڵ" زانایەکی بەناوبانگی فەڕەنسی یە لە بواری پزیشکیدا و خاوەنی دوو خەڵاتی نۆبڵە، کتێبێکی هەیە بەناوی (مرۆڤ بوونەوەرێکی نەناسراو)، لە کتێبە زانستیەکەیدا دەڵێت: مرۆڤ زۆر لەوە ئاڵۆزترە بەئاسانی بناسرێت و تاکو ئێستاش نەناسراوە، لەکاتێکدا ئەم زانایە چەندین ساڵ تەمەنی خۆی لەپێناو مرۆڤ و نەخۆشییەکانی و پزیشکیدا کاری کردووە. هەروەها دەنووسێت:

"پێویستە گرنگی مرۆڤایەتی لە ئامێر و هۆکار و جیهانی بێ گیانەوە بگۆڕێت بۆ لاشەی مرۆڤ و دەروون و ڕۆحی مرۆڤ"[1]. بۆیە مرۆڤ جوانترین وێنا و وێنەی ئەم جیهانەیە، هەموو جیهانی بوون (وجود) دەبێت بێت بۆ سەیرکردنی، جیهان نەبینراوی مرۆڤ (ڕۆح)گەلی زێدەترە لە جیهانی بینراو. ئەوە نییە مرۆڤناس و عاریفی ناودار (مەولانای ڕۆمی) دەڵێت:

**شـــەپۆلی توندی دەریاکانی ڕۆح**

**گـەلێ مەزنتر لە دەریاکانی نووح.[2]**

لە مێژووی جیهاندا مرۆڤ تەنها توخمێکی جێگیر و نەگۆڕە، ئەمەش قسەی بیرمەندی مەزن "علی عیززەت بیگۆڤیچ"[3]ە، دروستکراوەکانی دیکە لە خزمەتیدان، ئەمەش وای کردووە هەم لەلایەن ئایینەوە ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ﴾ ڕێزی لێ بنرێ و هەم لەلایەن دەوروبەری ببێتە سەردار و پادشای دەوروبەری، چونکە ئەوە نییە گۆڕانی دەوروبەر و کۆمەڵگاش هەر بەدەستی مرۆڤە.

---

[1] ـ الإنسان ذلك المجهول، الكسيس كاريل، بيروت– لبنان، الطبعة الأولى، ٢٠٠٣.ص ٣–٥.

٢ ـ گۆڤاری هەژان، ژمارە (١١–١٢)، عیشقنامە، تەحسین حەمە غەریب، ٢٠٠٣، ل٦.

[3]ـ الاسلام بين الشرق والغرب، على عزت بيگوفيچ، ل٢١٧.

کۆمەڵناسی بەناوبانگی ئێرانی (د. عەلی شەریعەتی) دەڵێت: ئەوە نییە خودای گەورە دەفەرموێت: ﴿إِنَّ اللَّهَ لَا يُغَيِّرُ مَا بِقَوْمٍ حَتَّي يُغَيِّرُوا مَا بِأَنفُسِهِمْ﴾[1]. تەنانەت بە پێچەوانەی هەموو بیردۆز و ئایدیا و بۆچوونی زانایان و فەیلەسوفانەوە، هەروەها بەشێك لە قوتابخانە فیکری و فەلسەفییەکانی وەك: ماددیگەرایی (ماتریالیسم) و دیالیکتیك و مارکسیزم، کە باوەڕیان وایە پێشکەوتن و دواکەوتن و سیسبوون و گەشەی کۆمەڵگەکان بە ئاڵۆگۆڕی ئابووری و هۆی بژێوی خەڵکیەوە بەستراوەتەوە، لەگەڵ گۆڕانی کەرەستەی بژێوی و بەرهەمهێنانی ئابووریدا بیروباوەڕیش دەگۆڕێ، بیری نوێ دێتە گۆڕێ (کەچی لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتنە زۆرەی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا مرۆڤەکان زیاتر خەم و پەژارە دایگرتوون و نائومێدی باڵی بەسەر زۆرێك لە مرۆڤەکاندا کێشاوە)، بۆیە گۆڕانی مرۆڤ پەیوەندی بە ماددە و پارە و ماڵ و سامانەوە نییە، بەڵکو گۆڕان پەیوەندی هەیە بە شتە دەروونییەکان و ئەو شتانەی کە بابەتی ڕۆحین، هەروەها پەیوەندی بە مرۆڤەکانەوە هەیە نەك ماددە و کەرەستە بێ گیانەکان. خوای گەورەش دەفەرموێت: گۆڕانی کۆمەڵگە کاری بە بڕوا و بیرە، نەك ئابووری و ماکی ژیان.[2]

دیارە مرۆڤ ئەگەر هەست بەم گەورەییەی خۆی بکات و مەزن بوونی خۆی بۆ دەربکەوێت، سەرداری و گەورەیی هەموو بوونی دەکەوێتە ژێر دەستی ئەو و ژیانێکی بەختەوەرانە و سەربەرزانە و پڕ لە شادی و خۆشگوزەرانی دەست دەکەوێت، بەڵام ئەگەر توانا و ئیرادەی بۆ لایەنی خراپ و لەپێناو شتە بچووکەکانی نەفس و ئارەزوویدا بەکاربهێنێت ئەوە نەك هەر ژیانی خۆی تاڵ دەکات و

[1] – تەفسیری ئاسان، بورهان موحەممەد ئەمین.سورەتی (الرعد، ئایەتی ١١)

[2] –چوار نامیلکە، د.عەلی شەریعەتی، و. هەژار موکریانی، چاپ و پەخشی ئاراس، ٢٠٠٦، ل٢٠٧.

سەرگەردان دەبێت، بەڵکو ژیانی مرۆڤەکانی دیکەش دەخاتە مەترسیەوە، وەك ئەو هەموو کاولکارییەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕوویداوە هەر لە شەڕە گەورەکانەوە تاکو ئێستا کە ئەو هەموو پێشکەوتنە زانستی و تەکنۆلۆژیە هەیە، لەجیاتی بەکارهێنانی بۆ سوودی مرۆڤەکان، کەچی لە دژی خودی مرۆڤەکان بەکاردێتەوە، نموونەی چەك و تەقەمەنی و تەکنۆلۆژیای پێشکەوتووەکان، کەواتە هەر ئەوە نییە مرۆڤ ئەگەر هەست بە گەورەیی و مرۆڤبوونی خۆی نەکات ئیدی زیانی نییە، وەکو ئاژەڵەکان، نەخێر هەرگیز بەو جۆرە نییە، ئاژەڵەکان ئەگەر سوودیان نەبێت ناتوانن زیانیان هەبێت، چونکە ئیرادە و توانای وەك مرۆڤیان نییە، بەڵام مرۆڤ دەتوانێ خودی خۆشی لەناوبەرێت، بۆیە خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا لە وەسفی بێباوەڕاندا دەفەرموێت: ﴿لَهُمْ قُلُوبٌ لَّا يَفْقَهُونَ بِهَا وَلَهُمْ أَعْيُنٌ لَّا يُبْصِرُونَ بِهَا وَلَهُمْ آذَانٌ لَّا يَسْمَعُونَ بِهَا أُولَئِك كالْأَنْعَامِ بَلْ هُمْ أَضَلُّ أُولَئِك هُمُ الْغَافِلُونَ﴾ (الأعراف: ١٧٩)، واتە: ئەوانە دەزگای دڵیان هەیە کەچی حەقی پێ تێناگەن، چاویشیان هەیە، کەچی حەقی پێ نابینن، گوێیان هەیە کەچی حەقی پێ نابیستن، ئا ئەوانە وەکو ئاژەڵ وان (لە شوێنکەوتنی ئارەزوودا)، بەڵکو ئەوان وێڵتریشن، ئەوانە هەر غافڵ و بێئاگان لە حەق و ڕاستی.

زاناکانی فیزیا دەڵێن: لەم سەردەمەدا هێندە وزەی گەردیلەیی و ناوەکی دروستکراوە، کە ئەگەر بەکاربهێنرێت نەك هەر نیوەی دونیا وێران دەکات، بەڵکو دەتوانێت چەندین هەسارەی وەك ئەم ئەستێرەیەی کە لەسەری دەژین وێرانی بکات، هەمووشی دەستکردی مرۆڤەکانە، بۆیە لەم سەردەمەدا زیاتر پێویستمان بە ناسینی خۆمان هەیە لەچاو سەردەمەکانی پێشوودا، ئەمەش بۆچی دەگەڕێتەوە؟ لەڕاستیدا لەبەرئەوەیە بە وتەی زانایەك مرۆڤ هیچ سەردەمێك هێندەی ئەم

سەردەمە تێیدا دەژین، زانیاری بەرامبەر بە دەرەوەی خۆی نەبووە، وەك ئەو هەموو دۆزینەوە گەورانەی کە هەن (کارەبا و کۆمپیوتەر و ئامێرەکانی گەیاندن و...هتد)، بەڵام هیچ سەردەمێکیش هێندەی ئەم سەردەمە مرۆڤ خۆی ون نەکردووە و بێئاگانەبووە بەرامبەر بە خۆی، کەواتە زۆر پێویستە خۆمان بناسین و پاشان دەوروبەرمان، بۆ ئەوەی بزانین وەڵامی پرسیارەکانی بۆچی دەژین؟ بۆ کوێ دەڕۆین؟ بدەینەوە، بە بەکارهێنانی بەخششە گەورەکەی خودا، عەقڵ و پەیامە پیرۆزەکەی، تاکو شادومانانە و خۆشگوزەرانانە و بەختەوەرانە ژیانێك بەسەربەرین شایستە و مانادار بێت.

## ڕەگ و ڕیشەی چەمك و زاراوەی ئەخلاق:

- ئەخلاق واتە: ڕەوشت، ئاکار، ڕەفتار، هەڵسوکەوت.[١]

لە خلق یان خلق واتە: خوو، چاك یان خراپەوە، هاتووە.

- لە زمانی فارسیشدا: خُلق: خو، طبع، عادەت، اخلاق جمع خُلق.[٢]

بەزمانی ئینگلیزیش: ئەخلاق بەمانای ethical یان ethic واتە ڕەوشت و ئاکار.[٣]

– لە فەرهەنگی فەلسەفیدا بەم شێوەیەیە:

Morality: ناوە، واتە ڕەوشتی، یان ئەخلاقی: واتە هەموو ئەو شتانەی پەیوەندییان بە ڕەوشتەوە هەیە، وەکو ویژدان و ئاکار، یان بڕیاری ڕەوشتی، بەرامبەر ئەمەش ناڕەوشتی، یان نائەخلاقییە Immorality.[٤]

ـ لە فەرهەنگی ئینگلیزی Oxfordدا بەم شێوەیە پێناسەی کراوە:[٥]

Moral؛ About Right and wrong, connected with principles of what is right and wrong behave our.

ڕەفتار و ئاکار و ئەخلاق: واتە، دەربارەی چاك و خراپ، ئەو بنەمایانەی پەیوەندیان بە ڕەوشتەوە هەیە، کە ئایا ڕاست یان هەڵە، چییە؟

– لە فەرهەنگی Longman دا و لە لاپەڕە ٨٢٦دا هەر دوو وشەی Moral Ethic بەکار هاتوون[٦].

---

١– فەرهەنگی دەریا، ڕزگار کەریم، لا١٢٧.

٢– فەرهنگی فارسی عمید، تألیف، حسن عمید، تهران، ١٣٨١، ص٦٠٦.

٣ –فەرهەنگی ئۆکسفۆرد. (ئینگلیزی–کوردی)، سەلام ناوخۆش، لا ١٦٢–١٦٣.

٤ –فەرهەنگی فەلسەفی، ئا: محد چیا، چاپی سێهەم، مەهارەت– تهران، ٢٠٠٦.لا ١١٠.

5- Oxford Advanced Learner's Dictionary of Current English, As Hornby, sixth edtion,since 1379.p924

6–Longman Dictionary of Contemporary English third edi.1978-1995.

Moral; following the standards of behave our considered acceptable and right by most people. P.727

واتە: ئەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتە گونجاو و ڕاستانەن لای زۆربەی خەڵکی، واتە لای زۆربەی خەڵکی، گونجاو و ڕاستن.

لە زمانە ئەوروپییەکاندا دوو زاراوە هەیە کە بە هاوتا و هاوواتای ئەخلاق دەژمێردرێن، ئەوانیش:

١–Ethic کە لە Ethos وە هاتووە.

٢-Moral لاتینییە و لە Morosوە هاتووە و هەردووکیشیان واتە: خووەکانی ئەخلاق[1].

Moral– مەبەست لە خوڕەوشتی خودی مرۆڤە، کە ئەخلاقییە، یان نائەخلاقی و Ethics مەبەست لە توێژینەوەی ڕێکخستنی ئەخلاقییە وەکو زانست.

**پێناسەی ئەخلاق:**

دیارە پێناسەیەکی تەواو و یەك شت، بوونی نییە، بەڵام ژمارەیەکی زۆر پێناسە هەن لەوبارەیەوە، لەوانە: گرنگترین و بەناوبانگترینیان، هی نووسەری موسوڵمان (احمد بن محمد بن مسکویە)یە لە بواری ئەخلاقدا[2]. ئەم نووسەرە مەزنە بەم شێوەیە پێناسەی (خُلق) دەکات لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناونیشانی "تهذیب الأخلاق وتطهیر الأعراق"

"الخلق: حال للنفس داعیة لها إلى افصالها من غیر فکر ولا رؤیة وهذه الحال تنقسم إلى قسمین:

١ـ إما یکون طبیعیا – واتە سروشتی و فیتری، کار و کردار و ئاکاری سروشتی.

---

١ –گۆڤاری هەژان، ژمارە ١٦، لا ١٦٦.

٢ – أخلاق در فلسفەای إسلامی، ڕۆژنامەی (همشهری)، ژمارە ٣٧٣٠، ساڵی سیانزەهەم، ٢٠٠٥.

٢ـ إما يكون مستنبطا بالعادة والتدريب: واته ژینگەییە و مرۆڤ بەخۆ پەیڕەوکردنیان فێریان دەبێت.[1]

الأخلاق: يشير غالبا إلى الإرث المشترك للقيم الكلية الكونيية التى تطبق على أفعال البشر.

الأخلاقية Ethique: غالبا ما تستعمل من أجل أن تدل على ميدان أضيق هو ميدان أعمال المتصلة بالحياة الإنسانية.[2]

Morale: ئەو فەرمان و قەدەغەکراوانەن کە لەنێو کۆمەڵگەدا ڕاگەێنراون و تایبەتن لە سەردەم و کاتێکی دیاریکراودا.

Ethique بریتییە لەو زانستەی سەیری بڕیاری بەهاکان دەکات، کە پەیوەندییان بە کردارەکانەوە هەیە، چاك، یاخود خراپ بن.[3]

– لە (منهاج المسلم)دا بەم شێوەیە پێناسە کراوە:

لە کتێبی (الأخلاق الإسلامية)دا پێناسەی هاتووە:

ـ الخلق صفه مستقرة في النفس فطرية أو مكتسبة، ذات آثار في السلوك محمودا أو مذموما[4]. واتە: ئاکار و خوو سیفەتێکی جێگیرە لە دەروونندا، فیتریی یان بەدەستهاتووە و کاریگەری چاکە یان خراپ.

– د.عبدالكريم زەیدان بە پشتبەستن بە تێڕوانینی ئیمامی (غەزالی) ئەخلاق پێناسە دەکات:

---

١– تهذيب الأخلاق وتطهير الأعراق، لالي على احمد بن محمد بن يعقوب (المسكويه) بيروت–لبنان، ص٥١، ١٩٧٦.

١٥ الفلسفة الاخلاقية، مونيك كانتو– روفين ادجيان، ترجمة د.جورج زيناتى، ص٩.

٣–سؤال عن الأخلاق، د. طه عبدالرحمن، الدار البيضاء– بيروت – لبنان، الطبعة الثالثة، ص ١٧، ٢٠٠٦.

٤– الأخلاق الإسلامية وكسبها.عبدالرحمن حسن حبنكه الميداني، الجزء الأول،١٩٨٧.ص١٠.

بەوەی کە بریتییە: لە کۆمەڵێ واتا و سیفەت دامەزراو لە دەروونداو لە ژێر تیشکی ئەوانەوە[1] کارەکەی مرۆڤ بە چاك یان خراپ دەزانرێ و پاشان دەکرێ یان خۆ لێ لادەدرێ.

– "ئەرستۆ"ش ئەخلاق بە سیاسەتی دەروون و پەروەردەکردن (تهذیب) وەسف دەکات، بە شێوەیەك کە ئەو دەروونە ببێ بە خاوەنی ئەو فەزیلەتە مرۆییانەی کە مرۆڤی خاوەن فیترەتی پاك ئامانجیەتی بەدەستی بهێنێ[2]. ئیبن عەرەبی بۆچوونی وایە کە ئەخلاق هەندێکی فیترییە و هەندێکی بەدەستهاتووە، وەکو ئازایەتی، کە فیترییە، هەروەها عەدالەت پێویستی بە بەدەستهێنانە.

لەگەڵ هەموو ئەو مانا زاراوەییانەی تایبەتن بە سیفاتە دەروونییە پایەدارەکانەوە، ئەخلاق بە دوو مانای تر دێت، ئەوانیش:

١ـ هەموو ئەو سیفەتە دەروونیانەی شوێنگە و جێگەی کارە پەسەند یاخود ناپەسەندەکانن، چ ئەو سیفەتانەی نەمرن و چ ئەوانەی کاتین و نامێننەوە.[3]

٢ـ هەندێك جاریش زاراوەی ئەخلاق بەتەواوی لەبارەی سیفەت و کردارە چاك و پەسەندەکان بەکاردەهێنرێت، بۆ نموونە وەفاداری بە سیفەتێکی ئەخلاقی و دزی بە کارێك و سیفەتێکی نائەخلاقی دەژمێردرێت.

---

[1] –ئەخلاق لە سیاسەتدا، عومەر عەلی غەفور، چاپخانەی ژین، هەولێر، ٢٠٠٢. لا١٥..

[2] – فلسفة الاخلاق في الاسلام، د. محمد يوسف موسى، الطبعة الثالثة، ص ٢٧٨، ١٩٦٣.

٣ – فلسفه اخلاق، مجتبى مصباح، انتشارات مؤسسة آموزش و پژوهش امام خمينى، ص١٦.

## فەلسەفەی ئەخلاق:

دانراوە فەلسەفییە کلاسیکییەکان، بابەتەکانی فەلسەفە بەسەر سێ تەوەرەی سەرەکیدا دابەش دەکەن، ئەوانیش:

١- بوونناسی (ئەنتۆلۆجی – Antology)

٢- مەعریفەناسی (ئەبستمۆلۆجی – Abestmology)

٣- بەهاناسی (ئەکسیۆلۆژی – Acthiology)

تەوەرەی سێهەم واتە: بەهاناسی تایبەتە بە لێکۆڵینەوە لە بەهاکان، بەهاکانی حەق و خێر و جوانی کە زانستەکانی لۆژیك و ئەخلاقناسی و جوانیناسی لێیان دەکۆڵێتەوە[1]. بۆیە زانستی ئەخلاقی لە زانستە پێوانەییەکانە کە گرنگی دەدات بەوەی (پێویستە ببێ)، فەلسەفەش لای ئەرستۆییەکان دوو بەش دەگرێتەوە. ئەوانیش: حیکمەتی کرداری (عملی) و حیکمەتی تیۆری (نظري).

حیکمەتی تیۆری (سروشت و ڕیازییات و میتافیزیك) دەگرێتەوە و حیکمەتی کرداریش سێ بەشن، ئەوانیش: ئەخلاق و کاروباری شوێن و نیشتەجێ بوون و وڵات بەڕێوەبردنن[2]. ئەمەش مانای گشتی فەلسەفەیە. لێرەوە ڕوون دەبێتەوە ئەخلاق بەشێکە لە بابەتێکی فەلسەفی، بەناوی بەهاناسی، یاخود حیکمەتی کرداری"عملی"یە.

---

[1]–ئەخلاق لە سیاسەت، عومەر عەلی غەفور، چاپخانەی ژین، هەولێر، ٢٠٠٢، ل٢٠.

[2]–علم چیست، فلسفە چیست، د. عبدولکەریم سروش، مؤسسة فرهنگی صراط، چاپ پانزدهم، ١٣٨٢، ص٢.

ئەگەر فەلسەفەی هەر شتێك بریتیی بێت لەوەی ئەو شتە بۆ؟[1]، ئەوە فەلسەفە و چییەتی ئەخلاقیش بریتییە لەوەی ئەخلاق بۆ؟ من بۆچی کەسێکی ئەخلاق جوان بم؟! ئەمە و چەندەها پرسیاری دیکە.

هەروەك چۆن ڕۆڵی سەرەکی زمان ڕوونکردنەوەی بیرکردنەوەیە، بەدەربڕین[2]، ئەوا کرداریش وەك ئاکار و شوێنگە و ڕەنگ و شێوەی هەڵسوکەوتەکان خۆیان دەنوێنن بە چاك یان خراپ، واتە: کاری چاك (ئەخلاقی) لە هزردا دەرناکەوێت، بەڵکو بە کردارکردنی کارەکە دەردەکەوێ. (ئیمامی غەزالی)یش لە کتێبە دیارەکەی بەناوی "احیاء علوم الدین"، (زیندووکردنەوەی زانستەکانی ئایین)دا دەنووسێت: کردارە دەرەکییەکان ناونیشانی کردارە ناوەکیەکانن و جوڵەکانی ئەندامەکانی لەش بەرهەمی بیر و هۆشن و کردارەکانیش بەرهەمی ئەخلاقن، چونکە ئەخلاق ئەو کۆمەڵە وێناو بۆچوون و تێگەیشتنانەیە کە سۆز و هەست پێی هەڵدەستێت و هۆکارێکی گەورە و کاریگەر و ڕوونە لە یاسای ژیاندا.[3]

لەڕاستیدا ئەخلاق لە سێ بەش پێك دێت و هەر بەشێکیش پەیوەندی بە بابەتێکی سەربەخۆوە هەیە، بەڵام لێرەدا پێش ئەوەی بابەت و بەشەکانی بنووسین پێویستە پرسیارێك بخرێتەڕوو، ئەویش ئەوەیە گوزارەی ئەخلاقی چ جیاوازییەکی لەگەڵ گوزارەکانی دیکەدا هەیە؟ کورتەی وەڵامیش ئەوەیە:

یەکەم: گوزارەی ئەخلاقی ئەو گوزارەیە کە بابەتەکەی مرۆڤ یان حاڵەتە دەروونی یاخود کردارە دیارەکانی مرۆڤە و هەڵگری یەکێك لەو چەمکانەیە، وەك

---

[1] –گۆڤاری هێشتا، ژمارە (٣) سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان–هەڵەبجەی شەهید، هاوینی ٢٠٠٦. لا ١١٢.

[2] –انقلاب معرفتی و علوم شناختی، شاپور اعتماد، منشر مرکز، تهران، چاپ اول، ١٣٨٠.ص ٦.

[3] –رسالة أخلاق، تأليف: السيد مجتبى الموسوى اللارى، الدار الإسلامية، الطبعة الأولى، ١٩٩٨، ص ١٠ بەدواوە.

چاکە و خراپە، دروست و نادروست، دەبێت و نەبێت ئەخلاقی، ئەرك و ماف، بەرپرسیاریەتی، فەزیلەت و ڕەزیلەت[1].

دووەم: جیاوازی کارە ئەخلاقییەکان لەگەڵ کارەکانی دیکە ئەوەیە کە کارە ئەخلاقییەکان شایەنی سوپاس و ستایشن، مرۆڤ بۆ ئەم کارانە واتە کارە ئەخلاقییەکان، بەهایان بۆ دادەنێت و بەو نرخ و بەهایە ڕازییە، ئەم نرخ و بەهایەش کە مرۆڤ پێیان ڕازییە، لە جۆری ئەو نرخ و بەهایە نییە کە بۆ نموونە بەها و نرخێك بۆ کاری کرێکارێك دادەنێت، چونکە کرێکار نرخ و بەهای ماددی دروست دەکات و لە بەرامبەر کارەکەیدا بڕێك پارە، یاخود شتێکی ماددی وەردەگرێت، بەڵام کاری ئەخلاقی جۆرێك بەهایە لەسەرووی ئەم بەهایانەوە کە لەگەڵ پارە و کاڵا ماددییەکاندا بەراورد ناکرێت. نموونەیەکی تر: سەربازێك گیانی خۆی لەپێناو ئایین و نیشتمانەکەیدا دەبەخشێ، کارەکەی کارێکی بەهادار و بەنرخە، بەڵام ئەم نرخ و بەهایە ماددی نییە، وەك ئەوەی کەسێك کارێك دەکات و لە بەرامبەر کارەکەیدا چەند هەزار دینارێك وەردەگرێت.[2]

هەموو ئەم کردارە دەرەکی و ناوەکیانەش کە باسمان کردن پەیوەندییان لەگەڵ مرۆڤدا دەتوانین بڵێین دەچنە خانەی سێ جۆر بابەت و باسەوە، بەشێوەیەکی گشتی زاناکانی ئەخلاق و فەلسەفەی ئەخلاق، ئەخلاق بۆ ئەم سێ زانستە دابەش دەکەن، ئەوانیش:

١- ئەخلاقی وەسفی description: ئەخلاقی شارستانییەت و فەرهەنگ و ئایینەکان و ..هتد و قوتابخانە ئەخلاقییەکانی وەك ئەخلاقی بوزایی، کانتی،.. و تەنها وەسفی ئەخلاقییان دەکەن.

---

[1]-مشتاقی و مهجوری، مصطفی ملکیان، تهران، چاپ اول ١٣٨٥، ص٢٥٥-٢٥٧.

[2]-فلسفه اخلاق، مرتضی مطهری، سال، ١٣٧٦ص٨.

٢– ئەخلاقی پێودانگ، پێوەری nornative: ئەمەشیان ڕێسا و یاسای ئەخلاقی دەخات ڕوو، چاکە ئەوەیە، خراپە ئەوەیە، فەزیلەت و ڕەزیلەت...هتد دیاری دەکات.

٣– ئەخلاقی شیکاری، میتا ئەخلاق، بان ئەخلاق metha ethic : لەڕاستیدا تەنها ئەم بەشەیان بە فەلسەفەی ئەخلاق دادەنرێت، تەنانەت ئەو کەسانەش فەلسەفەی ئەخلاق بەمانای بەشەکانی دی بەکاردەهێنن دان بەوەدادەنێن کە فەلسەفەی ئەخلاق ئەم بەشە دەگرێتەوە. ئەم بەشەش باس لەوە دەکات کە بۆ نموونە: چاکە چییە؟ خراپە چییە؟ کوشتن شتێکی نادروستە؟ ئایا کوشتن لەژێر هەرمەرجێکدا کردارێکی دروستە یاخود نادروستە؟[1] مەبەستمان لە دروستی و نادروستی چییە؟ بۆچی ڕاستگۆیی و دەستپاکی و ...هتد باشن و درۆکردن و دزیکردن و..هتد، خراپن؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە و گەلێك پرسیاری دیکە دەداتەوە. ئەم بەشەی ئەخلاق لە سێ بەشی دیکە پێك دێت، کە بریتین لە:

١– ماناناسی ئەخلاق: Moral semantics

٢- مەعریفەتناسی ئەخلاق: Moral epistemology

٣- بوونناسی ئەخلاق: Moral ontology

دیارە قوتابخانەکانی ئەخلاق گەلێك زۆرن، بەڵام چوار قوتابخانەی گرنگ لە فەلسەفەی ئەخلاقدا هەن کە تاکو نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەم دوانیان هەبوون، ئەوانیش کە ئەم دوو قوتابخانەیەن:

١ـ قوتابخانەی وەزیفەگەرایی Denotologism: ئەم قوتابخانەیە لە سەر بنەمای وەزیفە بوونیاد نراوە.

---

[1]–الفبای فلسفه، نایجل واربرتون، ت: مسعود علیان، انتشارات ققنوس، تهران، چاپ سوم، ١٣٨٦، ص١٢.

٢ـ ئەنجامگەرایی–Teleologism: ئەمەشیان لەسەر بنەمای ئەنجام بوونیادنراوە.

لەدوای نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمەوە، دوو قوتابخانەی دیکەی پەیدا بوون، کە بریتین لە:

١– قوتابخانەی ماف سەنتەر-Right– based ethics: ئەم قوتابخانەیە لەسەر بنەمای ماف بوونیاد نراوە و لە دەوری مافدا دەسوڕێتەوە. واتە ماف دەکاتە بنەما.

٢–قوتابخانەی فەزیلەت سەنتەر– Right– based ethics: ئەمەشیان لەسەر بنەمای فەزیلەت و فەزیلەتگەرایی دامەزراوە[1] و فەیلەسوفی گەورەی ئەخلاقی سەدەی بیستەم کە گەورەترین و دیارترین فەیلەسوفی ئەخلاقە لە سەدەی نوێدا و کتێبە گەورەکەی لەسەر ئەخلاق بەناوی "کۆتایی ئەخلاق" لەسەر ئەم بنەمایە نووسیوە. بە کورتی فەزیلەت سەنتەری بریتییە لەوەی لە جیاتی ئەوەی جەختکردنەوەی بێت لەسەر بابەتە دەرەکییەکان، بۆ چاککردنی مرۆڤ واتە مرۆڤ چی بکات و چۆن بکات، ئەوە لە فەزیلەت سەنتەریدا جەختکردنەوەیە لە بکەر، یان خودی مرۆڤ و ناوەوەی مرۆڤ، بەو مانایەی ئێمە لە جیاتی ئەوەی دەرەوەی بگۆڕین لە ڕێگەی یاسا و ڕێساکان و تیۆریاکانەوە، دەبێت ناوەوەی بگۆڕین و کار لەسەر ناخ و دروونی مرۆڤ بکەین، چونکە لەم قوتابخانەیەدا مرۆڤ کە چاك بوو، کرداری چاك و ئەخلاقی بەرز و باشی لێوە دەردەچێت و ئەنجام دەدات، بە پێچەوانەشەوە ڕاستە، هەروەها ئەخلاقی باش و چاك ئەوەیە لە لایەن کەسی خاوەن فەزیلەتی ئەخلاقییەوە ئەنجام درابێت. لەبارەی جیاوازی ئەم قوتابخانانەوە لە سنووری سادەییدا دەتوانرێ بوترێ هەموو باس قسە لەسەر ئەوەیە چ شتێك

---

[1] –مشتاقی و مهجوری، مصطفی ملکیان، تهران، چاپ اول، ١٣٨٥، ص٢٥٥–٢٥٧.

لەواقیعدا بەهای ئەرێنی یان نەرێنی بە کردارێکی ئەخلاقی دەدات؟! ڕوانین و دیدگای وەزیفەگەرایانە دەڵێت، خودی کردارەکە خۆی لە خۆیدا خاوەنی بەهای ئەرێنی یان نەرێنییە، بەڵام لە ئەنجامگەرایيدا دەڵێت: کردار بە ڕەهایی بەهای نییە، بەڵکو بەهۆی بەرهەم و ئەنجامەکانییەتی کە خاوەنی بەهایە و بەهادارە، بەڵام لە ئەخلاقی فەزیلەتدا، بکەر سەنتەرە، ئەخلاقیێکە سەیری بکەر دەکات.[1]

یەکێك لە نووسینە یەکەمینەکانی بیرمەندە ئیسلامییەکان، سەبارەت بە ئەخلاق کتێبێکی (یحیی بن زکریا)یە بەناوی" تهذیب الأخلاق"، کە بەشێوەیەکی سەرەکی باسی بابەتە کردارە چاکەکانی وەکو وەفا و خێر و کردارە خراپەکانی وەکو خیانەت و خۆپەسەندی و...هتد دەکات، ئەم نووسەرە باس لە ڕوونکردنەوەی ئەو بنەما و بنەڕەتانە دەکات کە دەبنە هۆی ئەم کردارانە بەگرنگ دەزانێت، بەڵام وەسفکردن و ڕوونکردنەوەی خودی ئەم کردار و سیفەتانە بەگرنگتر دەزانێت و لە سەرەتای کتێبەکەیدا پێمان دەڵێت: دەبێت ئەم بابەتانە ڕوون ببنەوە کە ئەخلاق چییە؟ جۆرەکان و بەشەکانی چین؟ ئەو ئەخلاقە کامەیە کە خوازراوە و خەڵکی پێیان باشە و بە پێچەوانەشەوە و پێش وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانەش پێناسەی ئەخلاق دەکات بەوەی "حاڵەتێکە لە حاڵەتەکانی نەفس"، یاخود بەشێك لە ئاڕاستەی سروشتی و پێدراوی مرۆیی لە کارەکاندا. ئەخلاق بەو شتە دەزانێت کە لە هەندێ کەسدا، "فیتری و غەریزییە و لە هەندێ کەسی دیکەشدا لە سایەی ڕاهێنان و هەوڵ و کۆششەکانەوە بەدەست دێت".[2]

---

[1]-سایتی فەرهەنگی "نیلوفر"، شهروند امروز، شماره ٦٨، مهر ١٣٨٧.

[2]-اخلاق و عدالت، محمد رفیع محمودیان، انتشارات طرح نو، تهران، چاپ اول، ١٣٨٠، ص٣٨-٣٩.

**ئەخلاق بۆ ژیانە:**

واتە بابەتە ئەخلاقییەکان ڕێگە و شێوازی ژیانمان فێر دەکەن و شوێنکەوتە و خزمەتکاری ژیانن، پەیوەندیەکی پتەویان هەیە، بۆیە دەبێت ئەوان بۆ ژیان بن نەك بە پێچەوانەوە، بۆ نموونە چاکە وتن و ڕاست گوتن بۆ ژیانە، نەك ژیان بۆ ڕاستگوتن، بۆ ئەوەی بزانین لەگەڵ یەکدیدا بژین، پەیوەندیمان بەهێز بێت و یەکتر لەناو نەبەین، دەبێت لەگەڵ یەکتر ڕاست بین نەك درۆ بکەین، بۆیە کۆمەڵگە ئەو کاتە تەندروست دەبێت کە خراپەکان کەم بن. ئاخر پیاوەتی و چاکە کاری خۆی چاك نییە و ناپیاوی و خراپەکاری لەسەر درۆکردن خودی خۆی خراپ نییە، بەڵکو بە گوتەی زانایەکی ئەخلاق، چاك بوون یان خراپ بوون یان لەبەرخاتری ڕۆڵی ئەو ئەنجامەیان کە لە ژیانی ئێمەدا بوونیان هەیە،[1] بۆیە یەکێك لە (٨) یاساکەی (گاندی)یش ئەوەیە کە دەڵێت: هەمیشە ڕاست بڵێ[2].

(د. محمد عابد الجابری) پێیوایە ئەخلاق سێ تایبەتمەندی هەیە، ئەوانیش:

١- نیشتمانی ئەخلاق نەفسە نەك جەستە.

٢-یەکێك لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانیان لەسەر پێوەر و بەهاکانە، کە لە پێشینەی کۆمەڵایەتییەوە سەرهەڵدەدەن.

٣- سەرەڕای جێگیری بابەتەکانی ئەخلاق، وەکو چاکە و خێر و دادپەروەری، ئەخلاق هەمیشە لە حاڵەتێکی ترەوە بۆ حاڵەتێکی بەرزتر دەڕوات و گەشە دەکات.[3]

---

[1]- آئین در أیینه، سروش دباغ، مؤسسه فرهنگی صراط، تهران ١٣٨٣. بەشی یەکەم.

[2]- Gandi,jane Rollason ,p 14.

[3]-گۆڤاری هەژان، ژمارە ١٦، تەحسین حەمەغەریب، ئەخلاق، ل١٤٩.

بنەما ئەخلاقییەکان و ئەو بەهایانەی ئەخلاق پێکدەهێنن چەند ڕیزبەندیەکی بۆ کراوە، چونکە قالّبی چوارچێوەی ئەخلاق بنەڕەتی ئەخلاقییە Moral Principle، هەرچەند ڕێککەوتنی جیهانیان لەسەر نییە، بەلاّم بەگشتی و لە کۆی پەیڕەوی لە یەك بنەما و بنەڕەتی ئەخلاقی دەبێت بنەما ئەخلاقییەکان لە (٥) پێنج تایبەتمەندی، یاخود سیفەت بەرامبەر بن، ئەوانیش:

١ـ حوکمی بن Prescriptively: بنەما ئەخلاقییەکان بە گشتی دلّنیاکەرەوەن. وەکو یاسا و دەستووره جێبەجێکارییەکان (مرۆڤ مەکوژە، درۆ مەکە...).

٢ـ جیهانی بن Universalizability: بنەما و بنەڕەتە ئەخلاقییەکان دەبێت هەموو کەس بگرنەوە، ئەو کارەی بۆ کەسێك شیاو بێت، دەبێت بۆ هەمووان شیاو بێت.

٣ـ پێشینە لەسەر هەموو شتێك Overridingness: بنەما ئەخلاقییەکان مەشروعیەتی سولّتەگەرییان هەیە،Hegemonic Authority ئەوانە تەنها بنەما نین، بەلّکو لەسەر شتانی دیکە، وەك جوانی، سوودمەندی و یاسا بوونیان لەپێشترن.

٤ـ گشتی (عمومی)Sublicity : بنەما ئەخلاقییەکان دەبێت گشتی بن، تاکو ڕێنمایی خۆیان لە ژیانی ئێمەدا داگیر بکەن.

٥ـ کرداری (عملي) Praciability: بیردۆزێکی ئەخلاقی دەبێت شایەنی قبولّ کردن بێت و یاساکان نابێت لەسەر دەروون و ویژدانی کەسەکان قورس بن.

دیارە ئەم سیفەتانەش بە گشتی بەهۆی فەیلەسوفانەوە بە ناونیشانی نیاز بە بنەمای دانپێدانراوی ئەخلاقی (معتبر اخلاقی) پیشان دەدرێت و باس دەکرێت،

هەرچەندە جیاوازی بۆچوونیان لەسەرە، بەهەر حاڵ ئەمانە وێنایەکی گشتی بنەمای ئەخلاقی بەدەستەوە دەدەن.[1]

مرۆڤ دەبێت هزر و عەقڵی بەکاربهێنێت و بۆ گەیشتن بە کارکردنی جوان و مانادان بە ژیان، بۆیە بە گوتەی "ئەرستۆ" عەقڵ و هۆش و ئیدراك، دۆستی ڕاستەقینەی هەر مرۆڤێکە، بۆیە باشترین و بەرزترین بەخششە.

هەموو ئەو گوتە و بیرو بۆچوون و باسانەی سەبارەت بە ئەخلاق کراوە و دەکرێت بە گوتەی (د. سروش) ئەخلاقێك لەگەڵ هەموو بارودۆخ و حاڵەتەکان بسازێت ئەخلاق نییە، بەڵکو قبوڵکردنی یەك بنەما و بنەڕەتێکی بان ئەخلاقییە و جارێکی دیکە ئەو بنەڕەتە ئەوەیە کە عەدل و حیکمەت و پاکیەتی و ئازایەتی و داد و جگە لەمانەش ئەحکامی ئەخلاقییان نییە، لەبەر ئەوە هەر کات ئەم ئەحکامانە کوژانەوە، چرای فەزیلەتەکان مردووە و نابێت لە شوێنێك و جیهانێکی باڵاتر بۆیان بگەڕێین[2]، بە گوتەی مەلا و بیریاری ناسراوی کوردیش (م. ناصری سوبحانی) و (مەکئەنتایری) گەورە فەیلەسوفی ئەخلاق، خاڵی لاوازی شارستانییەتەکانیش لە کەمهێنانی سیستەمی ئەخلاقییاندایە، چونکە ئەگەر سیستەمە ئەخلاقییەکان گۆڕان، ئیدی شارستانییەتەکانیش دەگۆڕدرێن[3]، ئەگەرچی ڕێسا ئەخلاقییەکان بوونیان نابێت، تاکو مرۆڤ باوەڕی بە میتافیزیکیەت نەبێت، واتە: ئەخلاق ناتوانێت بەبێ شتێکی تر جگە لە سەروو سروشت "میتافیزیکا" بوونی هەبێت. لێرەوە

---

[1]–در امدی بر فلسفه اخلاق (شناسایی درست و نادرست) بویی پویمان، انتشارات گیل، چاپ اول، ١٣٨٧.ص ١٥–٢٠.

[2]–اخلاق خدایان، د.عبدالکریم سروش، انتشارات طرح نو، چ ٦، ١٣٨٤.ص ٨–٢٠.

[3]–دواییینەکان، تەحسین حمە غریب، کتێبی هەژان، چاپخانەی یاد، چ١، ٢٠٠٧، ص٩٧.

(مەكئەنتاير) دەڵێت: ئەخلاقی بێ میتافیزیك نەك یەكێك لە تێورەكانی ئەخلاق نییە، بەڵكو خودی نائەخلاقییە.(١)

فەلسەفەی ئەخلاق لە سەدەی بیستەمدا بە كتێبێك دەستی پێكرد لەلایەن فەیلەسوفی بەریتانی (جۆرج ئەدوارد مۆر)"G.E.Moore" نوسرا بەناوی "بنەمای ئەخلاقی- Principia Ethica" لە سەرەتاكانی سەدەی بیستەمدا و لە ساڵەكانی (١٩٠٣–١٩٠٤)دا بڵاوبویەوە، ئەم كتێبەش بە سەرەتا و بنەڕەتی فەلسەفەی ئەخلاقی هاوچەرخ دادەنرێت.

ژمارەیەكی زۆر بیردۆزی سەرەكی و مەزن سەبارەت بە ئەخلاق هەن لە فەلسەفەی ئەخلاقدا، بەڵام گرنگترینیان ئەمانەن:

١ـ تیۆریای خێر و كەمال.

٢ـ تیۆریاكانی خۆشبەختی"السعادة".

٣ـ تیۆریاكانی چێژ و سوود.

٤ـ تیۆریاكانی ئەرك.

٥ـ تیۆریاكانی فەزیلەت و ژیانی ئەخلاقی.

٦ـ بنەمای سروشتی ئەخلاق: گەشەكردن و عەقڵانییەت.(٢)

---

١–گۆڤاری هەژان، ژمارە (١٦)، ٢٠٠٥، تەحسین حەمەغەریب، دەرك، عەدالەت، ئەخلاق، ل٦٥.

٢–الفلسفة الاخلاقية، مونيك كانتو– روفين ادجيان، ترجمة د.جورج زيناتي، ص١١– ٢٠–٦٣.

## چییەتی ئەخلاق؟

**گرنگترین بابەت و لقەکانی فەلسەفەی ئەخلاق**

**دەتوانرێت بوترێت گرنگترین بابەت و باسی تیۆری و فەلسەفی لە ئەخلاق و دەربارەی ئەخلاق، دەکرێن بە چوار گرووپ و کۆمەڵەوە، ئەوانیش:**

**یەکەم: بان ئەخلاق "میتا ئەخلاق – meta - ethics": واتە، کۆمەڵێك لە باس و بابەتە لەبارەی ئەخلاقەوە، ئەم بەشە تیۆریترین بەشی فەلسەفەی ئەخلاقە و لە سێ ئاستدا باس و پشکنینی فەلسەفی دەکات، ئەوانیش:**

**١ـ بەڵگە (دیلالەت) ناسی ئەخلاق: ئەم بەشەیان باس لە مانای زاراوە ئەخلاقییەکانی وەکو چاکە، خراپە، و ... هتد دەکات. بۆ نموونە چ پەیوەندییەك لە نێوان وشەی بۆ نموونە "چاکە"، لە سیاق و تێکستێکی ئەخلاقی و "چاکە" لە سیاق و تێکستێکی نائەخلاقی بوونی هەیە؟ ئایا وشەی "باش" لە ڕستەی "ڕاستگۆیی باشە"، هەمان ئەو مانایە دەگرێتەوە کە لە ڕستەی "دوێنێ بارانێکی باش باری"دا هەیە؟**

**٢ـ بوونناسی ئەخلاق: لەم بەشەدا لە دەوری یەکێك لە پرسیارە گرنگ و زۆر قسە هەڵگرەکان، لەبارەی بوون یان نەبوونی تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکان لە جیهانی دەورووبەردا دەسوڕێتەوە. بۆ نموونە: ئایا بەو جۆرەی کە "واقیعگەرایانی ئەخلاقی – moral realists" بانگەشەی دەکەن، پولێنکردنی "وەفا بە بەڵێن و پەیمان" بە وەسفی "چاکی"، هەروەها "زیانگەیاندن بە ئەوانیتر" لە جیهانی دەرەکی و دەرەوەدا ڕوودەدات و پەیوەندی بە دەرەوە هەیە، یان پەیوەندی بە ناوەوە و بە تەواوی لە هەستەکان و سۆز و ویستەکانەوەیە و شتێك نییە لە دەرەوە کەشف بکرێت و بدۆزرێتەوە، هەروەك بانگەشەکەرانی "دژە واقیع گەرا ئەخلاقییەکان – moral anti-realists" دەیڵێن. هەروەها باسکردن لە بوون**

یان نەبوونی "بنەما ئەخلاقییەکان" یش، لەو باس و بابەتانەیە کە لە بوونناسی ئەخلاقیدا باس دەکرێت و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکرێت.

٣ـ مەعریفەتناسی ئەخلاق: لەم بەشەشدا باس لەمەڕ چۆنیەتی گەیشتن بە دروستبوونی مەعریفەی ئەخلاقی و گەیشتن بە داوەری ئەخلاقی ئاراستەکراو و مەعریفەت بەخشە. گومانگەرایانی ئەخلاقی " moral skeptics" باوەڕیان وایە کە لە بنەڕەتدا مەعریفەی ئەخلاقیمان نییە. لە بەرامبەردا دژە گومانگەرایان، هەڵبەتە بە ڕوونکردنەوە و پۆلبەندی جیاواز باوەڕیان وایە و لەسەر ئەو بۆچوونەن کە بانگەشە ئەخلاقییەکان لە بنەڕەتدا مەعریفەتبەخشن و دەتوانن بەشێك بن لە بیروباوەڕەکان.

دووەم: ئەخلاقی ڕێنوێنیکار "normative ethics": ئەخلاقی ڕێنوێنیکار پاش میتا ئەخلاق دێت و هەوڵدەدات تاکو ئەوە ڕوون بکاتەوە چ کاروبار و کردەوەیەك چاك و باشن و دەبێت وەربگیرێن و چ کاروبار و کردارێك ناڕەوا و خراپن، دەبێت وەلابنرێن و کەنار بخرێن، گرنگترینی ئەم باسانەش ئەمانەی خوارەوەن:

أـ چ کاروبارێك باش و چاك، خوازراو یان نەخوازراو، بەهادار یان بێ بەهان؟ هەروەها کام لە کردارەکانی مرۆڤ "مرۆڤی ئیختیاری" چاك یان خراپ، وە ئەرك و فەرمانن و دەبێت یان نابێت ئەنجام بدرێن؟ بە دەستەواژەیەکی تر، میسداقی ئەو چەمکە ئەخلاقییانەی باسکران، چین؟

ب ـ ئایا ئەرك لە پێشترە لە بەها، یان بە لایەنی کەمەوە هەندێك لە ئەرکەکانمان سەربەخۆن، لە هەر بەهایەك کە بوونیان هەیە؟

ج ـ مانای ژیان چییە، یان دەبێت چی بێت؟ واتە، یەکەم: ڕۆڵ و کاریگەری ژیان چییە؟ دووەم: دەبێت ئامانجی ژیان چی بێت؟

د ـ ئایا مافە سروشتییەکان (لە بەرامبەر ئەو مافانەی دانراو و بڕیاریان لەسەر دراوە) بوونیان هەیە، ئایا ئاژەڵەکانیش مافیان هەیە و لە ئەنجامدا ئەو ئەرکەی لە ئەستۆماندایە چییە؟ ئەی گیاکان چی؟

س ـ لە دۆخ و حاڵەتی تایبەتدا دەبێت چی بکرێت و چی نەکرێت؟ بە دەستەواژەیەکی تر، چۆن دەستەواژە ئەخلاقییەکان بەسەر بابەت و شتە تایبەتەکان یان جۆرەکانی کاروبارە تایبەتەکان جێبەجێ بکەین و کاریان پێ بکەین؟ لێرەدایە کە جۆرەکانی ئەخلاقی ڕێنوێنیکاری تایبەت وەك: ئەخلاقی بازرگانی، ئەخلاقی سیاسی، ئەخلاقی پەیوەندی نێودەوڵەتی، ئەخلاقی پزیشکی، ئەخلاقی ژینگە و ... هتد دێنە پێشەوە و بەشەکانی گشتێك پێك دەهێنن.

سێیەم: ئەخلاقی وەسفی "descriptive ethics": بریتیە لە کۆمەڵێك باس و بابەت لەبارەی ئەوەی کە چ بۆچوون و ڕوانین و ڕێسا و یاسای ئەخلاقی، یان کرداری ئەخلاقی، بە کردار و لە ڕووی کردار و هەڵسوکەوت و بەکارهێنان، لە کۆمەڵگەیەکی تایبەت یان لە نێوان هەموو مرۆڤەکاندا بوونیان هەیە و هاوبەشن؟ هەروەها ئەم بۆچوونە کە یان ڕێسا و یاسای ئەخلاقی یان کرداری، چ بەرهەم و دەرەنجامێکیان هەیە و دەبێت؟ هەڵبەتە ئەمە پێویستی بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی مێژوویی و ئەزموونی هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی هەمیشە ئەم جۆرە لێکۆڵینەوە مێژوویی و ئەزموونییانە پێویستیان بە شیکردنەوە و ڕاڤە هەیە و باس لەوە دەکەن و هەوڵدەدەن لەم ڕێگەیەوە دەستیان بە تیۆریایەك بگات لەبارەی سروشت و سروشتی ئەخلاقی مرۆییەوە، دەتوانرێت بوترێت "ئەخلاقی وەسفی" یش ڕەنگێکی تیۆری و فەلسەفی هەیە.

چوارەم: دەروونناسی ئەخلاقی "psychology moral": واتە کۆمەڵێك لە باس و بابەتی فەلسەفی و هەندێجار ئەزموونی، کە پەیوەندییان بە کاروباری دەروونی مرۆڤەوە هەیە، لە پلەی بکەر و هۆکاری ئەخلاقی یان لە پلەی بینەر و

داوەری ئەخلاقی و لەگەڵ ئەمانەدا سەروکاری هەیە.[1] سەرەکیترین ئەم باسانەش بریتین لە: بابەتی جەبر و ئیختیار، خۆشەویستی خود،...هتد، هەروەها شیکاری کۆمەڵێك چەمکی وەکو: بیرکردنەوەی بەرژوەندیخوازانە، ئامانج، ویست، ئەنجامی کردار، خۆشبەختی و عیشق و ...هتد، هەروەها شیکاری هەندێك لە ڕەزیلەت و فەزیلەتەکانی وەکو: ستەم، عەدالەت، خزمەت، خیانەت و...هتد.[2]

[1]-نگاهی به فلسفه اخلاق...، استیون داروال،... ترجمه مصطفی ملکیان، دفتر پژوهش و نشر سهروردی، تهران، چ اول، ۱۳۸۱، ص ۹-۱۳.

[2]-اخلاق بدون هستی شناسی، هیلاری پاتنم، برگردان، مسعود علیا، تهران، انتشارات صراط، چاپ اول، ۱۳۸۷، ص ۱-۳.

## بۆچی لێکۆڵینەوە لە "فەلسەفەی ئەخلاق"دا بکەین؟

زانستی ئەخلاق بە ڕوونکردنەوەیەکی کورت و بەسوود شتێك نییە جگە لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەخلاق، یان بابەتە ئەخلاقییەکان. بەم حاڵەشەوە چەندین ڕووگەی جیاواز و جۆراوجۆری فراوان بۆ ئەخلاق بوونیان هەیە. ئەمانەش والآکەری گریمانە جیاوازەکانن لەبارەی چییەتی "ماهیەت"ی ئەخلاق و باشترین ڕێگە بۆ تێگەیشتن لەم چەمکە.

فەلسەفەی ئەخلاق یەکێکە لەو ڕوانگە و ڕووگانەی کە باسکران، لەم ڕووەوە دامێن و قولایی ئەو پرسیارانەی کە دەیانخاتە ڕوو، هەروەها لە ڕووی ڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، ڕووگەیەکە لە جۆری خۆیدا بێوێنە. لەڕاستیدا کەم تازۆر بەڵگەنەویستە کە بیهێنە پێشەوەی چەندین پرسیار کە فەلسەفەی ئەخلاق دەیانخاتە ڕوو، ناتوانرێت تێگەیشتنی تەواو و هەمەلایەنی ئەخلاق بدۆزینەوە و دەستمان پێی بگات.

زانایانی پێشین جیاوازییان کردووە لە نێوان "مەعریفەت" و "حیکمەت". لەم جیاوازیکردنەدا، "مەعریفەت" بەو شتە دەژمێردرا کە شتێکە مرۆڤ دەتوانێت فێری ببێت، ئەگەر هەست و هۆشی خۆتان کۆ بکەنەوە و جەخت لەسەر شتێك بکەن، بۆ نموونە پاش بیستنی وانەیەکی فیزیا یان کیمیا، یان مێژوو، دەبیتە خاوەنی مەعریفەتێك، واتە کۆمەڵە حەقیقەتێك و زانیارییەك فێر دەبیت، کە پێشتر نەتزانیون و ئاگات لەم زانیارییانە نەبووە. ئەم مەعریفەتە دەگوازرێتەوە و دەکرێت ئەوانیتریش فێری ببن. "مەعریفەت" خاڵی بنەمایی و بنەڕەتیە لە "حیکمەت"دا، بەڵام خۆبەخۆ حیکمەت بە بارناهێنێت. حیکمەت میوەیەکە کە ئەو توخمانەی دروستی دەکەن، بریتین لە: تێگەیشتن، بەصیرەت، بۆچوونی باش، توانای چاك ژیان و ژیانی چاك و ڕێنمونی چاکی کردار. لەڕاستیدا زۆرێك لەو کەسانەی خوێندنیان تەواوکردووە، توانای ئەوەیان نییە و بڕیاری کرداری هەڵبژێرن و لە

تێپەڕاندن و گوزەراندنی ژینێکی هاوڕا لەگەڵ خەڵکانی تر ناتوانن پێشبڕکێ بکەن. ئەوان زانیاری و "مەعریفەت"یان هەیە، بەڵام لە "حیکمەت" بێبەشن. "فەلسەفەی ئەخلاق" زیاتر لە هەر شتێکی تر پەیوەندی و پەیوەستی لەگەڵ "حیکمەت"دا هەیە. لەبەرئەوە زاراوەی فەلسەفە لە ڕووی ڕیشەناسییەوە، بە مانای "دۆست و خۆشەویستی حیکمەت"ە، هەروەها "فەلسەفەی ئەخلاق"یش بریتییە لە دۆستی و خۆشویستنی وەرگرتنی "حیکمەت" لە بابەتە ئەخلاقییەکاندا.

لەگەڵ ئەوەی "فەلسەفەی ئەخلاق" ناتوانێت بەڵێنتان پێ بدات لەسەر ئەوەی بابەتە ئەخلاقییەکان شیکار و ڕوون بکاتەوە، بەڵام دەتوانێت یارمەتیمان بدات لەو شتەی کە بنەڕەت و بناغەی ڕێنمونیکردنی ژیانە و لە ڕووی کرداریشەوە شتێکی لەمە گرنگتر بوونی نییە.

لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەخلاق خۆی لە خۆیدا وروژێنەر و هەژێنەرە و داوای خەبات لە مرۆڤ دەکات. چییەتی "ماهیەت" جیهانی دەرەکی و واقیعیی هەرچی بێت و جیهان هەر جۆرێك دروست بووبێت، ئەخلاق یان ئەخلاقییان بەشێکن لێی، عیشق، نەفرەت، بەهاکان، ئەندێشەکان، هەستەکان، سۆزەکان، ئەرکەکان، فەزیلەتەکان و بنەما ئەخلاقییەکان – واتە هەموو توخمەکانی ئەخلاق– بە شێوەیەکی تایبەت هەمان ڕادە واقیعیەت و ڕاستیەتیان تێدایە کە لە گەردیلە و ئەلیکترۆنەکاندا هەیە و ئێمەش بۆ تێگەیشتنی تەواوەتی و سەراپای ئەو جیهانەی کە ژیانی تێدا بەسەردەبەین، دەبێت ئامادەبین بە هەمان ئەو جیدیەتەی کە لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندییە فیزیایی و کیمیاییەکان دەکەین، لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەوانیش بکەین.(1)

---

1–مبانی فلسفه اخلاق، رابرت هولمز، ترجمه، مسعود علیا، تهران، انتشارات ققنوس، چاپ اول، ۱۳۸۵، ص ۲۳–۲۵.

## پەیوەندی مرۆڤ و ئەخلاق چییە؟

هەرچەندە مرۆڤ تەنها ڕۆحێکی پاك نییە، بەڵکو جەستەشە وەکو زانایەك دەفەرموێ: مرۆڤ خاوەن ئیرادە و ئاگاییە، ئەمەش لە بوونەوەرانی تری جیا دەکاتەوە. لێرەوە و لەم ئاماژانەی سەرەوە دەتوانین بڵێین ئەخلاق پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە نەك شتی تر، بەو مانایەی ئەخلاق لای بوونەوەرانی دیکەی جگە لە مرۆڤ، بوونی نییە. پێکهاتەی مرۆڤ لە "نفس–ڕۆح" و جەستە و تایبەتمەندییەکانی وەکو ئاگایی و بیرکردنەوە و ئیرادەی ئازاد و ئەوەی کە جوێکەرەوەیە لەگەڵ بوونەوەرانی دیکە، ئەو تایبەتمەندییانەن بە دەروون "نفس"ی مرۆڤەوە پەیوەستن.

ئەگەر مرۆڤ تەنها ڕۆح نەبێت، لە جەستەش پێکهاتبێت، ئەوا بوونی ئەخلاق و لایەنی ئەخلاقی لە مرۆڤدا تێکەڵەیەکی سەرسوڕهێنەرە لە هەردوو شتە جیاوازەکە، واتە (النفس والجسم)، نە ڕۆح و نە لاشە.[1]

بۆیە (کانت) فەیلەسوفی ئەڵمانی، وتەیەکی جوانی هەیە دەڵێت: مرۆڤەکان ئامانجن نەك ئامراز، کە ئەمە پرەنسیپێکی ئەخلاقییە، دەبێت هەموو شتەکان لەخزمەت مرۆڤ و بۆ مرۆڤ بن، نەك بە پێچەوانەوە، هەروەها پێویستە پێودانگ بۆ ڕەخنەی ئەخلاقیش لەو سیستەمە ئەخلاقییەوە وەربگرێت، کە هەموومان تیایدا هاوبەشین، بۆنموونە ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە هەموومانەوە هەیە، ئەگەر سزایان هەبێت یاخود بە پێچەوانەوە ئەگەر زیانیان هەبێت، چونکە ئەگەر وانەبێ ئەوا مرۆڤ دەتوانێت، ئەگەر مرۆڤەکان بەئامراز سەیر بکات، بە سەیرکردنی هەر سیستەمێك، بڵێت نائەخلاقی.

بەڵام مرۆڤ جیاواز لە بوونەوەران و زیندەوەرانی دی، بوونەوەرێکی ئەخلاقییە، واتە هەموو کارێکی هەمیشە شایەنی هەڵسەنگاندن و چاکە و خراپەیە، فەیلەسوفی

---

[1]– الله أساس المعرفه عند دیکارت، بقلم د.نظمی لوقا، سلسله الهیات، ص١٧٨.

ئەخلاق "د.عبدالكريم سروش" دەڵێت: جیاوازی کرداری مرۆڤەکان وەکو جیاوازی لاستیك و بەرد نییە، ئەم جیاوازییە جیاوازییەکی سروشتی و پێکهاتەییە، بەڵام جیاوازی کارەکانی مرۆڤ جیاوازی بەهایی و ئەرزشیە و ئەم جیاوازیە هەمیشە کەسانێك لە ڕیزی چاکەکان و کەسانێکیش لە ڕیزی خراپەکاندا دادەنێت و هەرئەمەشە مانای بنەمای گشتی ئەخلاقیبوونی مرۆڤ، ئەمەش لە هەموو شوێنکاتدا هەیە و ئاراوتە بوونی نییە، ئەمەش نایەتەدی تاکو مرۆڤ باوەڕ و پابەندی بەها ئەخلاقییەکان نەبێت و ئەوانیش ڕیشەیان بۆ چەند بەهایەکی دایکی وەك (عەدالەت و تەقوا) دەگەڕێتەوە، خودی ئەمانەش، پێویستی هەبوونی بنەڕەتی ئەو کەسەن کە هەڵیاندەبژێرێت.[1] ئەخلاقیش کۆمەڵە ڕێساو یاسایەکی کردارییە، کە دەبنە هۆی گۆڕان و گۆڕینی "خود"ی مرۆڤ و ئەم گۆڕان و گۆڕینی "خود"ەش، دەبێتە هۆی ئەوەی کە جیهان بەشێوەیەکی نوێ هەستی پێ بکرێت و ئەزموون بکرێت، لەبەرئەوە ئەخلاق پەیوەندیەکی نزیك و توندوتۆڵی لەگەڵ مرۆڤناسیدا هەیە.[2]

هەرچەندە جیاوازی ئێمەی مرۆڤ لەگەڵ ئاژەڵەکان، یاخود بوونەوەرانی دیکە لە عەقڵدایە، بەڵام ئەخلاق پێش عەقڵانییەتیشە، لەبەرئەوەی عەقڵانییەت سنووری جیاکەرەوەی مرۆڤ و ئاژەڵە و پێویستە ئەو سنوورەش بدۆزرێتەوە و بە زیان بەسەر مرۆڤدا نەشکێتەوە، کە چاککردنی ئێستا و سەرکەوتنە لە هیوا و ئامانجدا، ئەمەش شتێکی دی نییە جگە لە بنەمای داخوازی و داواکاری بۆ چاکسازی خود، کە ئەمەش بە "ئەخلاق" ناودەبرێت.[3]

---

[1]–دانش و ارزش، د.عبدالكريم سروش، ص٣٠٥.

[2] –گوهر و صدف عرفان اسلامی، فريتيوف شووان، ت: مينوحجت، ص٢٦٩–٢٧٣.

[3]–سؤال الاخلاق، د. عبدالرحمن، طة، ص١٤.

## ئەخلاقی ئیسلامی:

ئەم بابەتە کایەیەکی مەزنی لە نێو ئەخلاقدا داگیرکردووە، بۆیە ناشێ لە بابەتی لێکۆڵینەوەیەکدا کورتی بکەینەوە و هەقی خۆی پێ بدەین، بەڵام بۆ گشتگیربوونی بابەتی لێکۆڵینەوەکە و ئاماژەدان بەو ئاسۆ فراوان و کایە گەورە و گرنگی پێدانەی ئایین و ئیسلام بەتایبەتیتر، ئاماژەیەك بەم بابەتە دەکەین.

لەڕاستیدا هەموو ئایینەکان بۆ ئەوە هاتوون تاکو مرۆڤ دروستکەرەکەی خۆی بناسێت و بەندەی کەسێکی تری وەك خۆی نەبێت و خودای تاك و تەنها بپەرستێت، خوای گەورە لە دوا پەیامیدا کە ئاڕاستەی هەموو مرۆڤایەتی دەکات بەبێ جیاوازیکردن لە نێوان "نێر" و "مێ"دا ئەم پەیامە ئاڕاستەی مرۆڤەکان دەکات لە ئایەتێکی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولًا مِّنْهُمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ وَالْحِكْمَةَ وَإِن كَانُوا مِن قَبْلُ لَفِي ضَلَالٍ مُّبِينٍ﴾ (الجمعة: ٢). واتە: هەر ئەو زاتەیە لە ناو خەڵکێکی نەخوێندەواردا پێغەمبەرێکی لە خۆیان ڕەوانە کرد، ئایەتەکانی قورئانەکەی ئەویان بەسەردا دەخوێنێتەوە و دڵ و دەروون و ڕواڵەت و ئاشکرا و نادیاریان پوختە دەکات، فێری قورئان و دانایی و شەریعەتیان دەکات، بەڕاستی ئەوانە پێشتر لە گومڕایی و سەرلێشێواویەکی ئاشکرادا گیریان خواردبوو.

ئەخلاقی ئیسلامی مەبەستمان ئەو چەمك و بەهایانەیە کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام داوایان دەکات و بوونەتە بەشێك لە ئەرك و کاری پێغەمبەران، بۆیە پێغەمبەرمان (محەمەد) (درودی خوای لەسەر) کە دوانێردراوە و تەواوکەری کار و پەیامی هەموو پێغەمبەرانی پێش خۆیەتی، لە فەرموودەیەکدا دەفەرموێت: (إنما بعثت لأتمم مكارم الأخلاق) واتە: "من نێردراوم بۆ تەواوکردنی ڕەوشت و بەها باڵاکان".

هەندێك لەو چەمکانەی کە لە ئەخلاقی ئیسلامیدا گرنگن و جەختیان لەسەر کراوەتەوە:

**١ـ بەرپرسیاریەتی. "المسؤلیة".**

**٢ـ خودناسی – بوونناسی – خوداناسی.**

**٣ـ ئامانج "کەماڵی ناکۆتا و ویستی کۆتایی".**

**١ـ بەرپرسیاریەتی (المسؤلیة):**

یەکێك لە چەمکە بڵاوەکانی فەلسەفەی ئەخلاق، بریتیە لە چەمکی "بەرپرسیاریەتی". بەرپرسیاریەتی بە زمانی عەرەبی "المسؤلیة"ی پێدەوترێت و لەگەڵ زاراوەی (سؤال)دا ڕەگ و ڕیشەیەکیان هەیە، ئەمەش بەو مانایە دێت کە کەسێك لە جێگە و پلەیەکدایە و سەبارەت بە ئەنجامدانی کارێك پرسیاری لێدەکرێت. هەڵبەتە پرسیار لەبارەی کارێك و وەزیفەیەکەوە کە لە ئەستۆی دایە تاکو لە کاتی ئەنجامدانیدا ستایش و سوپاس بکرێ و پاداشتی لەسەر وەربگرێت و بە پێچەوانەشەوە لە کاتی ئەنجامنەدان و سەرپێچیکردن و جێبەجێنەکردنی ئەو ئەرك و کارەدا دیسان پاداش وەربگرێ. لێرەوە دوو زاراوەی دیکە دێنە پێشەوە کە پەیوەندییەکی زۆریان بەم بابەتەوە هەیە و لە سەردەمی نوێشدا زۆر باس دەکرێن، ئەوانیش: **١ـ ماف. ٢ـ ئەرك.**

بۆ نموونە: لە ڕۆژەکانی ساڵدا ڕۆژێك تەرخان کراوە بۆ مافی منداڵ، ئەرك: واتە کارێك یاخود ئیشێك بوونی هەبێت و لەسەر مرۆڤ پێویست بێت جێبەجێی بکات. ماف: واتە پێدانی بەها، یاخود شتێك بەرامبەر بە ئەنجامدانی کارێك، یاخود ئەرکێك کە جێبەجێکراوە. دەتوانین بڵێین یەکێکی تر لە جیاکەرەوەکانی مرۆڤ لەگەڵ سەرجەم بوونەوەرانی تر بریتیە لەوەی کە مرۆڤ لێپرسراوە و لە ئەنجامدانی کارەکانیدا (ئیتر هەر کارێك بێت)، لێپرسینەوەی لەگەڵدا ئەنجام دەدرێت. ئەمەش لەبەرئەوەی مرۆڤ خاوەن عەقڵ و بیرکردنەوە و ئیرادە و توانای قسەکردن و بوونی

ویستی خۆی لە کارەکانیدا هەیە، بەڵام ئەم سیفەتانە لە گیانەوەرانی دیکەدا نابینرێت.

کایەی ئەخلاقی ئیسلامی، کایەیەکی مەزنە، بە جۆرێك ئایینەکان بە گشتی و ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش بەتایبەتیتر، نەك هەر جەخت لەسەر گرنگی ئەخلاق و بابەتە ئەخلاقییەکان دەکاتەوە، بەڵکو مەزنترین شتێك کە قورئانی پیرۆز پێغەمبەرەکەی پێ وەسف دەکات، بریتییە لە ئەخلاق و بەها باڵاکان، ئەمە و جگە لەوەی کە ئەخلاقییاتی تایبەت بە خۆی هەیە، لەم ڕووەوە قورئان کە دوا پەیام و کۆتا کتێبی پیرۆزە، گەورەترین کتێبی ئەخلاقییە، لە دونیای ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواشدا چەندین کەسی گەورە و بیریاری دیار کاریان لەسەر ئەخلاقی قورئانی و ئەخلاق لە قورئاندا کردۆتەوە، دەتوانین (ئیزۆتسۆ) فەیلەسوف و زمانناسی بەناوبانگی جیهانی و یابانی، هەروەها بیرمەندی ناودار (عەبدوڵڵا دەراز) وەکو نموونەی دەیان کەس بهێنینەوە کە زۆر بە وردی کاریان لەم ڕووەوە کردووە.

مرۆڤ بەرامبەر بە چ شتێك بەرپرسە؟ مرۆڤ بەرپرسیارە لە هەموو ئەو کار و فەرمانانەی کە بەدەستی خۆی لە ژیاندا ئەنجامیان دەدات. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم دەستەواژەیە دەتوانین بەرپرسیاریەتی لەم سێ خاڵەدا کورت بکەینەوە:

**یەکەم: بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە خودا:**

لەڕاستیدا مرۆڤ بەهۆی ئەوەی خاوەنی عەقڵ و ئیرادەیە و هەمیشە بەدوای تەواوکاری و خۆشبەختی و ژیانێکی حەقیقی و نەمریەوەیە، ژیانێك پڕ لە خۆشگوزەرانی و خۆشبەختی و دوور لە ناخۆشی هەتاهەتایی، بەڵام دیارە ئەمە لە ژیانی کورتی سەرزەمیندا هەرگیز دەستی نەکەوتووە و ناکەوێت، بۆیە لە ڕوانگە و تێڕوانینێکی ئیسلامی و ئاییندارییەوە، بۆئەوەی مرۆڤ ئەوەی کە بەشوێنیدا وێڵ و عەوداڵە و هەوڵی بۆ دەدات، دەبێت کەسێك هەبێت ڕێنوێنی بکات و ئەو ڕێگەیەی

که خۆشبەختی کۆتایی و ژیانێکی پر لە چێژ و دوور لە ئازار و ناخۆشی هەمیشەیی بۆ دەهێنێت، پێویستە ئەو ڕێگەیە بگرێتەبەر کە بەدیهێنەرەکەی بۆی دیاریکردووە، کە خودای گەورەیە، هەربۆیە لە دیگای ئیسلامەوە مرۆڤ بۆ ئەوەی بەختەوەری هەتاهەتایی و ژیانی کۆتا نەهاتووی دەست بکەوێت، پێویستە ڕووی لە کەسێك بێت کە بەدیهێناوە، چونکە هەر ئەو زیاتر لەخۆی ئاگاداریەتی و نەك هەر ئەوە، بەڵکو لە خودی خۆی لێوەی نزیکترە، خودای گەورە لە قورئانی پیروزدا ئاماژە بەمە دەکات و فەرموویەتی: ﴿وَنَحْنُ أَقْرَبُ إِلَيْهِ مِنْ حَبْلِ الْوَرِيدِ﴾ (ق: ١٦) واتە: ئێمە لە شاڕەگی دڵی لێی نزیکترین. هەر بۆیەش ئەو ڕێگەیەش کە دەیگەێنێتە ئەو کامەرانی و ژیانە نەمرییە، ئەو بۆی دیاری دەکات. ئەمەش بە جێبەجێکردنی پەیامی خودا دەبێت کە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی، پێغەمبەرانی ناردووە بۆ گەلەکان بۆ ئەوەی ئەو ڕێگەیان پیشان بدەن، بە ئەنجامدانی ئەو شتانەی کە خودا بۆی دیاریکردووین پاداشت وەردەگرین و بە پێچەوانەشەوە بە ئەنجامنەدانیشیان سزا وەردەگرین. لێرەوە بەرپرسیار دەبین بەرامبەر بە خودا و بەرامبەر بەو ئەرکانەی لە پەیامەکەیدا بۆی ناردووین.(١)

بەرپرسیاریەتی مرۆڤیش بەرامبەر بە خودا بەتەواوی کارێکی شیاو و شایەنی تێگەیشتنە، چونکە هەموو شتێك لە ئەوەوەیە و بەدیهێنەری هەموو شتەکان هەر ئەوە و بەرەو ئەو و بۆ لای ئەویش دەگەڕێنەوە، هیچ کەسێك سەربەخۆ نییە و هیچ کام لەو بەخششانە "ماددی بن، یاخود مەعنەوی"، کە بوونیان هەیە، کەس خاوەنیان نییە و خاوەنی ڕاستەقینەیان تەنها زاتی خودایە. کەواتە مرۆڤیش کاتێك شتەکانی خودا بەکاردەهێنێت و بە بەدیهێنراو و بەخششەکانی ئەوەوە دەژی، ئیدی مافی دروستکەرەکەشیەتی لێپرسینەوەی لەگەڵدا بکات سەبارەت بە

---

١ –فلسفەای اخلاق، مصباح مجتبی، ل١٨٥.

چۆنیەتی بەکارهێنانی بەخشش و دروستکراوەکانی. بۆ نموونە: پرسیارکردن لەبارەی بەکارهێنانی ئەندامەکانی لەشەوە، چاو و گویٚ و دەست و...هتد ﴿إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كلُّ أُولَئِك كانَ عَنْهُ مَسْئُولًا﴾، (الاسراء: ٣٦). واتە: (بەڕاستی دەزگاکانی بیستن و بینین و تێگەیشتن، هەرهەموویان بەرپرسیارن بەرامبەریان). یاخود پرسیارکردن لەبارەی گەورەترین سەرمایەی ژیان کە تەمەنە... هتد. بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە پێغەمبەران و بەوەی کە شوێنیان بکەوین، هەروەها بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە دایك و باوك دەچێتە نێو بازنەی بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە خودا، چونکە خودای گەورە ئەرکی ئێمەی دیاریکردووە بەرامبەر ئەم لێپرسراویەتییانە.

**دووەم: بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە کۆمەڵگە:**

لەبەرئەوەی مرۆڤ بە تەنها خۆی ناتوانێت ژیان بەسەربەرێت و پێویستی بە دەوروبەری هەیە بۆ ئەوەی یارمەتیدەر و هاوکاری بن، لێرەشەوە دەبێتە خاوەنی کۆمەڵێك ئەرك و لە بەرامبەر ئەمەشدا خاوەنی کۆمەڵێك ماف، دیارە ئەم ئەرك و مافە گشتیین و پەیوەندییان تەنها بە خودی خۆیەوە نییە وەکو تاك، بەڵام دەبێت ڕەچاوی بکات، چونکە بە ئەنجامدانیان هەم ئەرکی سەرشانی بەرامبەر بە دەوروبەری یاخود ئەو کۆمەڵگەیەی کە تیایدا دەژی، بەجیٚ دەهێنێت، لەمەشەوە سوودی گشتی دەبێت. بە پێچەوانەشەوە ئەگەر کۆمەڵێك کار ئەنجام بدات کە شیاو نەبن، ئەوا دەبێتە هۆکاری زیانگەیاندن بە کۆمەڵگەکەی. ئەگەر مرۆڤەکان ئەرك و لێپرسراویەتی خۆیان بەرامبەر بە کۆمەڵگە بەجیٚ بهێنن، ئەوا لە ژیانێکی ئاسوودە و هێمندان، ئەگەر بەو جۆرەش نەبێت زیانێکی زۆر لە خۆیان دەدەن و کۆمەڵگایەکی ناتەندروست و نەخۆش دروست دەبێت، بەمەش ژیانی ئەو کۆمەڵگەیە دەکەوێتە مەترسی و نائاسوودەیی و نائارامی باڵی بەسەردا دەکێشێت.

**سێیەم: بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە خود:**

مرۆڤ لە هەر جێگە و پلەوپایەیەکدا بێت، لەبەرئەوەی مرۆڤە و خاوەن ئیرادە و عەقڵە، ئیدی بە هەموو پێوەرەکان بەرپرسیار دەبێت تەنانەت ئەگەر خۆی بە بەرپرس نەزانێت بەرامبەر بە خۆی، ئەوا دوو جۆرەکەی بەرپرسیاریش کە بەرپرس بوونە بەرامبەر بە (خودا و کۆمەڵگە) بوونیان نییە، لەبەرئەوەی شتێکی عاقڵانە نییە مرۆڤ کارێك بکات سوودی بۆ دەوروبەرەکەی هەبێت، بەڵام زیانی بۆ خۆی هەبێت، جگە لەوەش ئەگەر مرۆڤ زیان بە خۆی بگەیێنێت، چۆن دەتوانێت سوودی بۆ بەرامبەرەکەی و دەوروبەری هەبێت.

پێویستە لەسەر هەر تاکێك وەڵامی پرسیارەکانی من بۆچی دەژیم؟ لەم ژیانەدا چ کارێك دەکەم و خەریکی چیم؟ لە چ شوێنێکدام؟ بداتەوە، چونکە تەنها خودی خۆمان بەرپرسین لە چارەنووس و ژیانمان. هەر بەو جۆرە نییە کە بەرەڵڵا کرابین لەم سەرزەمینەدا و ئیدی کەس لێپرسینەوەی لەگەڵدا نەکرێت، هەرگیز مرۆڤی عاقڵ بەو جۆرە بیر ناکاتەوە. خودای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت: ﴿وَقِفُوهُمْ إِنَّهُم مَّسْئُولُونَ﴾ (الصافات: ٢٤)، واتە: "ئەوانە بیانوەستێنن، ئەوان پرسیارلێکراون".

٢ـ خودناسی: مرۆڤی عاقڵ لە ئەنجامی وردبوونەوە و تێڕامان لە ژیانی خۆی و دەوروبەری، ئەو ڕاستیەی بۆ دەردەکەوێت هەروەك چۆن پێویستە پێداویستییە ماددییەکانی جەستەی دابین بکات، بۆ نموونە: لە کاتی برسیەتیدا پەنا بۆ خۆراك دەبات، یاخود خۆی لە گەرما و سەرما و ژینگەکەی دەپارێزێت، زۆر پێویستیشە پێداویستییە ڕۆحی و دەروونییەکانیشی دابین بکات و لەپێناو ئاسوودەبوون و بەسەربردنی ژیانی شادی و خۆشگوزەرانی، بەتەنگ ڕۆحی خۆیەوە بێت، چونکە بەڕاستی هیچ لە هۆکارە ماددییەکانی وەکو ماڵ و سامان و...هتد، هیچ کات ناتوانن مرۆڤ ئاسوودە و شادومان بکەن، ئەمەش لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا باشتر

دەردەکەوێت، "وڵاتە پێشکەوتووەکانی ڕۆژئاوا گرفتی ئابووری، یاخود مادديیان کەمترە بە بەراورد بە هەندێ وڵات، بەتایبەت وڵاتانی جیهانی سێیەم و وڵاتانی هەژار، بەڵام ڕێژەی خۆکوشتن و بێزاری و نائومێدی گەلێك لە تاکەکانی ئەو کۆمەڵگەیانەی گرتووەتەوە"، بەشێوەیەکی زانستیانەش سەلمێنراوە کە مرۆڤی ئاسوودە و شادومان، ئەو کەسەیە کە هەم پێداویستییە ماددییەکان و هەم پێداویستییە ڕۆحییەکانی بەشێوەیەکی یەکسان دابین دەکات و هەوڵی لەپێناو هەردوو لایەنەکەدایە.

ناکرێت مرۆڤی خاوەن ژیری و عەقڵ گرنگی بە لایەنێکی بوون و پێکهاتەی بدات، ئیدی لایەنەکەی دیکە فەرامۆش بکات. بۆیە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا دەبێت بەشێوەیەکی تەواو مرۆڤ هەردوو لایەنی ڕۆحی و جەستەیی خۆی فەرامۆش نەکات. هەڵبەتە ئەوەی لە سەردەمی ئەمڕۆی تەکنۆلۆژیادا گرنگی پێدەدرێت لایەنی جەستەییە، بەبێ لایەنی ڕۆحی و دەروونی (مرۆڤ وەك ڕۆبۆت دەژی، دێت و دەڕوات و دەجوڵێت بەبێ ئەوەی ئامانج لەم کار و کردەوانەی بزانێت کە ئەنجامیان دەدات)، ئەمەش گەورەترین هەڵەیە مرۆڤەکانی سەردەمی نوێ و زانایانی بوارەکانی زانست بەرامبەر بە خۆیان و مرۆڤەکانی دیکە دەیکەن، بەڕاستی بێڕێزیکردنە بەرامبەر بە سەردار و گەورەی بوونەوەرانی سەرزەوی، دابەزاندنی مرۆڤە بۆ پلەی ئاژەڵبوون و لە مرۆڤخستن، بۆیەش (فۆکۆ)ی فەیلەسوفی فەڕەنسی، قسەیەکی جوانی لەم بارەوە هەیە، دەڵێت: "تەکنۆلۆجیا هێندەی مرۆڤەکانی داگیرکردووە، هێندە ئازادی نەکردوون".

دیارە ئاژەڵەکان تەنها لایەنی دەرەکی و جەستەییان هەیە، یاخود جیاوازییان لەگەڵ ئێمەدا نەبوونی ئەو لایەنە دەروونییەیە کە هەستکردن و درککردن و عەقڵ و ویژدانە. لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە کە مرۆڤ پێویستە لە ناخ و دەروونی خۆی وردببێتەوە ﴿وَفِي أَنفُسِكُمْ أَفَلَا تُبْصِرُونَ﴾ (الذاريات: ٢١) واتە: (لەخودی خۆتاندا)

له هەموو خانەیەکی لەشدا و له هەموو ئەندامێکدا، له هەموو کۆئەندامێکدا، له ڕۆح و نەفس و عەقڵدا...هتد، بەڵگەی بیٚ سنوور هەیه لەسەر زانایی و بەتوانایی و جوانکاری زاتی بەدیهێنەر"، ئایا ئەوه بۆ بیناییتان ناخەنه کار!؟". ئەمەش بۆ ئەوەیه گەورەیی و نرخی خۆی بۆ دەرکەوێت و خۆی به شته هەرزان بەهاکان نەگۆڕێتەوه و خۆی هەرزان فرۆش نەکات. "مهاتما گاندی" کەسایەتی ناوداری هیندستان، کتێبێکی هەیه بەناوی "مەزهەبی من"، تیایدا باس لەوه دەکات، دەڵێت: من له خوێندنەوەی "ئاپانی شادها" – که کۆمەڵێك کتێبی مەزهەبی هیندییه و چەند هەزار ساڵێك پێش ئێستا نووسراوه، به یەکێك له کتێبه گرنگەکانی دونیا دەژمێردرێت – به سیٚ بنەما و بنەڕەت گەیشتم: ئەو سیٚ بنەمایەش بریتین لەمانه:

١ـ له هەموو دونیادا یەك مەعریفەت و تەنها ناسینێك هەیه، ئەو ناسینەش ناسینی (دەروون–نفس)ه.

٢ـ ئەوەیه هەر کەس خۆی ناسی، خودای ناسیوه و جیهانیشی ناسیوه.

٣ـ ئەوەی که له هەموو دونیادا یەك هێز هەیه و ئەو هێز و توانایەش زاڵبوونه بەسەر دەرووندا. هەروەها دەڵێت: هەر کەسیش بەسەر خۆدا زاڵ بێت بەسەر جیهاندا زاڵ بووه.

"مەولانای ڕۆمی"یش له شیعرێکی زۆر بەرز و جواندا دەڵێت: ساتێك له خۆت ورد بەرەوه بزانه کێیت؟ له کوێیت؟ له چ شوێنێکدایت؟ چ شتێکی؟[(١)]

[١]– فلسفه اخلاق، مرتضی مطهری، انتشارات اسوه، چاپ دوم، سال، ١٣٧٦، ص٢٤–٢٥،

**٣- ئامانج:**

مرۆڤ بە پێچەوانەی هەموو بوونەوەرانی دیکەوە "ئاژەڵ یاخود ڕووەکەکان"، لە شوێنێکدا ناوەستێت. زیندەوەرانی دیکە گەیشتنە شوێنێکی دیاریکراو لە گەشە و تەواوی، ئیدی دەوەستن و ڕێگەیان کۆتایی دێت. بۆ نموونە: تۆوێکی گەنم بهێنە بەرچاوت پاش ئەوەی بەسەر چەند قۆناغێکی دیاریکراودا تێدەپەڕێت، ئیدی دوای ئەو قۆناغانە لە گەشە و سەوزبوون و گەڵا و قەد و بەرهەم، لە گەشە و جووڵە دەوەستێت، بەڵام مرۆڤ لەبەرئەوەی خاوەنی ڕۆحێکی گەورە و بێسنوورە و خاوەن ئامادەییەکی زۆر و هەستەکانە "وەك هەستکردن بە خۆشی و ناخۆشییەکان"، ئیدی داخوازی و هیواکانیشی بێ سنوورن، ئەمەش نەك تەنها قۆناغەکانی ژیان تێری ناکەن، بەڵکو زیاتر هەست بە تینوویەتی دەکات و هەوڵی خۆی زیاتر بەگەڕ دەخات. نهێنی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە مرۆڤ خاوەن ئامانج "هدف"ە، بۆیە خودای گەورە لە ئایەتێکدا دەفەرموێت: ﴿أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ﴾، هەروەها بۆ گەیشتن بە هەموو ئامادەیی و تواناکانی خۆی بەکاردەهێنێت.

لەڕاستیدا ئامانجە بنەڕەتییەکانی ژیانیش، ئەوانەن کە هەردەم دەمێننەوە و"واتە نەمر و پایەدارن"، گەیشتن بە ڕەزامەندی خودای گەورە لە تێڕوانین و دیدی ئایینییەوە گەورەترین ئامانج و کۆتا مەبەستە، دیارە ئامانجە گەورەکان ئامانجی گەورەش لەخۆدەگرن. لە نێو هەموو ئەو بەخششانەی خودای مەزن بە مرۆڤەکانی بەخشیوە، دەتوانین ئاماژە بۆ دوانیان بکەین:

١- توانای بیرکردنەوە: خودای گەورە لە چەندین ئایەتی پیرۆزدا ئاماژەی بە گرنگی تێڕامان و بیرکردنەوە کردووە و داواش لە مرۆڤەکان دەکات کە بیر بکەنەوە

و عەقڵیان بەکاربهێنن، وەك ئاماژەکانی: ﴿أَفَلَا تَعْقِلُونَ، أَفَلَا تَتَذَكَرُونَ، وَيَتَفَكَرُونَ فِي خَلْقِ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ....﴾.

٢- توانای هەڵبژاردن: مرۆڤ تاکە دروستکراوە توانای هەڵبژاردنی هەیە و خاوەن ئیرادە بێت، تەنانەت لە گرتنەبەری ڕێگەی ڕاست یان بە پێچەوانەوە. وەك دەفەرموێت: ﴿إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كفُورًا﴾.

هەر لەبەر ئەمەشە خودای گەورە ڕێگەی ڕاست پیشانی مرۆڤەکان دەدات، هەرچەندە خۆیان سەرپشکن لە هەڵبژاردنی هەریەکەیاندا ﴿إِنَّا هَدَيْنَاهُ السَّبِيلَ إِمَّا شَاكِرًا وَإِمَّا كفُورًا﴾، یان ﴿فَمَن شَاءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَاءَ فَلْيَكفُرْ﴾، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا سەرەنجام کۆتایی و سەرەنجامی هەردوو ڕێگەکەی بۆ ئێمەی مرۆڤ دیاریکردووە، لێرەشەوە بەرپرسیاریەتی بۆ مرۆڤ زیاد دەبێت، ئەمەش یەکێك لە جیاکەرەوەکانی مرۆڤە، لەگەڵ هەموو بوونەوەرانی دیکە.[1]

---

[1] -پرۆگرامی خوێندنی دواناوەندی کۆماری ئیسلامی ئێران "آین و زندگی" پۆلی (١٠)، ل١٠-١٦.

## ئەخلاق و زانست:

لەڕاستیدا هەموو زانستەکان دوو دیویان هەیە، دیوێکیان بەکارهێنانی زانستەکەیە، واتە دیوی کرداری زانستەکەیە و دیوەکەی تریان دیوی نەبینراو و مەعنەوی ئەو زانستەیە کە پەیوەندی بە ناخ و دەروونی کەسەکانەوە هەیە. بۆ نموونە: زانستی پزیشکی دوو دیوی هەیە، دیوێکیان فێربوونی زانستەکەیە و چارەسەرکردنی نەخۆشەکانە و دیوەکەی تریان کە دیوی ئەخلاقییە، چاك بەکارهێنانی ئەو زانستەیە. (لەم سەردەمەدا لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانیشدا دزینی ئەندامەکانی وەکو دڵ و گورچیلە و... هتدی نەخۆش و مردووەکان ڕوودەدات، ئەمەش بەبێ ئاگاداری کەسی نەخۆش)، تەنانەت گەورەترین بازرگانی پێوە دەکرێت.[1] کە ئەمەش بەکارنەهێنانی ئەخلاقییاتی پزیشکییە.

ئەگەر زانست بریتی بێت لە تێگەیشتنی ئێمەی مرۆڤ بۆ سروشت،[2] ئەوە بە گوتەی ئیمامی غەزالی، زانستە ئەقڵیەکان دابەش دەبن بۆ دوو جۆر:

(زانستە دونیاییەکان و زانستە ئاخیرەتیەکان)، زانستە دونیاییەکان پێویستیان یاخود لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوە و عەقڵی ڕووتن، وەکو نۆشداری و پزیشکی و ئەندازە و...هتد، بەڵام زانستە ئاخیرەتیەکان تەنها بە عەقڵ ڕوون نین و لێك نادرێنەوە، بەڵکو دەبێت ئیرادە و ڕۆحی مرۆڤ لەگەڵیاندا هەبێت، وەکو: زانستی[3] حاڵ و باری دڵەکان، بەڵای کارەکان، ناسینی خودای گەورە،... ئەم دوو زانستەش لێك جیاوازن. بۆیە "جاحظ" بڕوای وایە عەقڵی مرۆڤ ناتوانێت بە جۆرێکی تێر و تەواو ڕاستییە دەرەکییەکان ببینێت، چونکە عەقڵ سنووربەند کراوە

---

[1] – پارهای انسان شناسی، ناصر فكوهی، نشر نی، تهران، چ١، ١٣٨٥، ص٣٢٢– ٣٣٠.

[2] – قبض و بسط تئوريك شريعت، د.عبدالكريم سروش، مؤسسة فرهنگی صراط، تهران، چاپ ششم ١٣٧٧، ص٤١.

[3] –لۆژیکی ابن خەلدوون، د.علی وەردی، و.عبدالله جبار، چاپەمەنی گەنج، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦، ل٨٠.

له بوارێکی دیاریکراودا، عەقڵ وەکو حاڵەتی یان هەستی بینین وایە، مرۆڤ بە چاو دەبینێت و تەماشا دەکات، بەڵام ناتوانێت هەموو شتەکانی دونیا ببنێت، چونکە هەستی بینینی مرۆڤ سنووردارە.[١]

ژنە شاعیری ئێرانی دیار "پەروین ئیعتیصامی" دەڵێت:

لەبەر ئەوەی زانست کانزایە و ڕۆح تیایدا ئیش کەر

پەیوەندی زانست و گیان وەکو کارەبا و تەلی کارەبایە[٢]

بیرمەندی عەرەبیش "د. محمد عابد الجابری" سەبارەت بە زانست و پەیوەندی لەگەڵ ئەخلاقدا دەڵێت: "زانست بە تێگەیشتن، واتە: بوونی هەیە و پانتایی ناسینە بۆ ئەزموون و هزر دەگەڕێتەوە، لەکاتێکدا ئەخلاق بۆ ئیرادە دەگەڕێتەوە و پانتاییەکەشی ڕەفتارە"[٣].

زانست و هاتنە ناوەوەی تەکنۆلۆژیا لەم سەردەمەدا بە تەواوی خەریکە بچووکترین نرخ و بەها بۆ مرۆڤ و مرۆڤایەتی دانانێت، ئەوەتا زۆر جار زانست و ئەخلاق پێچەوانەی یەکدین، لە ژیانی ڕۆژانەدا ئەوە، تا لە زانستی بایۆلۆژیدا پشتێنی دەستکرد بۆ (أطفال الأنابيب) بۆ منداڵی شووشە دەکرێت، کە پێشتر بە (القتل الرحيم) کوشتنی کۆرپەلە ناودەبرا، کە ئەم کارە تەواو پێچەوانەی ئەخلاق و دژ بە مرۆڤایەتییە،[٤] یان بابەتی کۆپیکردنی مرۆڤ...هتد.

لەڕاستیدا پچڕانی زانست لە ئەخلاق لە سەدەی (١٧) بەداوە ڕوویدا، چونکە بەهۆی ئەو دۆزینەوە زۆر و سەرسوڕهێنەرانەوە کە دەرکەوتن ئیدی بە گوتەی فەیلەسوفانی هاوچەرخ، زانست و عەقڵ بوونە خودا و لە بەرامبەر ئەمەشدا، لاوازی

---

[١] –هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧١.

[٢] –گنج و گنجينه (نثر، شعر) د. زبيح الله، انتشارات فردوسی، چ٢، ١٣٦٣، ص٧.

[٣] –گۆڤاری هەژان، ژمارە (١٦)، ٢٠٠٥، ل١٥٤.

[٤] – الاسلام بين الشرق والغرب، د.علی عزت بيگوفيچ، الطبعة الاولی، ١٩٩٤، ص١٨٩.

کڵێساکان و ئایینی مەسیحیەت و دەستەوسانییان بەرامبەر پرسیارەکانی زانایـان و خەڵکی و دژبوونیان لەگەڵ زانستی نوێ، گەلێك لە نووسەرە ناودارەکان، نـەك هـەر بابەت، بەڵکو کتێبیان نووسـی سـەبارەت بـە وازهێنانیـان لـە ئـایینی مەسـیحیەت، بەڵام ئەمە لە سەردەمەکانی پێشوودا کتومت پێچـەوانە بـوو، واتـە پەیوەندییـەکی پتەو لە نێوان بابەتە ئایینییەکان و بابەتە زانستییەکاندا هەبوو، بۆ نموونە: یـەکێك لە ڕاڤەکارانی گەورەکانی بەرهەمەکانی ئەرستۆ لە جیهانی ئیسلامیدا، زانا و پزیشك و فەیلەسـوفی بـەناوبانگ "ئـیبن ڕوشـد"ە، کـە لـە سـەدەی (١٢)ی زایینیـدا لـە ئیسـپانیادا ژیـاوە، ئـەم زانایـە بـاوەڕی وایـە کـە فەلسـەفە بەشـێوەیەکی گشـتی و فەلسەفەی ئەرسـتۆ بەشـێوەیەکی تایبـەتی، ڕێگـەی ڕاسـتەقینەن بـۆ گەیشـتن بـە حەقیقـەت و لـە ڕێگـەی گەیشـتن بـە خـودا و کەشـفی زیـاتری ئیمـان بەتـەواوی ڕێگەیەکی خێراتر و زۆرترە.[1]

بۆیە زانست ئەگەر لەگەڵ بەهاکاندا نەبێت، ڕەچاوی ئەخلاق نەکات ئەوا زیانی لە سوودی گەلێ زیاترە، ئێمە دوو جۆر زانستمان هەیە، سوودبەخش و زیانبەخش. زانست بە گوتەی (ئیمامی غەزالی) هیچ کات بێ کاریگەر نییە.[2] بیرمەندی ئێرانی "د.سروش" دەڵێت: سەدەی نۆزدە سەدەی غروری زانستی ئەزموونییە، بۆ نموونە: دەیانگوت جیهان بابەتێکی میکانیکی سادەیە، هەروەها دەیانگووت: نیوتن یاسای جووڵەی بۆ هەموو سەردەمەکان کەشف کردووە. دیکارتیش گووتبووی: درێژی و جووڵەم بدەرێ جیهان دروست دەکەم، چونکە ئەمانە زانستیان بە مانای یاخود بەرامبەر نەزانین وەرنەگرتبوو، بەڵکو زانستیان بەرامبەر هەموو ئەو زانستانە وەرگرتبوو، دایان نابوو، کە ئەزموون ناکرێت، وەك: ئەخلاق، میتافیزیك.

بۆیە "سەعدی شیرازی" شاعیری بەناوبانگ دەڵێت:

---

١ –آشنایی با ارستو، پل استراترن، ت: شهرام حمزەای، نشر مرکز، چاپ چهارم، ١٣٨٦، ص٤٩.

٢ –حکمت و معیشت، عبدالکریم سروش، مؤسسه فرهنگی صراط– تهران، چاپ٢، ١٣٧٨.

**بـــــار درخت علــم نـــدانى بجز عمـــل**

**با علم اگــــر عمل نكنى شاخ بى بـــرى**

**از صــد يكى به جاى نياورده شرط علم**

**و ز حـــب جاه در طلب علـــــم ديگرى**

واته: بارى درەختى زانست شتێكى ديكە نييە جگە لە كردەوە، ئەگەر كردەوە بە زانست نەكەى درەختى بێ بەرى، لە سەد كەس كەسێك مەرجى زانستى بەدى نەهێناوە، بۆيە بە شوێن زانستى ديكەوەى[1].

عاريف و شاعيرى گەورەى نەتەوەكەشمان "مەولەوى تاوەگۆزى"دەفەرموێ:

**علم چون درەخت عەمەل سەمەرەن**

**عيلمى بێ عـەمـــەل باخى بێ بەرەن**

واتە: زانست وەكو درەخت، كردار بەرهەمە، زانستى بێ كردەوە، باخى بێبەرە.

ئەخلاق ئەو زانستانەى كە بوارى ئەزموونكردنيان يەكجارە بە تەنها و ناكرێت جارێكى دى دووبارە بكرێنەوە، واتە ئەزموون ناكرێت، بۆ نموونە: دۆزينەوەى دەرمانى نەخۆشييەك، تۆ بتەوێت لەسەر مرۆڤ تاقى بكەيتەوە. بزانين چاكە يان نا، ئەگەر خراپ بێت دەيكوژێت و ئەگەر بە پێچەوانەوە چاك بێت نايكوژێت، ئەمەش شتێكە ناكرێت[2]. بۆيە لەم سەردەمەى تەكنۆلۆژيا و پێشكەوتنە زانستييەدا كەمترين حيساب بۆ مرۆڤ و مرۆڤايەتى نەكراوە و بە گوتەى زاناى فيزياى (ئەنيشتاين)يش، ئەگەر زانست لە خزمەت مرۆڤ بێت، خۆشبەخت و سەردەكەوێت، ئەگەر مرۆڤ لە خزمەت زانست بێت، وەكو ئەم سەردەمە نوێيە، دەبێت كە چەك و تەقەمەنى و ئامێرەكانى، دژى مرۆڤەكان بەكاردەهێنرێت.

---

[1] -علم چيست، فلسفه چيست، د.عبدالكريم سروش، مؤسسه فرهنگى صراط، تهران، چ١٥، ١٣٨٢، ل٣.

[2] گفتوگۆ لەگەڵ تەحسين حەمە غەريب، تەلەفزيۆنى يەكگرتوو، شەوى ١٥-٢٠٠٧/٤/١٦، بەرنامەى پەيڤين.

زانست دەبێت ئەهلی دڵ هەڵی بگرێت، نەك ئەهلی ماددە و جەستە، دەبینین ئەوانەی زانان، گەلێك لەوانە ئەخلاقییانە و مرۆڤانە مامەڵە ناکەن، چونکە وەکو پێشتر گوتمان، زانست بێ لایەن نییە، یان بەسوودە یاخود زیانی هەیە، "مەولانای ڕۆمی" لە مەسنەوی مەعنەوییەکەیدا دەڵێت:[1]

**علم های اهـــــل دل حمالشان**

**علم های اهـــــل تن احمالشان**

**علم چون بر دل زند یاری شود**

**علم چون برتن زنند باری شود**

واتە: کۆمەڵێك ئەهلی دڵ زانستیان هەڵگرتووە، کۆمەڵێك ئەهلی جەستە و بەجەستە هەڵیان گرتووە، ئەگەر زانست بە سەر دڵەوە بنیشێت دەبێتە هاوڕا و هاودەم و هاوڕێی، بەڵام ئەو زانستەی بەسەر جەستەوە بنیشێتەوە، دەبێتە کۆڵێك بەسەریەوە. پاشان ئاماژە بەو ئایەتە پیرۆزە دەکات کە دەفەرموێت: ﴿مَثَلُ الَّذِينَ حُمِّلُوا التَّوْرَاةَ ثُمَّ لَمْ يَحْمِلُوهَا كَمَثَلِ الْحِمَارِ يَحْمِلُ أَسْفَارًا﴾. واتە: وێنەی ئەوانەی تەوراتیان هەڵگرت، درا بەسەردا تا پەیڕەوی بکەن، پاشان هەڵیان نەگرت و پەیڕەویان نەکرد، وەك گوێدرێژێك وایە کە باری کتێبی هەڵگرتبێت.[2]

ئیدی ئەگەر زانست لە خزمەت مرۆڤ و بەها ئەخلاقییەکان ڕەچاو نەکات، دەبێتە بەڵاو لەناوبەری بەها ئەخلاقییەکان و مرۆڤەکانیش بەدەستی خۆیان خۆیان لەنێو دەبەن و لە لەناوچوون نزیك دەبنەوە.

---

[1] مثنوی معنوی، مولانا جلال الدین محمد بلخی، با مقدمه عبدالحسین زرین کوب، چاپ مهارت، تهران، سوم ٣٨٤، ص١٣٠.

[2] تەفسیری قورئانی پیرۆز، ن: بورهان محمد امین، چاپی پێنجەم، ٢٠٠٣.

## بۆچی مرۆڤ بەئەخلاق بێت؟

کاریگەری ئەخلاق و ئاکارە بەرزەکان چییە؟

دیارە سوود و دەرەنجامەکانی ئەخلاق و ژیانی ئەخلاقییانە گەلێکن، بەڵام لێرەدا لە چەند خاڵێکدا کورتیان دەکەینەوە:

١ـ داخوازییە کۆمەڵایەتییەکان فەراهەم دەکات: بەمەش ژیانی ناو کۆمەڵگە ئاسان و دوور لە گرفت دەکات، ئەگەر هاوڵاتیان و تاکەکانی کۆمەڵگەیەك ئەخلاقییانە مامەڵە لەگەڵ یەکدا بکەن، ئەوا داخوازییە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی ئاسانتر و دڵنیاییتر و بە ڕێگەیەکی خێراتر بەدی دێن. مەبەست لە داخوازیە کۆمەڵایەتییەکانیش زۆرن، بەڵام لێرەدا ئاماژە بۆ هەندێکیان دەکەین:

١ـ ڕێکخستن و دووربوون لە شێواوی.

٢ـ ئاسایش و ئارامی.

٣ـ خۆشگوزەرانی.

٤ـ عەدالەت و دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

٥ـ ئازادی.

بۆیە ئەم پێنج داخوازییە کۆمەڵایەتییە فەراهەم دەبن.

٢ـ داخوازییە دەروونییەکان فەراهەم دەکات: کاریگەری و جێکەوتی دووەمی ئەخلاق و مامەڵەکردنی ئەخلاقییانە، دەست گەیشتن بە داخوازی و داواکارییە دەروونییەکان. کاتێك تاکێك ئەخلاقییانە ژیان بەسەر دەبات، بێجگە لەلایەنی کۆمەڵایەتی، بۆ خودی خۆیشی سوود و گەیشتنە بە داخوازی و ویستە مەعنەوی و ڕۆحییەکانی. جیاوازی مرۆڤێکیش کە ئەخلاقییانە مامەڵە دەکات لەگەڵ کەسێکی دیکە کە نائەخلاقییانە مامەڵە دەکات و دەژی، حیساب بۆ بەها بەرز و باڵاکان ناکات جیاوازە و کەسێك ئەخلاقییانە بژی، بە لایەنی کەمەوە ئەم داخوازیانەی دەست دەکەوێت:

١ـ ئارامش و ئاسوودەیی.

٢ـ شادومانی دەروونی.

٣ـ دۆزینەوە و گەیشتن بە مانای ژیان.

گۆڕان لە دەروون و ڕۆحی مرۆڤەکاندا دروست دەکات: مرۆڤ دوو لایەنی سەرەکی هەیە، ئەوانیش لایەنی دەروونی و ڕۆحی و لایەنی جەستەییە، دیارە ئاژەڵەکان تەنها لایەنی جەستەییان هەیە، پڕکردنەوەی لایەنی ڕۆحی و مەعنەوی بە ئەخلاق دەبێت و مرۆڤ بۆ ئەوەی بگۆڕێت، نابێت گۆڕان لەلایەنی جەستەیی و دەرەوەیدا بکات، چونکە ناخ گرنگترە وەك لە ڕووکاری دەرەوە، هەر ئەم ناوەڕۆك و دەروونەشە کە کاریگەری و جێکەوتی لەسەر کردارەکان هەیە. هەڵبەتە گۆڕانی ڕۆح و دەروون شتێکە لە سەروو ئارامش و ئاسوودەبوون و شادییەوەیە، چونکە مرۆڤ لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی دیکە دەگۆڕێت، مرۆڤ وردە وردە پەیوەندییەکانی جیاواز دەبن و گۆڕانێکی ڕۆحی قوڵی بۆ دروست دەبێت.[1] ئەمەش ڕەنگدانەوەی لەسەر ڕەفتار و هەڵسوکەوت و لایەنی کۆمەڵایەتیش دەبێت.

دەتوانین مرۆڤ بە نموونەی ڕووەکێك بچوێنین: ڕووەکەکان لەسەرەوە گەشە دەکەن و قەد و گەڵاکانیان گەورە دەبێت، بەڵام لە ڕەگ و ڕیشەوە ئاو و خۆراك وەردەگرن، کەچی ڕەگەکانیان دیار نییە، ئەگەر خۆراك کەم بێت، یاخود ئاو بەپێی پێویست نەخواتەوە، کاریگەری لەسەر ڕوخسار و ڕووکاری ڕووەکەکە دەبێت. لە قورئانی پیرۆزدا خودای گەورە نموونەی مرۆڤی باوەڕدار و ئیماندار بە درەختێکی بەرهەمدار دەهێنێتەوە کە سوودی بۆ هەمووان هەیە، چونکە سەرچاوەکەی پاك و ئاوی زوڵاڵە، بۆیە بەرهەمەکەشی بەسوودە.

[1] – پێگەی موستەفا مەلەکیان، گفتوگۆ لەگەڵ مەلەکیان، ساڵی ١٣٨٧.

# جوگرافیای هەرێمی ئەخلاق

**پێشەکی:**

ئەو کاڵا گرانبەهایەیە ژیان بەبێ ئەو مەحاڵە، بە جۆرێك مرۆڤ گەر گریمانەی ئەوە بکات ئەخلاق بوونی نەبێت، یان مرۆڤەکان ئەخلاقییانە مامەڵە نەکەن، ئیدی مەحاڵبوونی ژیان لە نێوان مرۆڤەکان و مرۆڤایەتیدا دەردەکەوێت و بوونی نابێت، بۆیە ئەخلاق لەگەڵ بوونی مرۆڤایەتیدا بوونی هەبووە و هەیە و ژیان بەبێ ئەم چەمك و گوتەزایە مانای نابێت. لە سەردەمی نوێشدا بیریاران و عاقڵەکانی سەردەم، زێدەتر هەستیان بە گرنگی و هەبوون و پێویستبوونی مامەڵەی ئەخلاقییانە لە نێوان مرۆڤەکاندا کردۆتەوە و پێیان وایە لە ڕۆژگارێکدا ژیان بەسەر دەبەین پێویستی مرۆڤ بۆ ژیانی ئەخلاقییانە و ئەخلاقییانە ژیان هەیە، لەبەر چەند هۆکارێك کە پەیوەندییان بە سەردەمی نوێ و دەرکەوتنی تەکنۆلۆژیا و بەرهەمەکانی درەختی بیری نوێوە هەیە، زۆر لە سەردەمەکانی پێشوو پێویستترە، بە درێژایی مێژوو مرۆڤ نیازمەندی ژیانی ئەخلاقییانە بووە، هیچ کات پایەی ئەخلاق و ئەخلاقییانە ژیان بۆ مرۆڤ شتێکی زیادە و جوانکاری نەبووە، بەڵام لە ڕۆژگاری نوێدا واتە ڕۆژگاری پاش شەڕی جیهانی دووەم، پێویستی مرۆڤ بە ژیانی ئەخلاقییانە پلە بە پلە بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوودا زیاتر بووە.

ئێستاکە لە ڕۆژگارێکدا ژیان دەگوزەرێنین پێویستیمان بە ئەخلاقییانە ژیان زۆر گرنگتر بووە و لەلایەکی ترەوە ئەخلاقییانە ژیان پلەپلە بە بەراورد لەگەڵ سەردەمەکانی پێشوودا دژوارتر و پڕ کێشەدارتر بووە، هەم گەڕانەوە بۆ ئەخلاق و هەم قووڵبوونەوە لە ئەخلاقدا هەردووکیان دەبێت لەم ڕۆژگارەدا زیاتر لە لایەن بیرمەندان و چاکسازان و دڵسۆزانی بارودۆخی مرۆییەوە جەختیان لەسەر بکرێتەوە، بۆیە بارودۆخی ئێمە سەبارەت بە ئەخلاق کتومت وەکو نەخۆشێکە کە لە نیوەی شەودا پێویستی بە پزیشکە، لە لایەکەوە زیاتر پێویستی پێیەتی لە هەر کاتێکی تر و لە لایەکیترەوە دەست گەیشتن بە پزیشك لە هەر کاتێکی تر کەمتر.[1]

تەنانەت فەیلەسوفی ئوسترالی (پیتەر سینگەر) کە بە کاریگەرترین و دیارترین فەیلەسوفی ئەخلاقی زیندوو و بە گوتەی هەندێك، بە گەورەترین فەیلەسوفی دونیا لە ئەمڕۆدا دەژمێردرێت، بە بۆچوونە ئەخلاقییەکانی لەمەڕ بەرگریکردن لە مافی ئاژەڵان و گیانەوەرانی تر ناسراوە، باوەڕی وایە ئەرکی ئێمە بەرامبەر مرۆڤەکانی تر لە هەر شوێنێکی دونیادا بن بە هەمان ئەندازەی ئەرکمانە کە لە بەرامبەر هاونیشتمانیانی نێو وڵاتەکەمان هەمانە، هەروەها پێی وایە ئاژەڵیش مافی هەیە و دەبێت پێشێل نەکرێت، تەنانەت باوەڕی وایە مافی ئاژەڵانیش لە ڕووی ئەخلاقییەوە بە ئەندازەی مافی مرۆڤەکان جێگای گرنگی پێدانە[2] و ئەمە و چەندین بابەت و شتانی دیکەی ئەخلاقی لە سەردەمەکانی پێش ئێمەدا کە سەردەمی (ئەرك سەنتەری) بووە، لەجیاتی (ماف سەنتەری) بوونیان هەیە و لە ئەخلاق و فەلسەفە ئەخلاق و پێوەرە ئەخلاقییەکاندا باسیان لێوە دەکرێت.

---

[1]- ئەخلاق و مەعنەوییەت، کۆمەڵە نووسەر، و. موسعەب ئەدهەم و فاتیمە ئەدهەم، ل٣٥–٣٦.

[2] – سایتی "صدا نت".

لەم بابەتەدا هەوڵدەدەین بە کورتی وێنەی جوگرافیای سەرزەمینی ئەخلاق بناسێنین، دەڵێین تەنها وێنە، چونکە هەر یەکێك لەو هێڵانەی لەبارەیانەوە نووسراوە و سەرزەمینێك، بەڵکو جیهانێکی گەورەتر و بەرینترن، گەر وێنەکە گەورەتر بکرێت لە نووسینێکی بچکۆلانەی وەکو ئەمەدا جێگەی نابێتەوە، بەو ئومێدەی خوێنەر خۆی بتوانێت بچێتە نێو وێنە گەورەکەی هەر کام لەو هێڵانەوە و جیهانی قەشەنگ و بێسنووری ئەخلاق و ئەخلاقناسی زێدەتری بۆ نومایان ببێت.

**ئەخلاق چییە؟**

ئەخلاق (Ethic) لقێکە لە لقەکانی زانستە مرۆییەکان کە بابەتی (دروستی یان نادروستی) خوو و ڕەفتارەکانی مرۆڤە. یەکێکە لە یەکەمین ئەو کتێبانەی بەشێوەیەکی سەربەخۆ باسی لە زانستی ئەخلاق کردووە، بریتییە لە کتێبی ئەخلاقی (نیکوماخوس)ی بەرهەمی (ئەرستۆ).

**ئەخلاق لە زمانناسیدا**

لە دیدگای زمانی گشتی و هونەری و زانستییەوە ئەخلاق بە سێ مانا بەکاردێت:

١ـ خلق: واتە خوو، سروشت، عادەت و کۆکەشی بریتییە لە ئەخلاق.

٢ـ سیفەتی ئەخلاقی: بکەری ئەنجامدەری کردارێکی ئەخلاقی لە هەل و مەرجی تایبەتدا و بە شێوەی ناخودئاگا و مەرجدار، وەکو بەخشندەیی و وتنی درۆ.

٣ـ کرداری ئەخلاقی: ئەو جۆرە کردارەی، کە بتوانرێ لەمەڕ باش بوون یان خراپبوون بڕیاری لەسەر بدرێ، دەتوانرێ ئاگایانە یان بێ ئاگایانە و ئاسایی بێت، وەکو بەخشینی شتێك و درۆکردن.

**لقەکانی ئەخلاق:**

ئەخلاق بۆ سێ لقی تەواو دابەشکراو، دابەش دەبێت:

فەلسەفەی ئەخلاق یان بان ئەخلاق: لقێکە لە فەلسەفە و ئەرکی وەڵامدانەوەی ئەم جۆرە پرسیارانەیە بە ناونیشانی پایە و بنەمای ئەخلاقی تیۆرین، ئەو پرسیارانەش:

- باش و خراپ مانای چییە؟

- چییەتی و حەقیقەتی چەمکە ئەخلاقییەکان چین؟

- بابەتە ئەخلاقییەکان هەواڵین یان داڕێژراو (انشائی)؟

- بابەتە ئەخلاقییەکان جیهانی و نەمر (ڕەها)ن یان سەرزەمینی و کاتی (ڕێژەیی)؟

- پێوەری گشتی چاکی و خراپی سیفەتێك یان ڕەفتارێکی ئەخلاقی چین؟

- مەرج و لایەن و بوارەکانی بەرپرسیاریەتی ئەخلاقی چییە؟...

٢- ئەخلاقی تیۆری: ئەرکی لێکۆڵینەوەی سیفەت و کردارە ئەخلاقییەکان و وەڵامی ئەم چاوەڕوانیانەیە:

- ناسین، دەستەبەندی و پێناسەی سیفەت و کردارە ئەخلاقییەکان لە بواری گشتیدا.

- ناسینی ڕیشەکان و کاریگەرییەکانیان.

- بڕیاردان لەبارەی باشی یان خراپی سیفەتە گشتییەکان، "ئەو سیفەتانەی سنووردار نین بە لایەنێکی تایبەتی ژیانەوە"، ئەم بەشەی ئەخلاق هونەرێك یان شێواز، یان یاسا یان دەبێت و نەبێتە، نەك زانستێك، واتە پەیوەستە بەوەی دەبێت، نەك ئەوەی کە هەیە.

- ناساندنی بوارە تایبەتەکانی ئەخلاق.

- پێدانی توانای بەڵگەهێنانەوە لەمەڕ چاکی، یان خراپی کردار و سیفەتە ئەخلاقییەکان لە بوارە تایبەتەکاندا بۆ مەبەستی فێرکردن.

٣ـ ئەخلاقی کرداری یان پەروەردەی ئەخلاقی: هونەرێکە بۆ گەیشتن لە دۆخی خوازراوی نەبووەوە بۆ دۆخێکی هەبووی نەخوازراو لە ئەخلاقدا. لەم ڕووەوە ئەخلاق بنەمای مەعنەوییەتە و ئەو مرۆڤەی ئەخلاقیترە، مەعنەویتریشە. هەروەها ئەم بەشەی ئەخلاق هونەرێکە، لە گرنگترین ئەو بابەتانەی لەم بەشەی ئەخلاقدا دەخرێنەڕوو، دەتوانین ئاماژە بۆ ئەم خاڵانە بکەین:

ـ ناسین و سوودوەرگرتن لە بنەمای ڕەفتار.

ـ شێوازی دروستکردن و لەناوبردنی سیفەتی ئەخلاقی.[١]

ئەخلاق جیا لەو هەموو پێناسە و وەسف و تایبەتمەندییانەی بۆی دانراوە و لە ڕووی دەروونناسی و فەلسەفە و ئایین و... هتدەوە سەیرکراوە و هەر یەکێك لەو کایانەش جۆرێك لە جۆرەکان و بە نیگا و دیدی خۆیان بە کۆمەڵێك تایبەتمەندی و وەسف بۆی قایل بوون، ئەوا دەشێ بڵێین لە ڕستەیەکی کورتدا ئەخلاق بریتییە لە زانستی داوەریکردن لەبارەی چاکی یان خراپی ڕەفتار و ڕەوشتەوە. هەم کاری خراپ ئەخلاقییە، واتە لە ڕووی ئەخلاقییەوە خراپە، هەمیش کاری چاك ئەخلاقییە، واتە لە ڕووی ئەخلاقییەوە باش و چاکە.[٢]

ئەخلاق، هەڵبژاردنی نێوەندە، واتە لە نێوان دوو شت، کتێبی (نیکۆماخوس)ی (ئەرستۆ) هەر فەزیلەتێك لە نێوان دوو ڕەزیلەتدا دانیشتوە، (افراط) لای ڕاست و (تفریط) لای چەپ. نموونە: بێباکی –ئازایەتی– ترسنۆکی.

ـ یەکێکی تر لە پێوەرەکان، جیهانییە، ئەوەی بۆ خۆت پێت خۆشە، بۆ ئەوانیتریش پێت خۆش بێت و بە پێچەوانەشەوە.

---

[١]- سایتی "باشگاه اندیشه". http://fa.wikipedia.org .

[٢]– سایتی عبدالکریم سروش، بەشی وتارەکان، وتاری سلوکی ئەخلاق سەنتەری.

ـ ئەخلاقی ئایینی، ئەگەر ئەخلاقی ئایینی هەڵبژێرین، ئەوا لێرەش پێوەرێکمان هەیە و ئەو پێوەرەش ئەوەیە سەیر بکەن و بزانن پێداویستی تەقوا چییە؟[1] تەنانەت فەیلەسوف و بیریاری ئیسلامی (د. سروش) پێی وایە، (تەقوا) لە عەدالەت گەورەترە و عەدالەت دەکەوێتە ژێر چەتری (تەقوا)وە، لەکاتێکدا عەدالەت، بریتییە لە کۆی ڕێسا ئەخلاقییەکان، بۆیە کردار و ڕێسا ئەخلاقییەکانیش دەکەونە ژێر چەتری (تەقوا)وە.

هەروەها پێداویستی چاکەکردن و چاکی و پاکی چییە، شەرم لە خودا بکەن و ئەم شەرمەش لە خۆتاندا پەروەردە بکەن و هەوڵبدەن بەندەیەکی لە خواترس و گوێڕایەڵ بن، هەروەها دەتوانین بڵێین ئەخلاقی ئایینی لەسەر دوو بنەمای ئاگادارکردنەوە "انذار" و موژدەدان "تبشیر" بوونیاد نراوە، واتە لە لایەکەوە ترس و لە لایەکی ترەوە تەماع و هەوڵدان بۆ شتێك. دیارە شتانی دیکە لە قورئاندا هەن، بەڵام قورئانی پیرۆز بۆ هەموو مرۆڤەکانە، بە زاناکان و نەزانەکانەوە، خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە، فەیلەسوفەکان و عاریفان و ڕۆح مەزنەکان و مرۆڤە ئاسایی و ڕۆح بچووك و بیر گچکەکان و مرۆڤە سادەکان، گەرنا دەشێ چەندین ئایەتی دیکەمان هەبێت، کە جۆرێکی تر لێیان تێ بگەین و ساتی فەلسەفی و عیرفانییانە زۆر هەبن کە وەك خودی قورئان ئاماژەی پێکردووە، پێویستمان بە چاو و گوێ، ناوەکی و نەبینراوە، تاکو کاتێك بەلایاندا تێدەپەڕین پێیان بزانین و ئاوڕیان لێ بدەینەوە و ئەو گەنجینە پڕ لە گەوهەرانە دەست بخەین.

---

[1]-لەبارەی وشەی (تەقوا) لە قورئانەوە بۆچوونی جۆراوجۆر هەیە، بەڵام تەقوا بەمانا فراوانەکەی گەر لە خواترسان بێت، ئەوا ئەو ترسە ترسێکە گەورەترە لە ترسی دەروونی و ئەوەی ترسە باوەی هەیە، چونکە ئەم ترسە لە مەزنی خودا و بچووکی بەندە دروست دەبێت و مرۆڤ تووشی حیرەت و سەرسوڕماوی دەکات، هەروەك ئەوەی کاتێك لەبەردەم دەریایەکدا دادەنیشین و هەست بە بچووکی خۆمان و مەزنی دەریا دەکەین، حیرەت دەمانگرێت.

–خالێکی دیکە کە یەکێکە لە دەستوور و ڕێنماییە کردارییە ئەخلاقییەکان لە ژیاندا، ئەم ئایەتەی قورئانی پیرۆزە کە دەفەرموێت: ﴿لَن تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّي تُنفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ﴾. بەو مانایەی ئەو شتەی خۆشتان دەوێت، نەك ئەو شتەی لەبەرچاوتان کەوتووە و خۆشتان ناوێت، ئەوەی بە گیانتانەوە چەسپاوە ئەوە لابەرن و بیبەخشن و بیدەنە ئەوی دی، لەم کاتەدا مرۆڤ دەتوانێت بە تەواویی "کمال" بگات، بۆیە تەواویی "کمال" ئەو کاتەیە مرۆڤ جورئەتی بەخشینی هەبێت، لێرەدا کەسێکی دیکە دێتە ناو ئەخلاقەوە، کەسی ئەخلاقی ئەو کەسە نییە لە دەوری خۆیدا بسوڕێتەوە، هەڵبەتە وەك دەوترێ مرۆڤ کارێکی باش دەکات بیر لە خۆی بکاتەوە، بەڵام ئەمە تاکو سنوورێکە. هەندێك لە فەیلەسوفانی نوێ[1] دەڵێن، ئەخلاق جگە لە بوونی ئەویتر و ئەویتر مەبەست بوون، مانایەکی دیکەی نییە، غەمخۆری ئەویتر بن، نەك تەنها غەمخۆری خۆتان، بە ئەویتر ببەخشن، نەك ئەوەی هەموو شتێك بەرەو لای خۆتان ڕابکێشن.[2]

گەر بەپێی پێوەرە نوێکان دەتانەوێ مرۆڤێکی بەئەخلاق بن، دەبێت سەیری سوود و ئەنجامی کردار بکەن، ئەو کردارەی زۆرترین سوود و ئەنجام بەدەست دەهێنێت. بە دەستەواژەیەکی تر ئەو کردارە کردارێکی زۆر باشە، کە زۆرترین ڕەنج و ئازار و دەردی مرۆڤەکان کەم دەکاتەوە و کرداری خراپیش ئەوەیە ئازار و ڕەنجی مرۆڤەکان زۆرتر دەکات. بۆیە لەم ڕووەوە دەتوانن بجوڵێن و کاری خۆتان برەو پێبدەن و بەرەو پێشەوە برۆن.[3]

---

[1]–لە دیارترین ئەو فەیلەسوفانە (ئیمانوئیل لویناس)ە کە باوەڕی وایە ئەخلاق، واتە حیسابکردن بۆ ئەویتر، یاخود ئەخلاق ئەو کاتەیە کە ئەویتر دێتە ناوەوە. (نووسەر).

[2] –سایتی د. عەبدولکەریم سروش، بەشی وتارەکان، سلوکی ئەخلاق سەنتەری.

[3] –پەراوێزی پێشوو.

ئەگەر ڕوانینی فەیلەسوفی ئەخلاق (موستەفا مەلەکیان) کە بۆ ئەخلاقیبوون هەیەتی وەربگرین، دەشیٚ بلێین یەکێکە لە پێناسە و ڕوانینە کورت و پڕ ماناکان بۆ ئەخلاقیبوون، کە بریتیە لەوەی ئەخلاقیبوون بە مانای ئەوەیە بازنەی ڕێگە پێدراوەکانمان "مأذونات" تەنگتر لە بازنەی تواناکان "مقدورات" بکەین، بەو مانایەی هەر کەسێك بازنەی ڕێگەپێدراوەکانی لە بازنەی تواناکانی کەمتر کردەوە، مرۆڤێکی بەئەخلاقە.[1]

## بۆچی لێکۆڵینەوە لە "فەلسەفەی ئەخلاق"دا بکەین؟

زانستی ئەخلاق بە ڕوونکردنەوەیەکی کورت و بەسوود شتێك نییە، جگە لە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەخلاق یان ڕەوشت و ڕەفتارەکان. بەم حاڵەشەوە چەندین ڕووگەی جیاواز و جۆراوجۆری فراوان بۆ ئەخلاق بوونیان هەیە. ئەمانەش واڵاکەری گریمانە جیاوازەکانن لەبارەی چییەتی "ماهیەت"ی ئەخلاق و باشترین ڕێگە بۆ تێگەیشتن لەم چەمکە.

فەلسەفەی ئەخلاق یەکێکە لەو ڕوانگە و ڕووگانەی باسکران و لەم ڕووەوە دامێن و قوڵایی ئەو پرسیارانەی کە دەیانخاتە ڕوو و هەروەها لە ڕووی ڕێگەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە، ڕووگەیەکە لە جۆری خۆیدا بێوێنەیە. لەڕاستیدا کەم تا زۆر بەڵگەنەویستە، کە بیٚ هێنانە پێشەوەی چەندین پرسیار کە فەلسەفەی ئەخلاق دەیانخاتە ڕوو، ناتوانرێت تێگەیشتنی تەواو و هەمەلایەنی ئەخلاق بدۆزینەوە و دەستمان پێی بگات.

زانایانی پێشین جیاوازییان کردووە لە نێوان "مەعریفەت" و "حیکمەت". لەم جیاوازیکردنەدا "مەعریفەت"، بەو شتە دەژمێردرا کە شتێکە مرۆڤ دەتوانێت فێری

---

[1] - سایتی موستەفا مەلەکیان، بەشی وتارەکان.

ببێت. ئەگەر هەست و هۆشی خۆتان کۆبکەنەوە و جەخت لەسەر شتێك بکەن، بۆ نموونە پاش بیستنی وانەیەکی فیزیا یان کیمیا، یان مێژوو، دەبیتە خاوەنی مەعریفەتێك، واتە کۆمەڵە حەقیقەتێك و زانیارییەك فێر دەبیت کە پێشتر نەتزانیون و ئاگات لەم زانیارییانە نەبووە. ئەم مەعریفەتە دەگوازرێتەوە و دەکرێت ئەوانیتریش فێری ببن. "مەعریفەت" خاڵی بنەمایی و بنەڕەتیە لە "حیکمەت"دا، بەڵام خۆبەخۆ حیکمەت بە بار ناهێنێت. حیکمەت میوەیەکە ئەو توخمانەی دروستی دەکەن بریتین لە: تێگەیشتن، بەصیرەت، بۆچوونی باش، توانای چاك ژیان و ژیانی چاك و ڕێنمونی چاکی کردار. لەڕاستیدا زۆرێك لەو کەسانەی خوێندنیان تەواوکردوو توانای ئەوەیان نییە و بڕیاری کرداری هەڵبژێرن و لە تێپەڕاندن و گوزەراندنی ژینێکی هاوڕا لەگەڵ خەڵکانی تر ناتوانن پێشبڕکێ بکەن. ئەوان زانیاری و "مەعریفەت"یان هەیە، بەڵام لە "حیکمەت" بێبەشن. "فەلسەفەی ئەخلاق" زیاتر لە هەر شتێکی تر پەیوەندی و پەیوەستی لەگەڵ "حیکمەت"دا هەیە. لەبەرئەوە زاراوەی فەلسەفە لە ڕووی ڕیشەناسیەوە بە مانای "دۆست و خۆشەویستی حیکمەت"ە، هەروەها "فەلسەفەی ئەخلاق"یش بریتیە لە دۆستی و خۆشویستنی وەرگرتنی "حیکمەت"ە لە بابەتە ئەخلاقییەکاندا.

لەبەرئەوە بە ڕوونکردنەوەیەکی وردتر ناتوانرێت "فەلسەفەی ئەخلاق" بوترێتەوە، چونکە ناکرێت ئەو کەسەی "حیکمەت"ی خۆش دەوێت بە هەمان شێوە بگوازرێتەوە هەروەك چۆن حەقیقەت و ڕاستیەکانی جیهان و زانیاری لەمەڕ جیهان دەگوازرێتەوە، بەڵام دەکرێت خۆشویستنی ئەخلاق لە نێو کۆمەڵگە و خەڵکە گشتییەکەدا بڵاوبکرێتەوە و لەو کەسانەی بە جیدی و بەهێزیەوە هەوڵدەدەن ئەخلاق و جێگە و پلەی لە ژیانی مرۆڤدا بدۆزنەوە، پەروەردە بکرێن. لەگەڵ ئەوەی "فەلسەفەی ئەخلاق" ناتوانێت بەڵێنتان پێ بدات کە بابەتە ئەخلاقییەکان شیکار بکات، بەڵام دەتوانێت ئەو شتەی بنەڕەت و پێگەی ڕێنمونی

ژیرانەی ژیانە یارمەتیتان بدات و لە ڕووی کرداریشەوە شتێك پەیدا نابێت لەمە گرنگتر بێت.

لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەخلاق خۆی لە خۆیدا وروژێنەر و هەژێنەرە و داوای خەبات لە مرۆڤ دەکات. چییەتی "ماهیەت" جیهانی دەرەکی و واقیعیی هەرچی بێت و جیهان هەر جۆرێك دروست بووبێت، ئەخلاق یان ئەخلاقییان بەشێکە لێی، عیشق، نەفرەت، بەهاکان، ئەندێشەکان، هەستەکان، سۆزەکان، ئەرکەکان، فەزیلەتەکان و بنەما ئەخلاقییەکان – واتە هەموو توخمەکانی ئەخلاق– بەشێوەیەکی تایبەت هەمان ڕادە واقیعیەت و ڕاستیەتیان تێدایە لە گەردیلە و ئەلەکترۆنەکاندا هەیە و ئێمەش بۆ تێگەیشتنی تەواوەتی و سەراپای ئەو جیهانەی کە ژیانی تێدا بەسەردەبەین، دەبێت ئامادەبین بە هەمان ئەو جیدیەتەی لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندییە فیزیایی و کیمیاییەکان دەکەین، لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەوانیش بکەین.(١)

## تایبەتمەندییە بنەڕەتیەکانی ژیانی ئەخلاقی:

ئەو تایبەتمەندییانەی بناغە و بنەڕەتی ژیانی ئەخلاقین، دەشێ زۆر لەوە زیاتر بن لێرەدا هەن، بەڵام جۆرێك لە جۆرەکان هەر یەك لەو سیفەت و تایبەتمەندییانە دەچنە خانەی یەکێك لەم فەزیلەتانەوە، ئەو فەزیلەتە سەرەکیانەش زۆرترین یاخود کۆی تایبەتمەندییە بنەڕەتییەکانی ژیانی ئەخلاقی و ئەخلاقییانە ژیانیان لەسەر وەستاوە، ئەمانەن: خۆبەکەمزانین "تواضع" خۆبەکەمزانین، چاکەکاری "إحسان" و "ڕاستگۆیی". لە بەرامبەر ئەم سێ فەزیلەتەشدا، سێ ڕەزیلەتمان هەیە و ئەوانیش ئەمانەن "تەزویر، خۆبەشت زانین و سەرسوڕمان بە خود".

وەك ئاماژەمان پێکرد هەموو فەزیلەتەکان و هەموو ڕەزیلەتەکانی تریش لەم شەش فەزیلەت و ڕەزیلەتەوە سەرچاوە دەگرن، بۆ ژیانی ئەخلاقیش دەبێت ئەم

---

١-مبانی فلسفه اخلاق، رابرت هولمز، ترجمه، مسعود علیا، ص ٢٣–٢٥.

سیٚ فەزیلەتە بەدەست بهێنین و سیٚ ڕەزیلەتەکەی تریش لە خۆمان دوور بخەینەوە و لایانبەرین. سیٚ فەزیلەتە سەرەکییەکە ئەمانەن:

١ـ ڕاستگۆیی، واتە هاوڕایی و هاویەکی و یەکسانی بوارە ناوەکی و دەروونییەکانی بیروباوەڕ، هەستەکان و ئیرادە لەگەڵ بوار و لایەنەکانی گوتار و کردار، دیارە ئەمە جیاوازە لەوەی بۆ نموونە ڕاستگۆیی کە تەنها هاوڕایی و یەکسانی لایەنەکانی دەروونە، لەگەڵ لایەن و بواری کرداردا، واتە (سەداقەت) لە ڕاستگۆیی فراوانترە. لەم فەزیلەتەشدا دەتوانین ناوی ڕاستگۆیی، وەفا بە بەڵێن و دڵسۆزی بەرین.

٢ـ خۆبەکەمزانین واتە خۆخستنەبری ئەویتر و سەیرکردنی خودی بە چاوی بێگانە، بۆ نموونە کاتێك مرۆڤ خەلاتێك وەردەگرێت، وێنای ئەوە بکات ئەوی دیکە یان کەسێکی تر ئەم خەلاتەی وەرگرتووە هەروەها چاکی و کارە باشەکانی تر بە کاری باشی خۆی بزانێت. ئەو فەزیلەتانەی دەکەونە بازنەی ئەم فەزیلەتە سەرەکیەوە، دەتوانین ڕووخۆشی، سەخاوەت و بەخشین، دادگەری و ...هتد ناو بەرین.

٣–چاکەکاری: واتە ئەویتر خستنەبری خۆت و سەیرکردنی ئەویتر بە چاوی خۆت، بۆ نموونە: هەر بەو جۆرەی بەخێرایی لە هەوڵی لابردنی ڕەنج و ئازاری بۆ ئەوەی نەمێنێت، بە هەمان شێوە هەوڵی لابردنی ڕەنج و ئازارەکانی ئەوانیتردا بێت. ئەمەش سیٚ ئاستی هەیە:

١ـ ڕەنج و ئازار بە ئەوانیتر نەگەیێنین.

٢ـ ئەو ڕەنج و ئازارەی تووشی بەرامبەرەکەمان بووە، نەیهێڵین و بە لایەنی کەمەوە کەمی بکەینەوە.

٣ـ دروستکردنی چێژ و بەخشینی خۆشی و چێژ بە بەرامبەرەکان، وەك هاودڵی و هاودەردی، بەخشش و بەخشین، نەرمونیانی و لێکبوردن و ئاسانکاری.[1]

---

[1]–ئەخلاق و فەلسەفەی ئەخلاق، لێکۆڵینەوە، بابەتێکی بڵاونەکراوە، موسعەب ئەدهەم.

## مەرجەکانی ئەخلاقیبوون:

١ـ هەستی پەیوەستبوون بە کۆمەڵگەوە: مرۆڤ ناتوانێ بەبێ ئەوان بژی، ئەگەر هەستی لەگەڵ ئەواندا بوون، بوونی نەبێت، مرۆڤ ناتوانێ ئەخلاقییانە بژی.

٢ـ گرتنی نەفس: مرۆڤ دەبێت کەم تا زۆر بتوانێ ئەوپەڕی توانای خۆی بەکاربهێنێت، بۆ ئەوەی بەسەر نەفس و دەروونی خۆیدا زاڵ بێت، گەر نەتوانین بەسەر نەفسی خۆماندا زاڵ بین ناتوانین ئەخلاقییانە بژین.

٣ـ خودفەرمانڕەوا: بەو مانایەی خۆم شوێنکەوتە و شوێنکەوتوو، یان بەرپرس و بەردەستی خۆم بم، شوێنی فەرمان و بڕیاری ئەوانیتر نەکەوم، تاکو زیاتر فەرمانڕەوا و فەرمانبەرداری خۆم بم، زیاتر ئەخلاقی ترم.[١]

## ئامانجەکانی ئەخلاقیبوون چین؟

١ـ پاراستنی مانەوەی کۆمەڵگە لە ڕووی بڕ "کمی" و چۆنییەتی "کیفی"یەوە: بۆ نموونە، گەر لە کۆمەڵگەیەکدا بڕیار بدرێت درۆکردن یان دزیکردن شتێکی باش بێت، ئیدی ژیان لەو کۆمەڵگەیەدا مەحاڵە.

٢ـ ئارامی دەروونی، کاتێك لە کۆمەڵگەیەکدا گریمانەی ئەوەش بکەین کۆمەڵگە بەلایەوە گرنگ نەبێت یان کۆمەڵگە بەبێ ڕەچاوکردنی ئەخلاق مانەوەی خۆی بپارێزێت، ئەوا جارێکی تاك بە ئەخلاقییانە ژیان و ژیانی ئەخلاقییانە بە کۆمەڵێ داخوازی دەروونناسانە دەگات، بۆ نموونە، مرۆڤی ئەخلاقی، کەمتر ئارامی و ئارامشی زیاترە، کەمتر دوودڵ و دڵەڕاوکێی تووش دەبێت، هەروەها ڕەزامەندی و شادی و ناوەکی و ئومێد و هەبوونی مانا بەدەست دەهێنێت.

٣ـ ئامانجی ڕۆحی: ئەم ئامانجەش وەکو ئامانجی دووەم، تاکەکەسییە و ڕۆحییە، ئەویش ئەوەیە من کاتێك مرۆڤێکی بەئەخلاقم، یان ئەخلاقییانە مامەڵە دەکەم،

[١]ـ سایتی فەرهەنگی نیلوفەر و پێگەی سروش مەولانا.

لەبەرئەوەی تەنها لەم ڕێگەیەوەیە دەتوانم یارمەتی گۆڕانگاری ڕۆحی خۆم بدەم، واتە جۆرێك گۆڕانكاری ڕۆحی و مەعنەوی لە مرۆڤدا دروست دەبێت. دەشێ بڵێین یەكێك لە سەرەكیترین ئامانجەكانی ئەخلاقیبوون ئەوەیە مرۆڤ ببێتە مرۆڤێكی باش، نەك ئەوەی ببێتە خودا، چونكی ئێمە ئەو توانایەمان نییە، بۆیە تا زیاتر بە ئەخلاق بین، زێدەتر مرۆڤین.

## زانستی ئەخلاق (Ethics):

بەشی دووەم یان لقی دووەم لە دابەشكاری ئەخلاقدا بریتییە لە زانستی ئەخلاق، یان ئەخلاقناسی، واتە كۆی ئەو زانستانەی لەبارەی دیاردەی ئەخلاق (Morality) قسە دەكەن، كۆی ئەم زانستانە یان ئەخلاقناسی بە سێ زانستی سەرەكی "كە خودی ئەخلاقناسی"ین و دوو زانستی لاوەكی "كە پێشەكی ئەخلاقناسی"ین، دابەش دەبن، زانستە سەرەكییەكان ئەمانەن:

١ـ ئەخلاقی شیكاری (Analytic Ethics)، یان ئەخلاقی ڕەخنەیی (بان ئەخلاق).

٢ـ ئەخلاقی دەستووری (Normative Ethics).

٣ـ ئەخلاقی وەسفی (Descriptive Ethics).

دوو لقە لاوەكییەكەش ئەمانەن:

الف– دەروونناسی ئەخلاق: ئەو بەشەی دەروونناسییە لەمەڕ ئەخلاق و دەربارەی ئەخلاق مانا پەیدا دەكات و دروست دەبێت، واتە ئەو كۆمەڵە كێشە دەروونناسییانەی تەنها كاتێك دێنە پێشەوە كە باسی ئەخلاق دەخرێتەڕوو.

ب– كۆمەڵناسی ئەخلاق: بریتییە لە لێكۆڵینەوە لە كۆی بەرهەم و دەرەنجامە كۆمەڵایەتییەكانی ئەخلاقییانە ژیان و ژیانی ئەخلاقییانە و ژیانی نائەخلاقییانە.[1]

---

[1]–سایتی موستەفا مەلەكیان، بەشی وتارەكان.

## گرنگترین بابەت و لقەکانی فەلسەفەی ئەخلاق:

دەتوانرێت بوترێت گرنگترین بابەت و باسی تیۆری و فەلسەفی لە ئەخلاق و دەربارەی ئەخلاق دەکرێن بە چوار گرووپ و کۆمەڵەوە، ئەوانیش:

یەکەم: بان ئەخلاق "میتا ئەخلاق – meta - ethics": واتە، کۆمەڵێك لە باس و بابەتە لەبارەی ئەخلاقەوە، ئەم بەشە تیۆریترین بەشی فەلسەفەی ئەخلاقە و لە سێ ئاستدا باس و پشکنینی فەلسەفی دەکات، ئەوانیش:

١- زاراوەناسی (دیلالەت) یان ماناناسی ئەخلاق: ئەم بەشەیان باس لە مانای زاراوە ئەخلاقییەکانی وەکو چاکە، خراپە، و...هتد دەکات. بۆ نموونە چ پەیوەندییەك لە نێوان ووشەی: "چاکە" لە سیاق و تێکستێکی ئەخلاقی و "چاکە" لە سیاق و تێکستێکی نائەخلاقی بوونی هەیە؟ ئایا وشەی "باش" لە ڕستەی "ڕاستگۆیی باشە"، هەمان ئەو مانایە دەگرێتەوە لە ڕستەی "دوێنێ بارانێکی باش باری"دا هەیە.

٢- بوونناسی (ئەنتۆلۆژی) ئەخلاق: لەم بەشەدا لە دەوری یەکێك لە پرسیارە گرنگ و زۆر قسەهەڵگرەکان لەبارەی بوون یان نەبوونی تایبەتمەندییە ئەخلاقییەکان لە جیهانی دەوروبەردا دەسوڕێتەوە. بۆ نموونە: ئایا بەو جۆرەی "واقیعگەرایانی ئەخلاقی – moral realists" بانگەشەی بۆ دەکەن، پولێنکردنی "وەفا بە بەڵێن و پەیمان" بە وەسفی "چاکی" و هەروەها "زیانگەیاندن بە ئەوانیتر" لە جیهانی دەرەکە و دەرەوەدا ڕوودەدات و پەیوەندی بە دەرەوە هەیە، یان پەیوەندی بە ناوەوە و بە تەواوی لە هەستەکان و سۆز و ویستەکانەوەیە و شتێك نییە لە دەرەوە کەشف بکرێت و بدۆزرێتەوە، هەروەك بانگەشەکارانی "دژە واقیعگەرا ئەخلاقییەکان – moral anti–realists" دەیڵێن، هەروەها باسکردن لە بوون یان نەبوونی "بنەما ئەخلاقییەکان"یش لەو

باس و بابەتانەیە کە لە بووننناسی ئەخلاقیدا باس دەکرێت و لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێت.

٣ـ مەعریفەتناسی (ئەبستمۆلۆژی) ئەخلاق: لەم بەشەشدا باس لەمەڕ چۆنییەتی گەیشتنە بە دروستبوونی مەعریفەی ئەخلاقی و گەیشتن بە داوەری ئەخلاقی ئاڕاستەکراو و مەعریفەت بەخشە. گومانگەرایانی ئەخلاقی "moral skeptics" باوەڕیان وایە لە بنەڕەتدا مەعریفەی ئەخلاقیمان نییە. لە بەرامبەردا دژە گومانگەرایان هەڵبەتە بە ڕوونکردنەوە و پۆلبەندی جیاواز باوەڕیان وایە و لەسەر ئەو بۆچوونەن کە بانگەشە ئەخلاقییەکان لە بنەڕەتدا مەعریفەتبەخشن و دەتوانن بەشێك بن لە بیروباوەڕەکان.

دووەم: ئەخلاقی ڕێنوێنیکار "normative ethics": ئەخلاقی ڕێنوێنیکار پاش میتا ئەخلاق دێت و هەوڵدەدات تاکو ئەوە ڕوون بکاتەوە چ کاروبار و کردەوەیەك چاك و باشن و دەبێت وەربگیرێن و چ کاروبار و کردارێك ناڕەوا و خراپن، دەبێت وەلابنرێن و کەناربخرێن، گرنگترینی ئەم باسانەش ئەمانەی خوارەوەن:

أ ـ چ کاروبارێك باش و چاك، خوازراو یان نەخوازراو، بەهادار یان بێ بەهان؟ هەروەها کام لە کردارەکانی مرۆڤ "مرۆڤی ئیختیاری" چاك یان خراپ، ئەرك و فەرمانن و دەبێت یان نابێت ئەنجام بدرێن؟ بە دەستەواژەیەکی تر میسداقی ئەو چەمکە ئەخلاقییانەی باسکران، چین؟

ب ـ ئایا ئەرك لەپێشترە لە بەهاکان، یان بە لایەنی کەمەوە هەندێك لە ئەرکەکانمان سەربەخۆن لە هەر بەهایەك کە بوونیان هەیە؟

ت ـ مانای ژیان چییە، یان دەبێت چی بێت؟ واتە، یەکەم: ڕۆڵ و کاریگەری ژیان چییە؟ دووەم: دەبێت ئامانجی ژیان چی بێت؟

پ ـ ئایا مافە سروشتیەکان (لە بەرامبەر ئەو مافانەی دانراو و بڕیاریان لەسەردراوە) بوونیان هەیە، ئایا ئاژەڵەکانیش مافیان هەیە و لە ئەنجامدا ئەو ئەرکەی لە ئەستۆماندایە چییە؟ ئەی گیاکان چی؟

ج ـ لە دۆخ و حاڵەتی تایبەتدا دەبێت چی بکرێت و چی نەکرێت؟ بە دەستەواژەیەکی تر چۆن دەستەواژە ئەخلاقییەکان بەسەر بابەت و شتە تایبەتەکان یان جۆرەکانی کاروبارە تایبەتەکان جێبەجێ بکەین و کاریان پێ بکەین؟ لێرەدایە کە جۆرەکانی ئەخلاقی ڕێنوێنیکاری تایبەت دێتە پێشەوە وەك: ئەخلاقی بازرگانی، ئەخلاقی سیاسی، ئەخلاقی پەیوەندی نێودەوڵەتی، ئەخلاقی پزیشکی، ئەخلاقی ژینگە و...هتد دێنە پێشەوە و بەشەکانی گشتێك پێك دەهێنن.

سێیەم: ئەخلاقی وەسفی "descriptive ethics": بریتییە لە کۆمەڵێك باس و بابەت لەبارەی ئەوەی کە چ بۆچوون و ڕوانین و ڕێسا و یاسای ئەخلاقی یان کرداری ئەخلاقی بە کردار و لە ڕووی کردار و هەڵسوکەوت و بەکارهێنان لە کۆمەڵگەیەکی تایبەت یان لە نێوان هەموو مرۆڤەکاندا بوونیان هەیە و هاوبەشن؟ ئەم بۆچوون یان ڕێسا و یاسای ئەخلاقی یان کرداری چ بەرهەم و دەرەنجامێکیان هەیە و دەبێت؟ هەڵبەتە ئەمە پێویستی بە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە مێژوویی و ئەزموونی هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی هەمیشە ئەم جۆرە لێکۆڵینەوە مێژوویی و ئەزموونیانە پێویستیان بە شیکردنەوە و ڕاڤە هەیە و باس لەوە دەکەن و هەوڵدەدەن لەم ڕێگەیەوە دەستیان بە تیۆریایەك بگات لەبارەی سروشت و سروشتی ئەخلاقی مرۆییەوە، دەتوانرێت بوترێت "ئەخلاقی وەسفی" یش ڕەنگێکی تیۆری و فەلسەفی هەیە.

چوارەم: دەروونناسی ئەخلاقی "moral psychology": واتە کۆمەڵێك لە باس و بابەتی فەلسەفی و هەندێجار ئەزموونی کە پەیوەندییان بە کاروباری دەروونی و "نفسانی" مرۆڤەوە هەیە، لە پلەی بکەر و هۆکاری ئەخلاقی یان لە

پلەی بینەر و داوەری ئەخلاقی و لەگەڵ ئەمانەدا سەرووکاری هەیە. سەرەکیترین ئەم باسانەش بریتین لە: بابەتی جەبر و ئیختیار، خۆشەویستی خود،... هتد، هەروەها شیکاری کۆمەڵێك چەمکی وەکو: بیرکردنەوەی بەرژوەندیخوازانە، ئامانج، ویست، ئەنجامی کردار، خۆشبەختی و عیشق... هتد، هەروەها شیکاری هەندێك لە ڕەزیلەت و فەزیلەتەکانی وەکو: ستەم، عەدالەت، خزمەت، خیانەت و...هتد.[1]، هەرچەندە ئەم لقە بە لقێکی لاوەکی دادەنرێت و پەیوەندی بە دەروونناسییەوە هەیە، هەروەك پێشتر ئاماژەمان پێکردووە، بەڵام لە ئێستاش زۆر کاری لەسەر دەکرێ.

## تیۆریا ئەخلاقییەکان:

ئەو قوتابخانە و تیۆریانەی زانایانی ئەخلاق و ئەخلاقناسان سەبارەت بە ئەخلاق دایانناون و بوونیان هەیە گەلێ زۆرن، لێرەدا تەنها ئاماژە بە سێ لەو تیۆریایانە دەکەین کە لەوانی دی زیاتر قسەیان لەبارەوە کراوە، دیارە هەر قوتابخانەیەکیش دەشێ چەند تیۆریایەك لەخۆبگرێت، بەڵام لێرەدا گرنگترین ئەو تیۆریایانە دەبنە گرنگترین بەش و تیۆریای قوتابخانە ئەخلاقییەکانیش، ئەم تیۆریا سەرەکی و بنەڕەتیانەش ئەمانەن:

١- تیۆریای وەزیفەگەرا یان ئەرك گەرا: ئەم تیۆریایە باس لەوە دەکات کە هەموو مرۆڤەکان بە حوکمی مرۆڤبوونیان ئەرکیان لەسەر شانە و پێویستە هەموو

---

[1]-نگاهی به فلسفه اخلاق در سده بیستم، استیون داروال، الن گیبارد، پیتر ریلتن، ترجمه، مصطفی ملکیان، دفتر پژوهش و نشر سهروردی، تهران، چاپ اول، ١٣٨١. ص٩-١٣، هەروەها اخلاق بدون هستی شناسی، هیلاری پاتنم، برگردان، مسعود علیا، تهران، انتشارات صراط، چاپ اول، ١٣٨٧، ص١-٣.

تاکێك بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەستێت و هیچ کەسێکیش بۆی نییە ئەو ئەرکە بە هیچ جۆرە بیانووییەك وازلێبهێنێت و بەئەرکی خۆی هەڵنەسێت، بەڵام ئەمە تەنها "بکە و مەکە"ی وشکە و ئەگەر ئەو کارانەی کە ئەنجامیان دەدەین تەنها جۆرێك لە ئەرك بن بەبێ بوونی ڕێسایەك کە مرۆڤ بە دیوی ناوەوەی خۆی نەبەستێتەوە، ئەوا ئەنجامدانیان بێزارکەر و تەنانەت لە حاڵەتی جێبەجێکردنیشیان مرۆڤ ماندوو دەبێت و ئەمەش لەبەرئەوەی لە دەرەوە بەسەریدا فەرز دەکرێن، واتە شتێکی تر نییە لە ناخیدا پاڵی پێوە بنێت بۆ ئەنجامدانی کارەکان.

٢- تیۆریای ئەنجامگەرا: ئەم تیۆریایە پێ یوایە مرۆڤ هەر کارێك کە ئەنجامی دەدات ئەوە بەدوای خۆیدا ئەنجامێکی دەبێت، هەڵبەتە هەندێك لە ئەنجامەکان گرنگیەکی ئەوتۆیان نییە و کاریگەریان لەسەر گۆڕینی ژیانی مرۆڤ نییە، بەڵام هەندێك لە کارەکان کاریگەری و جێکەوتیان لەسەر مرۆڤ دەبێت، بۆ نموونە: ئەگەر ئێوە دەست پاك بن، ئەم سیفەتە کاریگەری چاکی لەسەر ژیانتان دەبێت، بە پێچەوانەشەوە بۆ نموونە ئەگەر درۆ بکەن ئەوا دەرەنجامی خراپی دەبێت. ئەم تیۆریایە پێی وایە گرنگ ئەوە نییە مرۆڤ چ ڕێگە و شێوازێك لە ژیاندا دەگرێتە بەر، یاخود چ شتێك ئەنجام دەدات، بەڵکو گرنگ ئەوەیە بگات بە خۆشی و بەختەوەری ئاسوودەیی، ئیدی بەهەر جۆرێك دەگات گرنگ ئەنجامە نەك خودی ئامڕاز و هەڵبژاردنی ڕێگاکە. ناتەواوی ئەم تیۆریایە لەوەدایە ئایا دەبێت چ هۆکارێك بگرینەبەر بۆ گەیشتن بە ئارامی و ئاسوودەیی و خۆشی ژیان؟ ئایا ئەو هۆکارانەی مرۆڤەکان دەیگرنەبەر، ڕاستن بەمانایەکی ئەخلاقین یان هەڵە و نائەخلاقین؟ ئایا مرۆڤەکان هەموویان دەتوانن ئەو هۆکارانە بگرنەبەر بۆ گەیشتن بە ئەنجامی چاك و خوازراو؟

٣- تیۆریای فەزیلەتگەرا: لەڕاستیدا دەتوانین بڵێین ئەم تیۆریایە تەواوترین تیۆریای ئەخلاقییە، چونکە لەلایەکەوە ئەرك دەخاتە سەرشانی مرۆڤ، بەڵام تەنها ئەرکێکی وشك و ماندووکەر نییە و لەلایەکی تریشەوە دەرەنجامێکی باش و خوازراوی دەبێت. لە تیۆریای فەزیلەتگەرادا چاکەکردن و چاکەخوازی لە خودی مرۆڤدا دروست دەبێت و چاکبوون بە شێوەیەك لە مرۆڤدا ڕۆدەچێت کە نەتوانرێت بگۆڕدرێت ئەمەش لەم کاتەدا پێی دەوترێ مەلەکە، چونکە پشت بە فەزیلەت دەبەستێت. بۆ نموونە: کەسێك نەخوێندەوارە کاتێك بوو بە خوێندەوار ئیدی ئەم مرۆڤە ناتوانێت جارێکی دی ببێتەوە بە نەخوێندەوار، چونکە خوێندەواربوون بووەتە مەلەکە و بووەتە بەشێك لە خودی مرۆڤەکە. ئەم تیۆریایە بە شوێن فەزیلەتەوەیە و لەبەرئەوەی فەزیلەتەکانی وەکو: دەستپاکی، ڕاستگۆیی، چاکەویستی و چاکەکاری...هتد، ئەمانەش لەگەڵ ناخ و فیترەتی مرۆڤدا دێنەوە، بۆیە بەئاسانی دەبنە مەلەکەیەك و دەبنە بەشێك لە بوونی. دەرەنجامی ئەم بەها باڵایانە زۆرباش دەبێت و بکەری ئەو بەهایانە ئاسوودە دەکەن و چاکەخوازی و چاکەویستی دەبێتە بەشێك لە ژیانی. لەڕاستیدا ئەخلاقییاتی ئیسلامی و مامەڵەی عیرفان و عاریفان لەگەڵ ئەم جۆرە تیۆریایەدایە و جەخت لەسەر ئەم جۆرە ئەخلاقییاتە دەکاتەوە، چونکە تەنها ئەرکێکت پێ ناسپێرێت، بەڵکو خودی ئەرکەکە بەشێك دەبێت لە فیترەت و ناخی مرۆڤ و دەروون و هەستی مرۆڤ خوازیاری ئەو جۆرەیە لە کردار. مرۆڤ وای لێدێت نەك هەر حەزی لە کرداری چاك و ئەخلاقییاتی بەرز و باڵایە، بەڵکو ئەگەر جێبەجێیان نەکات هەست بە نائارامی و نائاسوودەیی و لاوازی کەسێتی دەکات لەگەڵ ئەوەشدا وەکو ئاماژەمان پێدا ئەنجامی باشیان لێ دەبێتەوە و مرۆڤ دەگەێننە ئاسوودەیی ڕۆحی و مەعنەوی.

له دوو تیۆریای (ئەرکگەرا) و (ئەنجامگەرا)دا ئەخلاق پێوەرە دەرەکییەکانن، بەو مانایەی ئەخلاق لە دەرەوەی مرۆڤە و مرۆڤ دەبێت سەیری ئەو پێوەرانە بکات بۆ ئەوەی بزانێت تاکو چ ڕادەیەك کەسێکی بەئەخلاقە یان نا، بەڵام لە تیۆریای (فەزیلەتگەرا)دا مرۆڤ خۆی پێوەرە، بەو مانایەی ئەخلاق شتێك نییە لە دەرەوە، بەڵکو مرۆڤەکان پێوەرن، بە مانایەکی تر مرۆڤ تاکو خاوەن فەزیلەتی زیاتر بێت و زێدەتر ناخ و دەروونی پاك و چاك بکات، ئەوە مرۆڤێکی بەئەخلاقترە و خاوەن فەزیلەتە، بۆیە پێوەر مرۆڤە و شتێکی ناوەکییە، نەك دەرەکییە.

دواجار پێویستە ئەخلاق بناسین و هەوڵ و کۆشش لەپێناو بەدەستهاتنیان بدەین، خۆمانیان پێ بڕازێنینەوە و تاکو (حافیز) گوتەنی: بەبێ خوێندنەوەی وێنەی مەبەستی ئەم بابەتانە لەم جیهانە نەڕۆین و بە تەواویی "کمال" تایبەتی خۆمان بگەین.

# ئەخلاقناسیی و ئایینناسی

## ئایینناسی لە پەنجەرەی ئەخلاقەوە

**دڵۆپێك:**

ئەوەی دەیخوێنیتەوە، هەوڵدانێکی سەرەتایی و گچکەیە لە خوێندنەوە و ڕوانینی دەرەئایینیانە بۆ نێو ئایین، بە مانایەکی تر لە دەرەوەی ئایینەوە دەیەوێت سەیری جیهانێکی مەزنی وەکو ئایین بکات، (دیارە لەم جیهانەشدا جەختکردنەوە و قسەکردن لەسەر خاڵێك، چونکە سەیرکردنی ئایین چ لە دەرەوەی خۆیەوە و چ لەناو خۆیەوە لە توانای نووسینێکی لەمجۆرەدا نییە)، بە پشتبەستن بە گووتە جوانەکەی مەولانای ڕۆمی: "ماسی بۆ ئەوەی هەست بە مەزنی ئاو بکات، دەبێت بێتە دەرەوەی ئاو". لێرەدا هەوڵدراوە لەم دیدگا و ڕوانینەوە بابەتەکە ڕوون بکرێتەوە، ئیدی هەم بەڵگەکان و هەمیش خودی بابەتەکە لەبەرئەوەی لە دەرەوەی ئایینەوە دێنەوە ناو ئایین، بۆیە کەمتر پشت بە بەڵگەی ئایینی بەستراوە، جۆری دیدگا و ئەو بانگەشەی سەرەوەش ئەوە دەخوازێت. ئەمەش دەشێ بڵێین جۆرێکی تر ڕوانین و خوێندنەوە و تێگەیشتنە هەم لە ئایین و جیهانی ئایین و هەمیش هەموو ئەو چەمك و گەوهەر و مرواریيانەی لە نێو دەریای ئایین و ژیاننامەی مەزنێکی وەکو پێغەمبەر (درووودی خوای لەسەر) زێدەتر مەزنی و پێویستیان نومایان دەبێت.

## ئەخلاقناسیی:

لە سەردەمێکدا کە ڕوانین و دیدگای مرۆڤەکان ڕووەوە و دەرەوە و تەیکردنی ڕێگاکانی دەرەوە و دوور لە خۆیانن، کە ئەمەش ڕاست پێچەوانەی بڕینی ڕێگای ناوەکی و دوورکەوتنەوەیە لە خودی خۆیان و نیشتیمانی ڕەسەن و ڕاستەقینەی خۆیان و (مەولانا) گووتەنی، دروستکردنی ماڵ و خانەیە لە سەرزەمینی ئەوانی دیکە، بۆیە ئێمە کاری خۆمان ناکەین، بەڵکو کاری ئەوانیتر دەکەین.

**در زمین دیگران خانه مــکن**

**کار خود کن کار بیگانه مکن**

**واتە: "لە زەمینی ئەوانیتر ماڵ دروست مەکە، کاری خۆت بکە، کاری بێگانە مەکە".**

تەنانەت بابەتی "مانا" و "مانای ژیان" کە یەکێکە لە سەنتەریترین بابەتەکانی سەردەمی نوێ، هەر لە فەلسەفەوە تاکو دەگاتە ئایین جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتەوە ئەو شتە یان بابەتە چۆن مانا بە ژیانی من دەبەخشێت، تەنانەت پێش ڕاستبوون و هەڵەبوونی هەر شتێك بابەتی "مانا"یە، بۆ نموونە ئێمە کاتێ قسە لەمەڕ بابەتێك دەکەین، سەرەتا دەبێت ئەوە ڕوون ببێتەوە ئەو شتە ماناداره یان نا، پاشان ڕاستبوون و هەڵەبوونی بەسەردا بدەین[1]، بەڵام وەك فەیلەسوفی بەناوبانگ (کارل پۆپەر) دەڵێت: پرسیارکردن لەبارەی مانای ژیانەوە، دەگۆڕێت بۆ پرسیارێکی ئەخلاقی و پەیوەست دەبێت بە زانستی ئەخلاقەوە. ئەم پرسیارەش دەتوانرێ بەمجۆرە بخرێتەڕوو: دەبێت من چ کار و وەزیفەیەك بگرمە ئەستۆ تاکو ژیانم مانادار بێت؟ یان لەسەر زمانی (کانت): دەبێت چی بکەم؟[2]

---

[1]– تەحسین حەمەغەریب، کۆرسی حزور و قورئان، ناوەندی هەژان، وانەی شەشەم، ٢٠١٥/١٢/٤.

[2]– می دانم که هیچ نمی دانم، کارل پوپر، ت، پرویز دستمالچی، تهران، انتشارات ققنوس، چاپ پنجم، ١٣٩٠، ص١٠٣.

بۆیە وەك ئەو فەیلەسوفەی ئەخلاق دەڵێت، حاڵی ئێمەی مرۆڤی سەردەمی نوێ بۆ پێویستیمان بە ئەخلاق و بابەتە ئەخلاقییەکان وەکو حاڵی ئەو نەخۆشەیە کە لە نیوە شەودا زۆر پێویستی بە پزیشك دەبێت. لە لایەکەوە لەوکاتەدا بە ئاسانی دەستی ناگاتە پزیشك و لە لایەکی ترەوە زۆر پێویستی پێیەتی، ئیدی پێویستمان بە جیهانە مەزن و بەرینەکەی ئەخلاقە بۆ ئەوەی لێیەوە بچینەوە نێو جیهانی ڕاستەقینە و ڕەسەنی خۆمان و مژۆڵی کاری خۆمان بین و لە ڕێگەی گەیشتن بە مرۆڤتربوون و ناسینی ڕێگە و دواجار گەیشتن بە پلەی تەواویی "کمال"، کە ئەمەش یەکێك لە ئامانجە هەرە مەزنەکانی ئایینەکان بەگشتی و ئایینی پیرۆزی ئیسلامیشە.

لەم کورتە نووسینەدا چەند دڵۆپە خاڵێکمان خستۆتەڕوو و لە باخی مەعریفەدا چەند گوڵێکمان هەڵبژاردووە، ئەوانیش بەراوردێکی ئەخلاق یان وردتر بڵێ، قوتابخانەیەکی گەورە و مەزنی وەکو ئەخلاقی فەزیلەت یان فەزیلەتگەراییە کە لە دێر زەمانەوە هەر لە یۆنانییە دێرینەکانەوە باس و خواستی لەسەر بووە، تاکو دەگاتە سەردەمی نوێ کە بە گرنگترین و گەورەترین و خاوەن زۆرترین لایەنگری قوتابخانەی ئەخلاقی دەژمێردرێت.

## سێ قوتابخانە گەورەکەی ئەخلاق:

هەر لە بەرەبەیانی دەرکەوتنی مرۆڤ و بوونی لەم سەرزەمینەدا، بابەتی ئەخلاق و کردار و ڕەفتارەکانی جێگەی سەرنج و قسەلەسەرکردن بوون، بۆیە بە درێژایی ئەم مێژووی پیرە، ژیر و عاقڵەکانی مرۆڤایەتی بیروڕای خۆیان و تێگەیشتنیان لەسەر ژیان و بوون دەربڕیوە و لەم ڕووەوە ئەخلاق هەم لە ئایینەکان "چ ئاسمانی بن یان زەمینی"، نەك هەر قسەی خۆیان، بەڵکو گرنگترین جێکەوتیان لە بواری ئەخلاق و چۆنییەتی بیرکردنەوە و چییەتی ڕەفتار و کردارەکان کردووە، زیادەڕۆیی

نییه گەر بڵێین، مرۆڤ بەبێ ئەخلاق مرۆڤ و یەکێك لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی مرۆڤیش لە نێو تایبەتمەندییە سەرەکی و گرنگەکانی بابەتی ئەخلاق و کردارەکان و بەرپرسیاریەتی و ئەرك و کاریەتی لەم جیهانەدا.

بۆیە چەندین قوتابخانە و تیۆریای گرنگ لەم ڕووەوە سەریان هەڵداوە و جێکەوتی خۆیان لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی مرۆڤایەتی بەجێهێشتووە، لێرەدا دەشێ بڵێین زۆرینەی بۆچوونەکان و فەیلەسوفان و زانایانی ئەخلاق و ئەخلاقناسی لەسەر ئەوە کۆکن، ئەم سێ قوتابخانەیە گەورەترین و بەناوبانگترین و دیارترینی ئەو قوتابخانانەن کە بوونیان هەبووە و ئێستا بە جۆرێك لە جۆرەکان ڕەنگدانەوە و ڕۆڵیان لەسەر بیر و زەینی مرۆڤەکان داناوە، ئەوانیش:

١ـ قوتابخانەی ئەرکگەرا یان وەزیفەگەرا، ئەم قوتابخانەیە جەخت لەسەر ئەرك دەکاتەوە و پێیوایە مرۆڤ دەبێت ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات، ئیدی دەرەنجام چی دەبێت، گرنگ نییە. (کانت) دەڵێت: ڕاست بڵێ تەنانەت کە گەردوون و فەلەك وێران ببێت. لەڕاستیدا ئەرك و وەزیفەی مرۆڤ ڕاست وتن و ڕاستگۆییە، خودی کردارەکان چاك و خراپیان هەیە.[1]

قوتابخانەی ئەنجامگەرا، ئەم قوتابخانەیە بە پێچەوانەوە، سەیری ئەنجامی کردارەکان دەکات، ڕاست لە خودی خۆیدا نە چاکە و نە خراپ، نە ناشیرین و نە جوان، ئەوەی چاك و خراپە بەرهەم و ئەنجامەکانیەتی، ئەگەر بەرهەم و دەرەنجامەکانی چاکن، دەتوانێت چاك بێت و بە پێچەوانەشەوە، گەر دەرەنجامەکانی خراپن، ئەوە خراپە. لەڕاستیدا هیچ پیرۆزییەك لە ڕاست گووتن و هیچ پیسی و ناشیرینییەك لە درۆ گووتندا نییە. ئێمە شەیدا و پەرێشانی هیچ کردارێکی ئەخلاقی نین، کاتێك دەوترێ چ بەرهەم و ئەنجامگەلێك چاك و باشن،

---

[1]ـگفتوگۆ لەگەڵ موستەفا مەلەکیان، لەبارەی ئەخلاقی فەزیلەتەوە، سایتی فەرهەنگی "نیلوفر"، هەروەها شهروند امروز، شمارە ٦٨، مهر ١٣٨٧.

لێرەدا جیاوازی بوونی هەیە. دەبێت سەیری بەرهەم و ئەنجام بکرێت و بڕیار بەسەر ئەوەدا بدەین. بەرهەم و ئەنجام چێژ دەهێنێت، واتە ئەوەی کردارێك ئایا باشترین چێژ بۆ زۆرترین تاك فەراهەم دەکات یان نا. بۆیە لەبەرئەوەی گەر سەیری بەرهەم و ئەنجام بکەین و بەوە قایل بین، ئەوە ئەو بەرهەم و ئەنجامانە چاکە و خراپەیان هەیە، لەکاتێکدا خودی ئەم بابەتە ئەوە پیشان نادات چ بەرهەم و ئەنجامگەلێك چاك و باشن.[١]

٢- قوتابخانەی فەزیلەتگەرا، لە ئەخلاقی فەزیلەتگەرا "بکەر" سەنتەر و چەقە، نەك دەرەوەی بکەر، واتە، نە کردار و ڕەفتارەکان کە لە مرۆڤەوە سەرهەڵدەدەن و نە بابەتە تیۆرییەکانیش.

## فەزیلەتگەرایی، یان ئەخلاقی فەزیلەت:

لە سەرەتای قۆناغی ڕێنیسانسەوە وردە وردە ئەخلاقی فەزیلەت بە سوودی دوو ڕکاربەری تر کەوتە کەنارەوە، لە ڕۆژئاواشدا لە هەموو شوێنێکدا ئەخلاقی فەزیلەت بڵاوبوو. (ئەفلاتۆن، ئەرستۆ، تۆماس ئەکویناس) مەزنەکانی ئەخلاقی فەزیلەت بوون، بەڵام لە قۆناغی ڕێنیسانسدا دوو قوتابخانەی ئەخلاقی دەرکەوتن، یەکێکیان ئەخلاقی وەزیفەگەرایی (کانت) و ئەویتریان ئەخلاقی ئەنجامگەرایی، کە سەرەتا و بنەماکەی (جۆرجی بنتام) و (جۆن ستیوارت میل) بوون. ئەم دوو دیدگایە وردە وردە ئەخلاقی فەزیلەتیان دواخست و لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا ئەخلاقی فەزیلەت هیچ جێگە و پێگەیەکی نەبوو و لە واقیعدا ون بوو، هەموو بیرمەندان ئەخلاقی ئەنجامگەرایان قبوڵ بوو، بەتایبەت (بنتام)، کە باوەڕی بە سوودگەرایی یان ئەخلاقی وەزیفەگەرایی بوو، کە (کانت) دەستپێك و سەرەتای بوو. لە ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم بوو، وردە وردە کەسانێکی وەکو

---

[١]—پەراوێزی پێشوو.

(ئەلزابیث ئانسکۆمب)، قوتابی (ڤیتگنشتاین) و خانم (فیلیبافوت) و ئەوانیتر هاتنە مەیدانەوە و بەهێزی خۆیان سوودیان لە لاوازییەکانی ئەو دوو قوتابخانەیە وەرگرت و باس و بابەتەکانی ئەخلاقی فەزیلەتیان خستەڕوو، بە دەستەواژەیەك مەیدان بە تەواوی ئامادە بوو بوو. پاش ئەوانیش خانم (ئایرس مورداك) لە کتێبی (ئەودیو سروشت وەکو ڕێنمونییەك بۆ ئەخلاق)، کە کۆمەڵێك وتارییانە و هەروەها خانم (روزاینی هرتس هیرت) هاتنە ناو مەیدانەکەوە.[1]

## تایبەتمەندییەکانی ئەم قوتابخانەیە چین؟

گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەخلاقی فەزیلەت یان فەزیلەتگەرایی، دەشێ بڵێین ئەمانەن:

ئامانجگەرایی: لە دوو قوتابخانەکەی پێشوودا ئەرك سەنتەر گرنگە و لە دووەمیشیاندا ئەنجام، زۆرترین سوود یان کەمترین زیانی هەیە، لەکاتێکدا لە ئەخلاقی فەزیلەتدا، بۆ نموونە، ئەرستۆ، کە سەر بە قوتابخانە فەزیلەتگەرایە و فەلسەفەی ڕۆمییەکان و یۆنانییەکانیش سەر بەم قوتابخانەیەن، لە پێناسەی فەزیلەتدا مرۆڤی کردۆتە ئامانج، بەو مانایەی فەزیلەتی بە ئامانجێك بۆ گەیشتن بە خۆشبەختی مرۆڤ داناوە، کە هەمان مەبەست و کاری سەرەکی مرۆڤیشە بۆ ئەوەی لەم دونیایەدا پێی بگات.

پەروەردەکردنی دەروون، ئەخلاقی فەزیلەت کۆمەڵە بەهایەك ڕوون دەکاتەوە و ئاڕاستەیان دەکات بۆ مرۆڤەکان بۆ حاڵەتە دەروونی و دەرەکییەکان، بەتایبەت بۆ پاڵنەرەکان و ویستەکان و خوو و نەریتەکان و ئەمەش لەگەڵ ئەو واقیعیەتەدا سازگارە کە ئێمە حاڵەتگەلی ناوەکی و دەروونی مرۆڤەکان و خودی مرۆڤەکان و

---

[1] - گفتوگۆ لەگەڵ موستەفا مەلەکیان، لەبارەی ئەخلاقی فەزیلەتەوە، سایتی فەرهەنگی "نیلوفر"، هەروەها شهروند امروز، شمارە ٦٨، مهر ١٣٨٧.

شێواز و جۆری کەسایەتییەکان بەوە دەزانین کە حوکمە ئەخلاقییەکان دەیانگرێتەوە، نەك تەنها کار و کردەوەکانیان، لەکاتێکدا لە ئەخلاقی ئەرکگەرا و ئەنجامگەرادا، وەك خانم "ئایریس مورداك"ی فەیلەسوفی فەزیلەتگەرا دەڵێت، تەنها کردارە دەرەکی و دیارەکان دەبنە بابەتی گوزارە ئەخلاقییەکان.[1]

لەوەش گرنگتر و کۆی هەردوو تایبەتمەندییەکە، ئەخلاقی فەزیلەت جەخت لەسەر کردار دەکاتەوە، نەك داوەریکردن و بڕیار و حوکمدان بەسەر ئەوانیتردا، ئەمەش بە تەواوی کرۆکی ئایینە، کە ئیمان گەورەترین چەمك و داخوازی ئایینە، پەیوەندی تەواوی بە کردارەوە هەیە و بەرهەمی ئیمانیش بریتییە لە کردارەکان.

## ئەخلاق و ئایین:

هەم ئایین و هەمیش ئەخلاق، بە درێژایی مێژووی ئێمەی مرۆڤ، نەك دوو بابەتی نزیك لەیەك و میوانی ماڵێك بوون، بەڵکو هەمیشە وەکو بابەت و کایەیەکی مەزنی وەك یەك، تاکو ڕادەی ئەوەی کە لە یەکدی جودا نەبنەوە، سەیرکراون. ئێمە لێرەدا بۆچوونی بەرامبەریشمان هێناوە کە هەندێك پێیان وایە جیاوازن و هەندێکی تر پێیان وایە یەك شتن، ئەمەش بۆ ئەوەی وێنا گەورەکە باشتر ببینین و لە ئاوێنەی هەریەکەیانەوە سەیری ئەوی دی بکەین.

١ـ ئەوانە باوەڕیان وایە یەك شتن، وەکو "ئایینی کۆنفۆشیۆس"، "پارکەر"ی فەیلەسوف، مەسیحیەتی سەدەی بیست.

٢ـ ئەوانە باوەڕیان وایە دوو دیاردەی جیاوازن، دوو بەشن:

---

[1] -غزالی و اخلاق فضیلت دینی، دانشگاه آزاد اسلامی – اصفهان، زستانی ١٣٨٧، باسێکی تێزی دکتۆرای هاشم گلستانی، علیرەزا یوسفی، فیروز ڕەزائیان.

أ- هەر یەکێکیان دیاردەیەکی سەربەخۆ و پەیوەندییان بەیەکەوە نییە. هەر یەکێك لە بوار و حەوزەیەکی جیاوازە لە ئەوی تر.

ب ـ ئەوانەی باوەڕیان وایە پەیوەندی لە نێوانیان هەیە: (٤) کۆمەڵ و دەستەن.

١- بە گشتی یەك نین و جیاوازن: ئایین جگە لە ئەخلاقە و لەگەڵ ئەخلاق پێچەوانەیە و بە پێچەوانەشەوە.

٢- لە چەند بەشێکدا یەکن: ئایین تاکو ڕادەیەك لەگەڵ ئەخلاقدا ناسازگارە. ئەخلاقیش بە پێچەوانەوە.

٣- ئاستی گشتی: بە تەواوی پەیوەندییان بە یەکەوە هەیە.

٤- ئاستی لاوەکی: تاکو ڕادەیەك ئاشتی لە نێوانیان هەیە.

## جیاوازیی ئەخلاق و ئایین:

زانایان و بیرمەندانی ئەخلاق و ئەخلاقناسی پێیان وایە دەشێ لە سێ ڕووەوە سەیری جیاوازییەکانی ئایین و ئەخلاق بکەین، هەڵبەتە هەر یەکێك لەم سێ ڕووەش بۆ خۆی کایەیەکی گەورەیە و هەریەکەیان بۆخۆی چەندین لقی تر و باسی تریان لێدەبێتەوە، لێرەدا هەوڵدراوە بە کورتی ڕووی جیاوازی ئەم دوو کایە مەزنە بە ڕوونی باس بکەین، لایەنە جیاوازەکانیش ئەمانەن:

١- زمان، (زمانی ئایین و زمانی ئەخلاق جیاوازن).

٢- مەعریفەتناسی لە ڕووی زانیاری و بەڵگەوە، هەر یەکێکیان سەرچاوەی تایبەت بە خۆی هەیە.

٣- بوونناسی، سەرچاوەی هەریەکەیان و دروستبوون یان بوونی هەریەکەیان لەوی دی جیاوازە.

## پێویستی ئەخلاق بە ئایین:

١- لە پێناسەکردنی ئەخلاقدا، چارەیەکمان نییە جگە لە گەڕانەوە بۆ چەمکە ئایینییەکان.

٢- بۆ ئەوەی پۆلێنی بکەین، پێویستمان بە ئایینە.

٣- بۆ ئەوەی پێڕستی چاکە و خراپەکان بکەین پێویستمان بە ئایینە. (واتە عەقڵی مرۆڤ بە تەنها ناتوانیت چاکە و خراپە دیاری بکات).

٤- بۆ زامنکردنی جێبەجێکردنی ئەخلاق پێویستمان بە ئایین هەیە.

## پێویستیی ئایین بە ئەخلاق:

١- ئەگەر ئەخلاق بوونی نەبێت، لە بنەڕەتدا ئایین جێگیر نابێت و ناسەلمێت. (چونکە هەموو ئایینی تاکە کەس پشت بە ئیمان و وتەکانی ئەو کەسە دەبەستێت. بۆ ئەوەی پشت بە کەسێك ببەستین چارەیەکمان نییە جگە لەوەی ئەو کەسە ئەخلاقییانە مامەڵە بکات. ئەگەر ئەخلاق نەبێت ئێمە نازانین بوونیاتنەران و دامەزرێنەرانی ئایین و مەزهەبەکان ڕاست دەکەن یان نا."جۆن هیك".

٢- ژیان بەبێ ئەخلاق ئیمکانی بوونی نەدەبوو. بە هەمان شێوە ئیمکانی ئایینیش بەبێ ئەخلاق نەدەبوو.[1]

بەپێی فێرکارییەکانی (بودا) مرۆڤ بێجگە لەوەی دەبێت ناتوانین و سنووردارییەکانی خۆی بناسێت، دەبێت ئاگاداری ئەو هێزانەش بێت لەناو نەفسی خۆیدان، ئەم هێزانەش باشترین و بەهێزترینی ئەو هێزانەن لە مرۆڤدا شاردراونەتەوە، ئەم داستانەی کە دەروونناسیی بەناوبانگی ئەڵمانی "ئەریك فرۆم" لە کتێبەکەیدا "دەروونناسیی و ئایین" دەیگوازێتەوە، نموونەیەکە لەم شێوازی بیرکردنەوەیە و باسکردنە لە هێزە دەروونییەکان:

---

[1] -بابەتێك لەمەڕ ئەخلاق و ئایین، هاوینی ٢٠١٦، لە ناوەندی هەژان پێشکەشکراوە.

سەردەمانێك کەروێشکێك لە ژێر درەختێکدا دانیشتبوو و خەوی پێداکەوتبوو کە هەڵدەستێت، سەیر دەکات هەمووان ڕادەکەن، پرسیار دەکات بۆ ڕادەکەن، ئەو کۆمەڵە ئاژەڵەش دەڵێن، پێیان وتین دونیا کۆتایی هاتووە، دواتر کۆمەڵێکی تر دێن، دەڵێن ئێوە بۆ ڕادەکەن؟ ئەوانیش هەمان وەڵامیان پیێ دەڵێن، وتیان دونیا کۆتایی هاتووە، ئەویش دەڕوات تاکو دەگاتە ئەو شوێنەی کە هەموو ئاژەڵەکان لەو شوێنەوە هەواڵەکیان پێگەیشتووە، لەویێ گیاندارێك دەبینێت، کە پەرێشان بووە، دەڵێت، چی بووە هاوڕیێ؟ ئەویش دەڵێت، خەوم لێکەوتبوو، گەڵایەك بە خەبەری هێنامەوە و ڕاچەڵکیم، وامزانی دونیا کۆتایی هاتووە، ئیدی بۆی دەردەکەوێت ئەم قسەیە لەوێوە هاتووە و هیچ شتێك لە ئارادا نییە، بەڵام ئاژەڵەکانی تر لەم قسەیەوە وا تێگەیشتوون، دونیا کۆتایی هاتووە، بەبیێ ئەوەی خۆیان لەم ڕووەوە سەرنج بدەن و بزانن ڕاستە ئەم قسەیە یان نا.[١]

## پێغەمبەر وەك بەرجەستەکاری ئەخلاق:

بیرمەندێکی ئیسلامی دەڵێت لە سیمینارێك بووم لە ئیسپانیا، ئەم سیمینارە تایبەت بوو بە بنەما ئەخلاقییە جیهانییەکان و لە لایەن یۆنیسکۆوە بۆ هەموو وڵاتەکان بانگهێشتنامە نێردرابوو. شتێکی بەڵگەنەویستە، کاتێك دەیانویست شتێکی جیهانی بێت، نەیاندەتوانی بۆ ئەم ئایین و ئەو ئایین، یان یەکێك لە ڕێباز و ئایینزاکان بگەڕێنەوە. لێکۆڵینەوەیەکی گەورەیان لە سەرتاسەری جیهاندا ئەنجامدابوو و دوو بنەمایان دۆزیبوویەوە کە گشتگیر و جیهانی بن و ئەم دوو بنەمایەش بۆیان دەرکەوتبوو لە هەموو نەتەوە و ئایینەکاندا بوونیان هەیە، ئەوانیش ئەم دوو بنەمایە بوون.

---

١- ڕوانکاوی و دین، اریك فروم، ت، ارسن نزەریان، انتشارات مروارید، تهران، چاپ پنجم، ١٣٨٩، ص٥٦-٥٧.

١ـ بریتیی بوو لەوەی مرۆڤ ئامانجە، هۆکار نییە.

٢ـ بنەمای دووەم ئەوەی بۆ خۆت پێت خۆشە بۆ ئەوانیتریش پێت خۆش و پەسەند بێت و ئەوەی بۆ خۆت پەسەند نییە، بۆ ئەوانیتریش پەسەندی مەکە و پێت باش نەبێت.

هەڵبەتە قسەکردن لەسەر ئەم دوو بنەمایە چەندەها وتار و بگرە کتێبی دەوێت، چونکە ئەوەی مرۆڤەکان بەرامبەر مرۆڤەکان ئەنجامیان داوە لە بابەتە نائەخلاقییەکاندا، ئەو شتانە بوون کە مرۆڤیان بە هۆکارێك زانیوە، بۆیە مرۆڤ گرنگ نەبووە، هێندەی ئەو شتانە گرنگ بوون کە مرۆڤ، یان بەرهەمی هێناون، یاخود مرۆڤەکان دواجار بوونەتەوە بە بەندە و سەرداری خودی مرۆڤ، کە ئەمەش زێدەتر لە سەردەمی نوێدا باشتر نومایان دەبێت، هەر ئەوەی کە لە بابەتی تەکنۆلۆژیا و پێشکەوتنە زانستییەکاندا قسەی لەبارەوە دەکرێت، بیرمەندان و فەیلەسوفانی سەردەمی نوێ باوەڕیان وایە کە مرۆڤ بۆ نموونە، ئامێرەکانی گواستنەوەی بەکارهێنا بۆ ئەوەی سوودیان لێوەربگرێت، لەکاتێکدا ئەم ئامێرانە سواری سەرشانی مرۆڤ بوون و ئەوان مرۆڤ دەبزوێنن، نەك بە پێچەوانەوە، یان هۆکارەکانی ڕاگەیاندن هەر لە ئامێرێکی گواستنەوەی دەنگەوە تاکو دەگاتە ئەنتەرنێت و ئامێرەکانی پەیوەندیکردن، بۆ ئەوەبوون مرۆڤەکان لە یەکتری نزیك ببنەوە، لەکاتێکدا ئەم ئامێرانە ئێمەیان لە خۆمان بێگانە کردووە و لە یەکتری دوورکەوتووینەتەوە و ماوەی نێوان مرۆڤەکان دوورتر و دوورتر بۆتەوە، بۆیە یەکێك لە گەورەترین کێشەکانی مرۆڤی سەردەمی نوێ، لە خۆبێگانەبوون و لە خۆنامۆبوونە، چونکە هەم لە خۆی دوورکەوتۆتەوە، خۆی ڕاستەقینە و ڕەسەن و هەمیش لەگەڵ مرۆڤەکانی تر تووشی دابڕانێکی سەیر بووە.

سەبارەت بە بنەمای دووەمیش، یەکێکی تر لە کێشە هەرە مەزنەکانی مرۆڤ لەم سەردەم و هەموو کاتێکیشدا، خود پەسەندی و خۆویستییە، کە ئەمەش گەورەترین

بەڵا و کێشەیە، مرۆڤ لەمکاتەدا دەبێتە خۆرەی ڕۆح و دەروونی خۆی و تەنها خۆی دەبینێت، لەکاتێکدا هیچ مرۆڤێك بەبێ ئەوانیتر ناژی، ژیانێك کە هەمووان هاوبەشی خۆشی و ناخۆشی، چێژ و ئازارەکانی یەك بن. بۆیە لە سەردەمی نوێدا گەلێ لە فەیلەسوفەکانی ئەخلاق، ئەخلاق کورت دەکەنەوە بۆ حسابکردن بۆ ئەویتر. هەر بەو جۆرەی "ئیمانوئیل لویناس" جەختی لەسەر دەکاتەوە، ئەخلاق بە حیسابکردنی "ئەویتر" دەست پێدەکات، "ئەویتر" کە لە ڕەگەزی ئێمەیە، مرۆڤێك کە لەسەر ئەم گۆی زەویەدا دەژی لەگەڵ جۆرەها کێشە و ناخۆشی و دەرد و ئازار و ڕەنج و کارەساتە ڕۆحی و جەستەییەکان دەست و پەنجە نەرم دەکات. "ئەویتر" دەتوانێت، دایك و باوك و منداڵ و هاوسەر و برا و خوشکی "من" بێت، دۆست و دراوسێ و هاوکار و هاونیشتمانی "من" بێت، "ئەویتر" دەکرێت مرۆڤێکی هەژار و نیازمەند بێت کە لە سەرمای ئێسك سوتێنەری زستاندا لە شەقامدا دەستی نیازی بۆ من درێژ کردووە و یارمەتی منی دەوێت، "ئەویتر" دەکرێت ڕێبوارێك بێت هەموو ڕۆژێك لە کۆڵان ببینم، مادام من "ئەویتر"م لە ژێر ناونیشانی "ئەویتر"دا ئەزموون نەکردووە، خۆم بە چاکی و ڕاستی نەناسیوە و نەچوومەتە ناو دۆڵی "ئەخلاق"ەوە. بە دەستەواژەیەکی تر لە ئامادەگی و حوزوری "ئەویتر"دا کە من بە "من" دەگۆڕێت و خۆم قوڵتر و باشتر دەناسم. هاتنە دەرەوە لە خود و واڵابوون لەمەڕ "ئەویتر" و هەبوونی پەروای ئەویتر و بوونی هەموو جەستە بە چاو و بینینی ئەو لە پایە و بنەماکانی پێگەیشتن و گەشەی ئەخلاقی منە. ئەو کەسەی لە سنووری خۆی و خودگەریدا دەمێنێتەوە و قسەکردن لەبارەی ئەوانیترەوە تەنها قسەی سەر زمانە و پەیوەندی بوونی قوڵی لەگەڵ ئێرە و ئێستای خود و "ئەویتر" دروست نەکردووە و لە خۆی نەهاتۆتە دەرەوە، دەرکی ڕاست و دروستی لە کاری ئەخلاقی نییە.[1]

---

[1]- فیکری ناسکی غەمناك، بابەتی مرۆڤ وەك ئەویتر، د. سروش دباغ، و. موسعەب ئەدهەم، ئامادەی چاپ.

ئێمە گەر وردبینەوە سەرەڕای ئەو هەموو ڕێسا و بابەتە ئەخلاقییانەی لە قورئانی پیرۆز و فەرموودە و ژیاننامەی پێغەمبەران و پێغەمبەریشدا بوونیان هەیە، زۆر بە ڕوونی ئەم دوو بنەمایە دەبینین و نەك هەر ئەوەش بەڵکو بە بنەما سەرەکی و ڕێسا مەزنە ئەخلاقییەکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام دێنە هەژمار و پایە و بوونیادە سەرەکییەکانی ئایین بەگشتی و ئەخلاقی ئایینی دەژمێردرێن، بە جۆرێك بەبێ بوونی ئەمانە، ئەخلاقی ئیسلامی و دواجار ئامانجی ئایینیش ناتەواوە، چونکە وەکو "د. شەریعەتی" دەڵێت: قورئان بە ناوی خودا دەست پێدەکات و بە ناوی مرۆڤ کۆتایی دێت، هەروەها فەرموودە زێڕینەکانی پێغەمبەریش (دروودی خوای لەسەر)، ئاماژەیەکی ڕوون و جەختکردنەوەیە لەسەر ئەم بنەمایە و بەوەی کە بەشێك لە بابەتی ئیمان و چوونە ناو دونیای ئیمانی بەستۆتەوە بەم ڕێسا ئەخلاقییە درەوشاوەوە، وەك ئەوەی کە فەرموویەتی: "لا يؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه ما يحب لنفسه"، لەکاتێکدا ئیمان گەورەترین میوەی ئایینە و مەبەستی ئایینیش بەتایبەتی ئاشناکردنی مرۆڤەکانە بە ئیمان و ماناکانی ئیمان، چونکە ژیانی ڕاستەقینە لە بوونی ئیمان و مەزنترکردنی ڕۆح و دونیای ناوەکی مرۆڤەکانە.

توێژینەوەی ورد و قوڵ لە پەیامی پیرۆزی ئایینەکان و ئیسلام بەتایبەتی و پێغەمبەری خواش (دروودی خوای لەسەر) وەك بەرجەستەکەری دیوە دەرەکییەکان و دیوە کردارییەکەی ئیسلامی و قورئان، ئەوەمان پێ دەڵێت، کە تایبەتمەندی و بنەما سەرەکییە ئەخلاقییەکان ئایین و ڕەفتار و هەڵسوکەوتی پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر) لە پشتبەستن بە خودا، کە قورئان سەراپا نامەیەکی مەزنی خودایە بۆ ئێمەی مرۆڤ و تەژی لە حیکمەتە قوڵەکانی ئەخلاق و ناسینی خودی مرۆڤ و هەروەها جەختکردنەوە لەسەر فەزیلەتە ئایینی و عیرفانییەکانی وەکو، تەوەکول، سەبر و ئارامگری، پارێزگاری، عیشق و خۆشویستنی خودا، چاکەکاری...هتد، ئەوە نومایان دەبێت، کە جگە لەوەی

قورئانی کتێبی مەزنی ئەخلاقیی و مەبەستی مانابەخشینە بە ژیان و بەهاداربوونی مرۆڤ و ئەوەی کە مرۆڤ ڕێزی خۆی بزانێت کە سەرداری بوونەوەران و خاوەن ئیرادەیە و دواجاریش خۆشبەختی دونیا و دوارۆژیش و پێغەمبەر خوداش وەکو ئەوەی کە مرۆڤێك دەتوانێت بگاتە ئەو کەماڵ و پێگەیەی کە ئایین داوای دەکات و بە گۆڕینی ناوەوەی خۆی و مەزنترکردنی ڕۆحی دەتوانێ هەم دونیای دەرەکی و هەمیش دونیای مرۆڤەکانی تر ئاوەدان و مەزن بکات و جارێکی تر بە خۆیان بناسێتەوە، چونکە عاریفێك دەڵێ، مرۆڤێکیش گەر نرخی هەموو شتەکان بزانێت، نرخ و بەهای خۆی نەزانێت، شێتە و ناتەواو، وەك دەڵێت:

**قیمت هر کاله بدانی چیست**

**قیمت خود را ندانی ابلهیست**

**واتە: نرخی هەر شتێك بزانی چییە**

**نرخی خۆت نەزانی شێتییە**

بۆیە ئامانجی ئایین، ناسینی مرۆڤ خۆیەتی و ئەمەش دەرگای ناسینی بەدیهێنەرەکەیەتی و ڕاز و نیاز و گفتوگۆکردن لەتەکیدا و گەیشتن بە پلەی تەواویی "کەمال"ە.

گەر ئەم بابەتە دوو کاری ئەنجامدابێت، ئەوا مەبەستی خۆی پێکاوە و ئەوەی ویستووە کە دەبوو ئەنجام بدرایە، ئەوانیش ناساندنی کایەیەکی مەزنی ئەخلاقی، کە ئەخلاقی فەزیلەتە و کاری دووەمیشی ڕەنگدانەوە، یاخود بەراوردکردنی بە ئایین و ژیانی ئایینییە.[1]

---

[1]- گفتوگۆی ڕۆژنامەی "نگاه آفتاب" لەگەڵ موستەفا مەلەکیان، بە ناوی مطلق گرای اخلاقی هستم، ساڵی ١٣٩٥.

# ئەخلاق وەك فریادڕەس

## ئەخلاق لە سەردەمی نوێدا؟

**سەردەمی نوێ:**

بۆ ئەوەی لە گرنگی ئەخلاق زێدەتر تێ بگەین لە سەردەمی نوێدا، پێویستە لە تایبەتمەندییەکان و شووناسی ئەم سەردەمە نوێیە بگەین، گەلێ گرنگە بە لایەنی کەمەوە لەو لووتبەرزیەی مرۆڤ کە هەیەتی و ئەو خۆسپاردن و خۆدانەدەستی خۆی و دابڕانی خۆی لە هێز و شتێکی سەرووی خۆی و دروستکراوەکەی، ڕابمێنین کە مرۆڤایەتیان گەیاندۆتە ئێستا و ئەم دۆخە مەترسیدار و سنووربەزاندنەی لە بوار و کایەکانی ژیاندا، چ ئەو ستەمانەی بەرامبەر بە خودی خۆی دەیانکات و چ ئەوانەی بەرامبەر بوونەوەرانی تر و سروشت دەیانکات، بۆیە ئێمە لە دەرەوەی مرۆڤ و مرۆڤبوونمان، شتێکمان بە ناوی ئەخلاقەوە نییە، بۆیە پرسیارەکە ڕووبەڕووی دەروون و ناوەوەی ئێمەی بوونەوەر وەك مرۆڤ دەبێتەوە.

چ شوێنێکی مرۆڤ لەنگ بوو، کە وایکرد ئەخلاق دابهێنێت؟ (کە دەشێ بڵێین یان لە ئایینەکانەوە وەریگرتووە، یان بەشێك لەو ئەخلاقییاتانە زادەی عەقڵی خودی مرۆڤن، کە دواجار بەدیهێنەرێك وەکو حیکمەت پێی بەخشیون و دواتر کەشفی دەکات)، یاخود بە دەستەواژەیەکی بەدبینانەتر، بۆچی مرۆڤ شتێکی پڕ لە تێچوونی وەکو ئەخلاقی ژیانکردنی داهێنا کە بووە هۆی ئەوەی دروستبوونی کەموکوڕی و ناتەواوی لە ناوبانگ و سامان و پێگە و خۆشەویستبوون و پێگەی کۆمەڵایەتی؟ لەڕاستیدا ئەم تێچوونانە بوونیان هەیە و تەنانەت بەمجۆرەش نییە، ئەخلاقییانە ژیان ببێتە هۆی خۆشەویستبوون، ئەگەر تێڕابمێنن، دەبینن هەر چەندە ئەخلاقییانەتر بژین، تەنیاتر دەبینەوە و هەرچی تەنیاتریش ببنەوە، غەمگینتر دەبن و تووشی پەژارە دەبن. دەروونناسانی ئەخلاق مژۆڵی ئەوە بوون و گووتوویانە، ئەمانە ڕاستن، بەڵام ئەخلاقییانە ژیان، کۆمەڵە نیاز و پێویستییەك دەهێنێتە دی کە بەدیهێنان و هاتنەدییان بەهای ئەم تێچوونانەی هەیە و ئەوە دەهێنێت کە تێچوونیشی هەبێت.

بەڵام ئێستا ئەم نیاز و پێویستیانە کامانەن؟ لەم ڕووەوە پێنج بۆچوون بوونیان هەیە، کە زۆرترین لایەنگرییان هەیە، ئەوانیش:

١ـ هەموو کۆمەڵگەیەك پێویستی بە وابەستەبوون و پەیوەندی هەیە و زۆرێك لە کۆمەڵناسان دەڵێن، ئەخلاق ئەم وابەستەبوون و پەیوەستبوونە دەهێنێتە دی "نیاز و پێویستی کۆیی و گشتی".

٢ـ پێویستی بە ئارامی و ئاسایش، بووە هۆی دروستبوون و هاتنەدی ئەخلاق، ئەگەر ڕەنج و ئازاری ئەوانیتر نەدەین، تووشی ڕەنج و ئازار نابین، (پێویستی تاکەکسی).

٣ـ دروستبوونی کۆمەڵگەی نموونەیی، پێویستی بە ئەخلاقە. "پێنج تایبەتمەندی کۆمەڵگەی نموونەیی بریتیین لە: سیستەم و ڕێکخستن، ئاسایش، خۆشگوزەرانی، عەدالەت و ئازادی". ئەخلاق مەرجی پێویستی ئەم کۆمەڵگەیەیە و مەرجی تەواو "کافی" ئەو ئەخلاقەش، دەبێت ماف و یاسای لەگەڵدا بێت.

٤ـ ئامانجە دەروونییەکان "ئارامی، ڕەزامەندی ناوەکی، ژیانی مانادار، ئومێد و شادی"، بوونەتە هۆی ڕووکردن و هاتن بەرەو ئەخلاق.

٥ـ ئەخلاق، بەپێچەوانەی گووتەی پێشینانەوە، هۆکار نییە، مرۆڤ لە نێو خۆیدا خوازیاری ئەخلاقە "دەروونناسی ئەفلاتۆنی".[1]

## ئەخلاق و سەردەمی نوێ:

ئەگەر ئەخلاق و ئەخلاقییانە مامەڵەکردن و بە مانایەکی تر ئەخلاقیبوون لە ڕستەیەکدا کورت بکەینەوە، ئەوا گوتەی فەیلەسوفی بەناوبانگی ئێرانی موستەفا مەلەکیان، دەکەینە دەستکەلای بابەتەکەمان، بەوەی ئەخلاق چییە و کامەیە؟ ئەو دەڵێت: ئەخلاقیبوون بەو مانایەیە کە بازنەی ئەو شتانەی ڕێگەمان پێدراوە و بە تەنگتر و تەسکتر لە بازنەی تواناکانمانی بزانین،[2] واتە ئێمەی مرۆڤ دوو بازنەمان لەپێشدایە و لەبەردەم دوو بازنەداین:

یەکەمیان بریتییە لە بازنەی ڕێگەپێدراوەکان.

دووەم، بریتییە لە بازنەی تواناکانمان.

---

١- موستەفا مەلەکیان، دەروونناسی ئەخلاق، کۆرسی تایبەت لەمەڕ دەروونناسی ئەخلاق، ئەنتەرنێت.

٢- جوگرافیای پدیدە اخلاق و دانش اخلاق، استاد مصطفی ملکیان، ١٣٨٠.

ئەم نموونەیە هاوکاریمان دەکات کە ئەم بابەتە زیاتر ڕوون بکەینەوە، کەسێك توانای ئازاردانی کەسی بەرامبەری هەیە و دەتوانێت بە هەموو جۆرێك و بەبێ هیچ ڕێگرییەك سووکایەتی یان ئازاری جەستەیی بدات، کە ئەمە دەچێتە بازنەی توانای مرۆڤ و بازنەی تواناکانییەوە، بەڵام ئەم کەسە کە دەتوانێت ئەو ئازارە بە بەرامبەرەکەی بگەێنێت، ئەو کارە ئەنجام نادات، لەبەرئەوە ڕێگەی پێنەدراوە، ئیدی ئەو ڕێگەپێنەدراوە هەرچی بێت و هەر شتێك بێت، ویژدان، ئەخلاق، ئایین، ڕەوشت و ئاکار و...هتد. کەواتە ئێمەی مرۆڤ دوو جۆر بازنەی تایبەت بە خۆمان هەیە و ئەخلاقیش ئەوەیە کە مەرج نییە هەرچی ئەوەی دەتوانین ئەنجامی بدەین، ڕێگەشمان پێدرابێت.

لێرەدا پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە بۆچی لەم سەردەمەدا پێویستی زیاترمان بە ئەخلاق و ژیانی ئەخلاقییانە هەیە؟ بۆ ئەوەی بە کورتی وەڵامی ئەم پرسیارە بدەینەوە، کە دەشێ چەندەها نووسین و کتێبی مەزنی لەمەڕ بنووسرێت، هەروەك چۆن چەندین فەیلەسوفی مەزن لەم سەردەمەدا بە دوای وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەگەڕێن و کتێبە مەزن و لێکۆڵینەوە گەورەکانیان ئەنجام داوە، ئەوا بە کورتی دەشێ بڵێین، لە ڕۆژگارێکدا ژیان بەسەر دەبەین کە پێویستی مرۆڤ بۆ ژیانی ئەخلاقییانە و ئەخلاقییانە ژیان لەبەر چەند هۆکارێك کە باسیان لێوە دەکەین، زۆر لە سەردەمەکانی پێشوو پێویستترە، بە درێژایی مێژوو، مرۆڤ نیازمەندی ژیانی ئەخلاقییانە بووە، هیچ کات پایەی ئەخلاق و ئەخلاقییانە ژیان بۆ مرۆڤ، شتێکی زیادە و جوانکاری نەبووە، بەڵام لە ڕۆژگاری نوێدا، واتە ڕۆژگاری پاش شەڕی جیهانی دووەم، پێویستی مرۆڤ بە ژیانی ئەخلاقییانە پلە بە پلە بە بەراورد لەگەڵ ڕابردوودا زیاتر بووە.

ئێستاکە لە ڕۆژگارێکدا ژیان دەگوزەرێنین کە پێویستیمان بە ئەخلاقییانە ژیان زۆر گرنگتر بووە و لەلایەکی ترەوە ئەخلاقییانە ژیان پلەپلە بە بەراورد لەگەڵ

سەردەمەکانی پێشوودا دژوارتر و پڕ کێشەدارتر بووە، هەم گەڕانەوە بۆ ئەخلاق و هەم قووڵبوونەوە لە ئەخلاقدا هەردووکیان دەبێت لەم ڕۆژگارەدا زیاتر لە لایەن بیرمەندان و چاکسازان و دڵسۆزانی بارودۆخی مرۆییەوە جەختیان لەسەر بکرێتەوە. لێرەدا لەو ڕووەوە قسە دەکەین کە بە چ هۆکار و بەڵگەیەك ئێمەی مرۆڤ ئەمڕۆ نیاز و پێویستمان بە ئەخلاقە زیاتر لە ڕۆژگارانی پێشوو و هەروەها بە چ بەڵگە و هۆکارێك ژیانی ئەخلاقییانە لە ڕابردوو دژوارترە.

لە ڕۆژگارانی پێشوودا، ئەخلاق بۆ چۆنییەتی ژیانمان پێویست بوو، بەڵام مانەوەی چەندیەتی کۆمەڵگە بەبێ ئەخلاق کەم تا زۆر شیمانەی بوونی هەبوو، کۆمەڵگە کۆنەکان لە ڕووی دابینکردنی ئەو دۆخەی کە پێویست بوو، پێویستی بە ئەخلاق بوو، بەڵام دەیتوانی خاوەنی چەند ڕێسا و یاسایەکی ئەخلاقی کەمتر و کەمتر بێت و لەگەڵ ئەمەشدا بتوانن لە ڕووی چەندیەتی "نوعیە"وە درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن. لەو ڕۆژگارانەدا ئەخلاق چۆنییەتی بە ژیان دەبەخشێ و چەندێتی ژیانمان کەمتر پەیوەست بوو بە ئەخلاقەوە، ناڵێین هیچ وابەستەی ئەخلاق نەبوو، بەڵام کەمتر پێوەی پەیوەست بوو، بەڵام ئەمڕۆ ئێمە ئەگەر مرۆڤەکان ئەخلاقییانە ژیان بەسەر نەبەین لەم حاڵەتەدا هەر بەو جۆرەی لە هەواڵ و ڕاپۆرتەکانی نەتەوە نێودەوڵەتیەکاندا هاتووە، ژیانمان نەك تەنها لە ڕووی چۆنییەتی "نوعیە"یەوە زیانی پێدەگات، بەڵکو لە ڕووی چەندێتی "کمیة"شەوە لە شەش ڕووەوە بە سەختی لە مەترسیدایە:

١- پیسبوونی هەوا.

٢- پیسبوونی ئاو.

٣- لەدەستچوونی دارستانەکان کە ژینگەکەمان پاك و خاوێن ڕادەگرن.

٤- هەژارتر و هەژارتربوونی ڕۆژبەڕۆژی خاك.

٥- سەرهەڵدانی ڕۆڵی نوێ.

٦ـ دەرکەوتنی شەڕی ناوەکی.

ئەم زیانانە کە ڕووبەڕووی چەندێتی "کمیة"ی ژیانمان، واتە ژیانی بایۆلۆژیمانن، دەرەنجامی بەکارهێنانێکە کە یەکێکە لە گەورەترین ڕەزیلەتە ئەخلاقییەکان، کە پیسبوون ڕوویدا، نەخۆشی نویێ لەدایك دەبن و ئەم نەخۆشییانەش تەنها چارەسەریان دروستکردن و دۆزینەوەی دەرمانی نوێیە، ئەمە خاڵێکە کە لە هەواڵە جیهانییەکاندا دەوترێت: ئەو نەخۆشیانەی کە لەم بیست ساڵەی دواییدا ڕووبەڕوویان بوینەتەوە، یەکەمین جارە مرۆڤایەتی لەگەڵیاندا ڕووبەڕوو دەبێتەوە.

ئەو توانایەی کە جەنگی ناوەکی پێی بەخشیوین، لەڕاستیدا توانایەکە کە مانەوەی چەندێتی "کمیة"ی مرۆڤایەتی خستۆتە مەترسیەوە. "جەنگیز" ئەگەر لە سەردەمی خۆیدا تەواوی تەمەنی خۆی لەسەر پشتی ئەسپ بووە و کوشتن و بڕینی دەکرد، دەیتوانی هێندەی چەند خەڵك بکوژێت و لەناوبەرێت؟ ئەو ژمارە مرۆڤەی کە "جەنگیز" لە هەموو تەمەنیدا دەیتوانی بکوژێت، ئێستا لە دە دەقیقەدا دەتوانرێت بکوژرێن، بە فشار خستنە سەر دوگمەیەك تەواوی ئەو کوشتنانەی بە درێژایی مێژوو ڕوویانداوە لە نیوەی ڕۆژێکدا دەتوانرێت ئەنجام بدرێت. ئەمە واتە ئەگەر کەسێك ئەم توانا و لێهاتنەی بەدەستهێناوە ئەگەر ئەخلاقی نەبێت، توانای وێرانکردنی زۆر زۆرە، کاتێك "جەنگیز" لە ڕۆژهەڵاتی جیهانی ئیسلام خەڵکی دەکوشت، خەڵکی لە (ئەندەلووس و ئیسپانیا)دا ژیانی خۆیان بەسەر دەبرد، بەڵام ئێستا چ شوێنێکی جیهان هەیە کە ئەگەر وێران ببێت خەڵکی لە شوێنەکانی دیکەی جیهانەوە بتوانن بەپێی ژیانی ئاساییان بژین و درێژەی پێ بدەن. کەواتە لە ڕابردوودا بە نائەخلاقییانە ژیان تەنها چۆنییەتی ژیان دەکەوتە مەترسیەوە، بەڵام ئێستا چەندێیەتیشی "نوعیە"ی دەکەوێتە مەترسیەوە.[1] بۆیە ئەخلاق و ژیانی

---

١- ئەخلاق و مەعنەویەت، کۆمەڵە نووسەر، و. موسعەب و فاتیمە ئەدهەم، ل٤٦.

ئەخلاقی لە ڕابردوو زێدەتر گرنگ و پێویسترە و بۆ ئێمەی نیشتەجێبوانی سەردەمی نوێ و مۆدێرنە.

کەواتە ئەخلاق ئەو فریادڕەسەی گەر زوو پێمان نەگات و خۆمان نەگەێنینە هەرێمەکەی، ئیدی ڕووبەڕووی لەناوچوونێکی حەتمی و تەواو دەبینەوە، بەجۆرێك ئیدی هیچ مرۆڤێك و زانا و عاقڵێکیش ناتوانێت ڕێگری لەم سنووربەزاندن و تێپەڕبوونە بەسەر هەموو شتێکدا، لە لایەن مرۆڤەکانی دییەوە بکات.

## بابەتە بنەڕەتییەکانی فەلسەفەی ئەخلاق:

لەڕاستیدا گرنگترین بابەتەکانی فەلسەفەی ئەخلاق ئەمانەن، پەیوەندی زانست و ئەخلاق، پەیوەندی ئایین و ئەخلاق، پەیوەندی ئەخلاق و ماف، پێناسەی چەمکە ئەخلاقییەکان، ئاراستەکردن و چۆنیەتی حوکمە ئەخلاقییەکان، پێوەری چاکە و خراپە و دەبێت و نابێت، سروشتی گوزارە ئەخلاقییەکان و جێکەوت و کاریگەری گوزارە ئەخلاقییەکان، بێجگە لەم بابەتانە کە لێرەدا فەلسەفەی ئەخلاق، بریتییە لە لۆژیکی ئەخلاق، ئەوا فەلسەفەی ئەخلاق مانایەکی تری هەیە و ئەویش بریتییە لە توێژینەوەی فەلسەفی بابەتە ئەخلاقییەکان، وەکو تووڕەیی، شەهوەت و سیفەتە ئەخلاقییەکانی تری و تایبەتمەندی لەم شێوەیە.

بە بۆچوونی جۆرج ئەدوارد مۆر، کە بە مانایەك بوونیادنەری فەلسەفەی ئەخلاقە و کتێبە گرنگەکەی بەناوی (بنەماکانی ئەخلاق) بە سەرچاوەی فەلسەفەی ئەخلاق لەم سەدەیەدا دادەنرێت.

(مۆر) لە پێشەکی ئەم کتێبەدا دەڵێت: من هەوڵمداوە دوو جۆر بابەت بە ڕوونی لە یەکدی جیا بکەمەوە، کە فەیلەسوفانی ئەخلاق هەمیشە بانگەشەی ئەوە دەکەن وەڵامیان دەدەنەوە، بەڵام تاکو ڕادەیەك هەمیشە ئەم دوو بابەتە لەگەڵ یەکتر و لەگەڵ بابەتەکانی تردا تێکەڵ دەکەن، ئەو دوو بابەتەش بریتین لە:

١ـ چ جۆرە شتانێك دەبێت لەبەر خاتری خۆیان دروست بن و بوونیان هەبێت.

٢ـ ئێمە دەبێت چ جۆرە كارگەلێك ئەنجام بدەین؟

بۆ وەڵامی پرسیاری یەكەم دەڵێت، ئەو شتانەی دەبێت لەبەر خاتری خۆیان ئەنجام بدرێن، هەمان ئەو شتانەن كە لە خودی خۆیان بە باشیان دەزانین، دیارە لێرەدا پێناسەی وشەی "باش" نامومكینە لە دیدی ئەم فەیلەسوفەوە، ئەمەش لەبەرئەوەی ئەو شهودگەرایە. بۆ وەڵامی پرسیاری دووەم، بەمجۆرە وەڵام دەداتەوە كە دەبێت ئەو جۆرە كارانە ئەنجام بدەین كە زۆرترین باشە و چاكە دەهێننە دی.(١)

## ئایا ئەخلاق ڕەهایە، یان ڕێژەییە؟

لە سەردەمی نوێدا و بەتایبەتیش لەم چەند ساڵەی دواییدا و ڕاستتر لەم ساتانەدا، یەكێك لەو بابەتانەی لە ئەخلاق و فەلسەفەی ئەخلاقدا فەیلەسوفان و بیرمەندانی مژۆڵی خۆی كردووە، وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەیە، كە ئایا ئەخلاق بەو هێندەیەی بۆتە بابەتێكی فراوان و یەكێك لە گەورەترین و گرنگترین پێوەرەكانی هەڵسەنگاندنی كردار و ڕەفتار و گووتە و بیر و ئاكارەكانی مرۆڤەكان، بەتایبەت لە سەردەمی نوێدا، خۆی ڕێژەییە یان ڕەهایە؟ بەتایبەتیتریش، گرنگی ئەم بابەتە و ئەم پرسە ئەو كاتە نومایانتر دەبێت كە باس لە ئەخلاقی گەردوونی و جیهانی دەكرێت، نەك هەر ئەوەش بەڵكو چەندین كۆنفرانسی جیهانی بەستراوە و دەبەسترێت لەمەڕ ئەوەی ئێمەی نیشتەجێبوانی سەر ئەم زەمینە كە مرۆڤەكان بوونەتە هەڕەشە نەك هەر بۆ دەوروبەریان، بەڵكو تەنانەت بۆ خودی خۆیان و قڕكردن و سڕینەی یەكدی، پێویستمان بەوەنییە كۆمەڵێك ڕێسای ئەخلاقی جێگیر و

---

١- فلسفەی اخلاق در قرن بیستم، ص٣٥- ٤٧-٤٨.

جیهانیمان هەبێت و هەمووان لەسەر چەند ڕێسایەکی زێڕین و مەزن ڕێککەوین، تاکو هەم ژیانی کۆمەڵایەتیمان و هەمیش ژیانی تاکەکەسی و خودیمان ئارامتر و ئاسوودەتر و دوور لە بەڵا و ناخۆشی بێت، ژیانێك لە سایەییدا هەست بە ئارامی دەروونی و دوور لە مەترسی و لەنێوچوون بکەین.

ئەوانەی کە پێیان وایە ئەخلاق ڕێژەییە، دەبێت وەڵامی ئەم پرسیار و بابەتە سەرەکیانە بدەنەوە و ناشێ خۆیان لابدەن، یان بە مانایەکی تر ئەو کەسەی خۆی بە ڕێژەگەرا دەزانێت و پێیوایە ئەخلاق ڕەها نییە، بەڵکو ڕێژەییە، ئەوا ناتوانن ئەم کارانە ئەنجام بدەن، ئەوانیش:

ڕێسای یەکەم: ڕێژەگەراکان ناتوانن کەسانی تر بە ئەنجامدانی نادروست و هەڵە تاوانبار بکەن.

ڕێژەگەرایی وا دەکات ڕەخنە لە ڕەفتاری ئەوانیتر نامومکین بکات، چونکە ڕێژەگەرایی لە کۆتاییدا بوونی "کاری نادروست" ڕەد دەکاتەوە، بە دەستەواژەیەکی تر، ئەگەر ئێوە باوەڕتان وایە ئەخلاق شتێك نییە جگە لە پێناسەی کەسایەتی، ئیدی هیچکات ئێوە ناتوانن بڕیار و داوەری لەسەر ڕەفتار و کردەوەکانی کەسانی تر بدەن. ڕێژەگەراکان تەنانەت ناتوانن لەمەڕ بابەتێکی وەکو ڕەگەزپەرستی ڕەخنەیان هەبێت بەرمەبنای ئەخلاق بێت، بۆ نموونە، مافی مرۆڤ ناتوانن ئاڕاستە بکەن و وەك شتێکی پەسەندی بزانن، چونکە شتێك بەناونیشانی ماف ناتوانێت بوونی هەبێت. ڕێژەگەرایی مەبەستی مافی هەڵبژاردنە، چونکە هەمووان هەڵبژاردن پەسەند دەکەن، تەنانەت هەڵبژاردنی پەرستنی نەژاد.

ڕێسای دووەم: ڕێژەگەراکان ناتوانن لەمەڕ بابەتی شەڕ شتێك بڵێن.

بوونی شەڕ لە جیهاندا یەکێك لەو ڕەخنانەی لەسەریەتی و قسەی لەسەر دەکرێت، لە مرۆڤەوە دەست پێدەکات و بوونی هەیە، تاکو دەگاتە بوون و نەبوونی خوا و پرسیارگەلی هەستیار و گرنگ، بەڵام ڕێژەگەراکان ناتوانن باوەڕیان بە بوونی

شەڕ هەبێت، لەڕاستیدا هیچ شتێك ناتوانێت ناوی شەڕی لێ بنرێت، چونکە بە پەسەندکردنی بوونی شەڕ و قبوڵکردنی، دەبێت جۆرێك لە پێوەری ئەخلاقی پەسەند بکات.

ڕێسای سێیەم: ڕێژەگەراکان ناتوانن سەرزەنشتی هیچ کەسێك بکەن، یان پیرۆزکردن و نەمرکردنی کەسێك پەسەند بکەن.

پیرۆزکردن و بە شت زانین یان سەرزەنشتکردن لە ڕێژەگەراییدا بە تەواوی بێمانا دەبێت، چونکە پێوەرێکی ئەخلاقی کە بتوانین لەسەر بنەمای ئەو پێوەرە بڕیار بدەین و داوەری بکەین بەوەی چ شتێك دەبێت مەحکوم بکرێت و چ شتێك سوپاس و پیاهەڵدانی بۆ بکرێت، بوونی نییە. بەبێ ڕەها "مطلق"ەکان هیچ شتێك ناتوانێت بە شێوەیەکی ڕەها، بە خراپ، تراژیدی یان هۆکاری سەرزەنشتکردن بێت. هیچ شتێکیش بە شێوەی ڕەها، باش، شایەنی ڕێز و ڕێزگرتن، یان شایەنی ئەوە نییە بە پیرۆز و نەمر بزانرێت.

ڕێسای چوارەم: ڕێژەگەراکان ناتوانن بانگەشەی ئەوە بکەن کە شتێك نادادپەروەرانە و بێویژدانانەیە.

لە ڕێژەگەراییدا، دادگەریی و ویژدان، دوو چەمکن بە ڕەهایی هیچ مانایەکیان نییە، یەکەم لەبەرئەوەی ئەم وشانە خۆیان مانایان نییە، ئەم دوو زاراوەیە لەسەر بنەمای یەکسانی و لەسەر بنەمای پێوەری واقیعی و بینا لەسەر ئەوەی چ شتێك ڕاست و دروستە، وەستاون و دامەزراون، هەر بەو جۆرەی کە پێشتر گوتمان، ڕێژەگەراکان ناتوانن باوەڕیان بە هەڵە و باوەڕی ڕاست و دروست هەبێت. دووەمیش ئەوەیە شتێك بە ناونیشانی هەستکردن بە گوناه بوونی نییە.

ڕێسای پێنجەم: ڕێژەگەراکان ناتوانن ئەخلاقی خۆیان ناتەواو بکەن.

کەمکردنەوە و ناتەواوی ئەخلاقی نامومکینە. بە دڵنیاییەوە ڕێژەگەراکان دەتوانن ئەخلاقی تاکەکەسی خۆیان بگۆڕن، بەڵام هیچکات ناتوانن کەسی ئەخلاقی

بن. چاكسازیی ئەخلاقی وابەستەیە بە جۆرێك ڕێسای دیار و بینراوی ئەخلاقی بۆ كردار و ئەنجامدانی كردار، بەڵام ئەم ڕێسایە كتومت شتێكە ڕێژەگەراكان ئینكاری دەكەن. ئەگەر ڕێگەیەكی باشتر بوونی هەبێت، ناتەواویش ناتوانێت بوونی هەبێت. لەسەرووی ئەوەشەوە هیچ پاڵنەرێك بۆ ناتەواوبوونی بوونی نابێت.

ڕێسای شەشەم: ڕێژەگەراكان ناتوانن باسی ماناداری ئەخلاقییان هەبێت.

ڕێژەگەراكان باسكردن لەبارەی ئەخلاقەوە، بێمانا دەكەن، شتێك بۆ باسكردن ناهێڵنەوە، باسی ئەخلاقی واتە، بەراوردكردنی لایەنە چاكەكانی دیدگایەك لەگەڵ دیدگایەكی تر تاكو ئەوەمان بۆ دروست ببێت كام دیدگا و ڕوانین باشترە، بەڵام ئەگەر بابەتە ئەخلاقییەكان بە تەواوی ڕێژەیی بن و هەموو دیدگاكان بە شێوەیەكی یەكسان بەرامبەر و یەكسان بن، لەم كاتەدا هیچ یەكێك لە شێواز و جۆرەكانی بیركردنەوە بەسەر شێواز و جۆرەكانی تری بیركردنەوە زاڵتر و لەسەرووترەوە نییە. لەم كاتەدا هیچ یەك لە لایەنگیرییە ئەخلاقییەكان ناتوانین بە ناتەواو و ناعەقڵانی، یاخود بێسوود و بێ كەڵك و تەنانەت بە دڕندانەی بزانین.

ڕێسای حەوتەم: ڕێژەگەراكان ناتوانن برەو بە ڕەوابوون و هەڵكردن لەگەڵیدا بدەن.

دواجار لە ڕێژەگەراییدا ڕەوابوون و هەڵكردن لەگەڵیدا بوونی نییە. ئەگەر ڕێسای ئەخلاقی بوونی نەبێت، ناتوانین ڕێسایەك بوونی هەبێت كە هەڵكردن و ژیانكردن لەگەڵ ئەوانیتردا بە ناونیشانی بنەمایەكی ئەخلاقی داوا بكەین.(1)

جیهانی ئەخلاق فراوان و مەزنە، هێندەی مەزنی و گەورەیی نەك هەر جیهانی بینراو، بەڵكو دەشێ بڵێین جیهانی نەبینراویش، بۆیە گەلێك لە فەیلەسوفەكان، تەنانەت ئەوانەش كە جۆرێك لە جۆرەكان ئاییندار نەبوون، بەڵام نەیانتوانیوە

---

١ - سایتی "صدا نت"، گرگ، وەرگێڕانی، زوهەیر باقرپەرست.

خۆیان لە ئەزموونی ئایینی بەدوور بگرن و حسابی بۆ نەکەن و باسی نەکەن، بۆ نموونە فەیلەسوفێکی بەناوبانگی وەکو "ڤیتگنشتاین"ی پێی وایە ئەخلاق سەر بەم جیهانە نییە، بەڵکو سەربە جیهانێکی ترە، یان لەسەرووی جیهانی ئێمەوەیە، بۆیە توانای چارەسەی گەلێك لە گرفت و کێشەکانی ئێمەی هەیە و فریادڕەسی هاوارەکانمانە، ئەو هاوارانەی لە سەردەمی نوێدا جیهانی ماددی و دیار نەك بە هانایانەوە نایەت، بەڵکو هیچ وەڵامێکی نییە بۆیان، بۆیە بەرەو جیهانی نەبینراو بەرز دەبنەوە و ئیدی چارەسەریشان هەر لەوێوەیە. بۆیەش دەشێ ئەم بابەتە لە دەرگادانێکە زێدەتر لەسەری بڕۆین و لە بابەت و نووسینەکانی تردا ئەو دەرگایە والآ بکەین و سەر بکێشینە ناو جیهانە فراوان و بێسنوورەکەیەوە.

## سەرچاوەكان:

١- الإنسان ذالك المجهول، الكسس كاريل، بيروت – لبنان، الطبعة الأولى، ٢٠٠٣.
٢- گۆڤاری هەژان، ژمارەكانی (١١– ١٢ – ١٦).
٣- الإسلام بين الشرق والغرب، د.علی عزت بيگوفيچ، نشر بافاريا، طبع الاولى، ١٩٩٤.
٤- تەفسیری ئاسان، بورهان موحەممەد ئەمين. سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیر بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە. چ٥، ٢٠٠٣.
٥- چوار ناميلكە، د.علی شەريعەتی، و.هەژار موكريانی، چاپ و پەخش ئاراس، ٢٠٠٦.
٦- فەرهەنگی دەريا، ڕزگار كريم، سلێمانی، ڕۆشنبير بۆ چاپ و بڵاوكردنەوە، ٢٠٠٦.
٧- فەرهەنگی فارسی عميد، تأليف، حسن عميد، تهران، ١٣٨١.
٨- فەرهەنگی ئۆكسفۆرد. (ئينگليزی–كوردی)، سەلام ناوخۆش، ٢٠٠٤.
٩- فەرهەنگی فەلسەفی، ئا: محد چيا، چاپی سێهەم، مەهارەت–تهران، ٢٠٠٦.
١٠-Oxford Advanced Learner’s Dictionary of Current English , As Hornby, sixth edtion.p924, 1379.
١١-Longman Dictionary of Contemporary English third edi.1978-1995.
١٢- أخلاق در فلسفەای اسلامی، ڕۆژنامەی (همشهری)، ژمارە ٣٧٣٠، ساڵی سيانزە، ٢٠٠٥.
١٣- تهذيب الأخلاق وتطهير الأعراق، لالي علی احمد بن محمد بن يعقوب (المسكوية) بيروت–لبنان، ١٩٧٦.
١٤- الفلسفة الاخلاقية، مونيك كانتو– روفين ادجيان، ترجمة د.جورج زيناتی.
١٥- سؤال عن الأخلاق، د. طه عبدالرحمن، الدار البيضاء، بيروت– لبنان، ٢٠٠٦.
١٦- منهاج المسلم (كتاب عقائد...ت)، ابن بكر جابر الجزائري، دار الهيثم، القاهرة، ٢٠٠٢.
١٧- الأخلاق الاسلامية... عبدالرحمن حسن حبنكة الميداني، الجزء الأول، ١٩٨٧.
١٨- ئەخلاق لە سياسەتدا، عومەر عەلی غەفور، چاپخانەی ژين، هەولێر، ٢٠٠٢.
١٩- فلسفة الاخلاق في الاسلام، د.محمد يوسف موسى، ط٣، ١٩٦٣.

٢٠- فلسفه اخلاق، مجتبی مصباح، انتشارات مؤسسه آموزش و پژوهش امام خمینی. چاپ دوم، ١٣٧٨.

٢١- علم چیست، فلسفه چیست، عبدالکریم سروش، مؤسسه فرهنگی صراط، چ١٥، ١٣٨٢.

٢٢- گۆڤاری هێشتا، ژماره (٣)، سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی، هاوینی ٢٠٠٦.

٢٣- انقلاب معرفتی و علوم شناختی، شاپور اعتماد، منشر مرکز، تهران، چاپ اول، ١٣٨٠.

٢٤- رسالة الاخلاق، تألیف: السید مجتبی الموسوی اللاری، الدار الاسلامیة، ١٩٩٨.

٢٥- مشتاقی و مهجوری، مصطفی ملکیان، تهران، چاپ اول، ١٣٨٥.

٢٦- فلسفه اخلاق، مرتضی مطهری، انتشارات صدرا، تهران.

٢٧- الفبای فلسفه، نایجل واربرتون، ت: مسعود علیا، انتشارات ققنوس، تهران، چ٣، ١٣٨٦.

٢٨- اخلاق و عدالت، محمد رفیع محمودیان، انتشارات طرح نو، تهران، چاپ اول، ١٣٨٠.

٢٩- آئین در أیینه، سروش دباغ، مؤسسه فرهنگی صراط، تهران، ١٣٨٣.

٣٠- Gandi,jane Rollason ,p 14.

٣١- در امدی بر فلسفه اخلاق، بویی پویمان انتشارات گیل، چاپ اول، ١٣٨٧.

٣٢- اخلاق خدایان، د.عبدالکریم سروش، انتشارات طرح نو، چاپ ششم، ١٣٨٤.

٣٣- دواییینەکان، تەحسین حمە غریب، کتێبی هەژان، چاپخانەی یاد، چاپی یەکەم، ٢٠٠٧.

٣٤- فلسفه اخلاق در سده بیستم، استیون داروال، و..ت، مصطفی ملکیان، دفتر پژوهش و نشر سهروردی، تهران، ١٣٨١.

٣٥- حکمت و معیشت، عبدالکریم سروش، مؤسسة فرهنگی صراط– تهران، چ٢، ١٣٧١.

٣٦- اخلاق بدون هستی شناسی، هیلاری پاتنم، ت، مسعود علی، صراط، چ١، ١٣٨٧.

٣٧- مبانی فلسفه اخلاق، رابرت هولمز، ت، مسعود علیا، انتشارات ققنوس، چ١، ١٣٨٥.

٣٨- بازگشت، د.علی شریعتی، انتشارات الهام. چاپ هشتم، ١٣٨١.

٣٩- الله، أساس المعرفة عند دیکارت، بقلم د.نظمی لوقا، سلسلة إلهیات.

٤٠- دانش و ارزش، د.عبدالکریم سروش، تهران، ١٣٥٧.

٤١- گوهر و صدف عرفان اسلامی، فریتیوف شووان، ت: مینوحجت، نشر سهروردی.

٤٢- فلسفه اخلاق، مرتضى مطهرى، انتشارات اسوه، چاپ دوم، ١٣٧٦.
٤٣- پرۆگرامی خوێندنی دواناوەندی کۆماری ئیسلامی "آئین و زندگی" پۆلی (١٠)ی ناوەندی.
٤٤- قبض وبسط تئورى شريعت، د.عبدالكريم سروش. صراط، تهران، چ٦، ١٣٧٧.
٤٥- لۆژیکی ابن خەلدوون، د.علی وەری، وەرگێڕانی، عبدالله جبار، گەنج، چ ١، ٢٠٠٦.
٤٦- گنج و گنجینه، د.زبیح الله، انتشارات فردوسی، چاپ دووەم، ١٣٦٣.
٥٣- آشنایی با ارستو، پل استراترن، ت: شهرام حمزه‌ای، نشر مرکز، چاپ چهارم، ١٣٨٦.
٤٧- گفتوگۆ لەگەڵ تەحسین حەمە غەریب. Utv، شەوی ١٥-١٦/٤/٢٠٠٧، بەرنامەی پەیڤین.
٤٨- مثنوى معنوى، مولانا جلال الدين، عبدالحسين زرين كوب. چاپ مهارت، تهران.
٤٩- ئەنتەرنێت، پێگەی موستەفا مەلەکیان، گفتوگۆ لەگەڵ مەلەکیان، ساڵی ١٣٨٧.
٥٠- نگاهی به فلسفه اخلاق در سده بیستم، استیون داروال، الن گیبارد، پیتر ریلتن، ترجمه، مصطفى ملكيان، دفتر پژوهش و نشر سهروردی، تهران، چاپ اول، ١٣٨١. ص ٩-١٣.
٥١- اخلاق بدون هستی شناسی، هیلاری پاتنم، برگردان، مسعود علیا، تهران، انتشارات صراط، چاپ اول، ١٣٨٧، ص ١-٣.
٥٢- مبانی فلسفه اخلاق، رابرت هولمز، ترجمه، مسعود علیا، تهران، انتشارات ققنوس، چاپ اول، ١٣٨٥.
٥٣- ئەخلاق و مەعنەوییەت، کۆمەڵە نووسەر، و. موسعەب ئەدهەم و فاتیمە ئەدهەم، سلێمانی، ٢٠١٣.
٥٤- سایتی دکتۆر عبدالکریم سروش. بەشی وتارەکان.
٥٥- سایتی دکتۆر سروش دباغ. بەشی وتارەکان.
٥٦- سایتی فەرهەنگی نیلوفەر.
٥٧- سایتی فارسی "صدا نت".
٥٨- سایتی "باشگاه اندیشه". http://fa.wikipedia.org
٥٩- تەحسین حەمەغەریب، کۆرسی حزور و قورئان، ناوەندی هەژان، وانەی شەشەم، ٢٠١٥/١٢/٤.

٦٠ــ مـی دانم کـه هـیچ نمـی دانم، کـارل پـوپر، ت، پرویـز دستمالچـی، تهـران، انتشـارات ققنوس، چاپ پنجم، ١٣٩٠.
٦١ـ گفتوگۆ لەگەڵ موستەفا مەلەکیان، لەبارەی ئەخلاقی فەزیلەتەوە، سایتی فەرهـەنگی "نیلوفر"، هەروەها شهروند امروز، شماره ٦٨، مهر ١٣٨٧.
٦١ــ غـزالی و اخـلاق فضـیلت دینـی، دانشـگاه آزاد اسـلامی — اصـفهان، زسـتانی ١٣٨٧، باسێکی تێزی دکتۆرای هاشم گلستانی، علیڕەزا یوسفی، فیروز ڕەزائیان.
٦٣ـ روانکاوی و دین، اریك فـروم، ت، ارسـن نزەریـان، انتشـارات مرواریـد، تهـران، چـاپ پنجم، ١٣٨٩.
٦٤ــ فیکـری ناسـکی غـەمناك، کۆمەڵـە وتـار، د. سـروش دبـاغ، و. موسـعەب ئەدهـەم، ئامادەی چاپ.
٦٥ـ گفتوگۆی ڕۆژنامەی "نگاه آفتاب" لەگەڵ موسـتەفا مەلـەکیان، بـە نـاوی مطلـق گـرای اخلاقی هستم، ساڵی ١٣٩٥.
٦٦ـ جوگرافیـای پدیـده اخـلاق و دانـش اخـلاق، اسـتاد مصـطفی ملکیـان، ١٣٨٠، سـایتی موستەفا مەلەکیان.
٦٧ـ فلسفەی اخلاق در قرن بیستم، اری وارنوك، ترجمه: ابولقاسم فنـایی، بوسـتان کتـاب، ١٣٨٧.
٦٨ـ روانشناسی اخلاق، درسگفتاری، استاد مصطفی ملکیان.
٦٩ـ سایتی دکتۆر عبدالکریم سروش، دەرسگوتارەکانی "سلوك دیندارانه در جهان جدید".

## سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆڵینەوەی فیکریی

سەنتەرێکی کوردستانیی ناحکومیی ناسیاسییە، گرنگیی دەدات بە توێژینەوە و تاوتوێکردنی پرسە هزرییە بنەڕەتییەکان بۆ دووبارە هێنانەگۆی دەق و تێکستە پیرۆزەکان و چۆنیەتی دابەزاندنی چەمکە مەعریفی و بەبایەخەکانی ئیسلام لە بوارە جیاوازەکانی سەردەمدا. لە سۆنگەی ئەوەوە کە هزر و بیری ڕەسەن و قووڵ بنچینەی تێگەیشتنی ڕاست و دروستە بۆ دەقەکانی قورئان و سوننەت و دەستەبەری لێکدانەوەی گونجاوە بۆیان.

سەنتەر هەوڵی ڕەخساندنی کەشوهەوای گونجاو دەدات بۆ کارابوونی عەقڵ و بیر و ڕانانی هزریی، لەم پێناوەدا سەنتەر هەردوو سەرچاوەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی بەرز و بەڕێز بە بەکارهێنانی ئامرازی زانستە ئیسلامییەکان و زانستەکۆمەڵایەتی و سروشتییەکان دەکاتە بنەمای کارەکانی.

**بوارەکانی کارکردن:**

- نووسین بە قەڵەمی خۆماڵیی نووسەرانی کورد و بیرمەندان.
- وەرگێڕان لە زمانە جیاوازەکانەوە بۆ زمانی کوردیی، لە پێناو دەوڵەمەندکردنی کلتووری کوردییدا.
- بەستنی کۆنگرەی زانستی و کۆڕ و سازدانی سیمینار لە لایەن خاوەن بیر و ئەکادیمیانە وە.
- خولی ڕاهێنان و وۆرکشۆپ لە لایەن کەسانی پسپۆڕ و خاوەن بڕوانامەی زانکۆییەوە.
- هاوکارییکردنی دامودەزگا و دامەزراوە ئەکادیمییەکان و زانکۆکان لە پێناو پەرەپێدانی ئاستی زانستیی.